دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

چوارشەممە ١٥ی خەرمانان ١٣٩١ _ ٥ی سێپتامبر ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٠ | نرخ: ١٥٠ تمەن

## ئەنجامدەرانی کومەڵکوژییەکەی قارنێ دادگایی بکرێن



لە بەیاننامەیەکدا فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژە ژێنۆساید لە کوردستان، داوادەکەن کە بەرپرسان و ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادگایی بکرێن.

فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی دژی ژێنوساید لەو بەیاننامەیەدا داوا دەکەن کە لە یادی٣٣ ساڵەی تاوانی قارنێ و سەرجەم کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرپرسان و ئەنجامدەرانی تاوانەکە دادگایی بکرێن.

لەو بەیاننامەیەدا هاتوە « ڕۆژی ١١ی خەرمانان ١٣٥٨ , هێزەکانی سوپای پاسداران لە نەغەدە و جەڵدیانەوە هیرش دەکەنە سەر گوندی دواوان, لەوی دووبرا شەهید دەکەن، لە کاتی گەڕانەوەیان دەست دەکەن بە کوشت و بڕی دانیشتوانی گوندی قارنی, لە ئەنجامدا نزیک بە ٧٠ کەسی ئەم گوندە لە منداڵ و پیر و ژن بە کۆمەڵ دەکوژن.

## حەشیمەتی کورد لە تورکیە گەیشتە ٢٣ میلیۆن کەس



ماڵپەڕی (نەتەوە) ی تورکی بڵاویکردەوە کە ڕێکخراوی ئاماری تورکیە ڕایگەیاندوە کە حەشیمەتی کورد لەو وڵاتەدا نزیکەی ٢٣ ملیۆن کەسە.

ئەم ماڵپەڕە بە پشت بەستن بە ئاماری سەرچاوەکانی ڕێکخراوی ئاماری تورکیە لە ڕاپۆرتێکی دا بڵاوی کردەوە کە٢٢ میلیۆن ٦٩١ هەزارو ٨٢٤ هاووڵاتی کورد لە تورکیە دەژین.

سەرچاوەکانی نزیک بە ڕێکخراوی ئاماری تورکیە ڕایانگەیاندوە کە ئەم ئامارەی هی سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ زایینیی یە بەڵام ئەوە بۆ یەکەم جارە کە بڵاو دەبێتەوە.

بە پێی ئەم ئامارە ٣٠ تا ٣٧٪ی حەشیمەتی وڵاتی تورکیە، کوردەکان پێکی دێنن. بە پێی دوایین ئامارگیرییەکان حەشیمەتی ئێستای تورکیە ٧٤ میلیۆن و ٧٠٠ هەزار کەسە.

### خالید عزیزی لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست دا:

# کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال پێویستە لە سەر کورد وەجواب بێن



حیزبی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە تریبوونی کۆبوونەوە گرنگەکانی دنیای بۆ داکۆکی لە پرسی کورد بە گشتیی و گەیاندنی هاواری زۆرلێکراویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە کار هێنا.

لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست دا، کە لە ڕۆژانی ئاگۆست تا ١ی سێپتامبر لە «کەیپ تاون»ی ئەفریقای باشوور بەڕێوەچوو، هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی حیزب، بەشدار بوو. لە ماوەی ٣ ڕۆژ کاری کۆنگرەدا، هەیئەتی حیزب چاوی بە دەیان دەستەی نوێنەرایەتی و کەسایەتیی سیاسیی لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان کەوت و باسی پرسی کورد و بە گشتی و بارودۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆ کردن. لەم کۆنگرەیەدا ڕێزدار خالید عەزیزی لە وتارێک دا وێڕای وەبیرهێنانەوەی پێوەندیی لە مێژینەی حیزبی دیموکرات و سوسیال ئەنتێرناسیونال، داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئەو ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانییە کرد لە سەر کورد وەجواب بێن.

دەقی وتارەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەروەها ڕاپۆرتی تایبەت بە بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بخوێنەوە.

## کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن بەبێ هیچ ڕێککەوتنێک لە سەر سووریە، کۆتایی پێ هات



ڕێورەسمی کۆتایی دانیشتنی ڕێبەرانی وڵاتە بێ لایەنەکان شەوی هەینی ١٠ی خەرمانان لە تاران بەڕێوەچوو.

لەم ڕێورەسمەدا، وڵاتی ڤێنزۆئێلا وەک خانەخوێی داهاتووی کۆبوونەوەی وڵاتانی ئەندامی بزووتنەوەی بێ لایەنەکان ناسێندرا و بەم شێوەیە هەتا ٣ ساڵی دیکە، ئێران سەرۆکایەتی ئەم بزووتنەوەی وەئەستۆ گرت.

بەپێی ڕاپۆرتەکان لە بەیاننامەی کۆتایی ئەم دانیشتنەدا کە لە ١١ بەنددا ڕێک خراوە، سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی وەک «بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشی جیهانی»، «داگیر کردنی زەوییەکانی فەلەستین»، «خۆ بواردن لە چاوپۆشی کردنی سیاسی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ»، «لە ناو بردنی چەکە ناوکییەکان»، «مافی وڵاتان لە کەڵک وەرگرتنی ئاشتی خوازانە لە وزەی ناوکی»، «بەرگری کردن لە هەڕەشە یان هێرش کردن بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکان» و هەروەها «بەرگری کردن لە جێبەجێ کرانی قانوون و گەمارۆ یەکلایەنەکان بە دژی وڵاتان» هەڵوێست گیراوە.

بەڵام بە پێچەوانەی وتەکانی پێشووی کاربەدەستانی ڕێژیمی تاران، لەم بەیاننامەیەدا هیچ ئاماژەیەک بە سووریە نەکراوە و ئەمە دەری دەخا کە ئەندامانی بزووتنەوەی بێ لایەنەکان پاش ئەم دوو ڕۆژە نەیانتوانیوە سەبارەت بەم مەسەلە ڕێک بکەون.

ئەم بێدەنگییەی بەیاننامەی کۆتایی دانیشتنی بێ لایەنەکان سەبارەت بە سووریە لە حاڵێکدایە کە چەند کاتژمێر پێشتر ، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتێکی پلەبەرزی سووریە لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا، داوای لێ کردبوون سەرکوتی ناڕازییان بە چەکی قورس ڕابگرن.

بان کی موون لە پەراوێزی کۆبوونەوەوی وڵاتانی بێ لایەن دا چاوی بە سەرۆک وەزیرو وەزیری دەرەوەی سووریە کەوت و پاش ئەم چاوپێکەوتنە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا پێداگرانە وتی: ئەوەی گرینگە کۆتایی هێنان بە توندوتیژییەکانە لە نێوان لایەنەکانی سووریە و حکوومەتی ئەم وڵاتە لەم بوارەدا زۆرترین بەرپرسایەتی لە ئەستۆیە.

## ١١ سیخوڕی ئێران لە تورکیە دەستبەسەر کران



ڕۆژنامەی «حورییەت»ی تورکیە لە ڕاپۆرتێکدا باس لە دەستبەسەر کرانی «٩ سیخوڕ» لە چەند عەمەلیاتی هاوکاتدا دەکا کە چوارشەممە ٨ی خەرمانان لە چەند شاری تورکیە ئەنجام درا، لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە یەکێک لەم سیخوڕانە خەڵکی ئێران بووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامەیە، یەکێک لەم سیخوڕانە بەناوی «یەعقوب ئاهەن خۆش» کە خەڵکی ئێرانە توانیویەتی پێش دەستبەسەر کران لە سنووری تورکیەوە بەرەو ئێران دەرباز بێ.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە کە گشت ئەم دەستبەسەرکراوانە کاریان بۆ وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەکرد. سەبارەت بە ناو و شوناسی ٩ کەسەی دیکە هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

جگە لەم کەسانە، وەزارەتی ئەمنیەتی نیشتمانی تورکیە بەم زووانە ٢ کەسی دیکەی بە ناوەکانی «شەهرام زەرغام کووهی» و «محەممەدڕەزا ئیسماعیلی پوور» ی دەستبەسەر کردوە. تاوانی ئەم دوو کەسەش کە هەرکامە و لە عەمەلیاتی جیا جیادا لە شاری «ئینغیر» دەستبەسەر کراون، سیخوڕی ڕاگەیەندراوە.

هەر بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەم دوو کەسە کە بە تاوانی وێنە هەڵگرتن لە شوێن و بینا ئیستراتێژیکەکانی تورکیە دەستبەسەر کراون، وتوویانە ئەم وێنانەیان کە زۆرتر لە بینا گەورەکانی پارێزگای ئینغیر هەڵگرتۆتەوە، بۆ شیرکەتێکی ئاسانسۆرسازی ئامادە کردووە.





دیداری هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان، لە کۆنگرەی ئەنتێرناسۆناسوسیالیست کەیپ تاون

روانینمان

## درەوشانەوەی حدک لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا و پەیامە واتادارەکەی

لەم چەند ساڵەی دوایی دا ژمارەیەک کۆبوونەوە، کۆنفرانس و کۆنگرەی گەورە لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و حیزب و ڕێکخراوە بیانییەکاندا پێک هاتوون کە ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کەم یا زۆر- تێیاندا بەشدار بوون. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لەندەن، ئەڵمان، واشینگتۆن، بروکسێل، ستۆکهۆڵم، کۆنگرەکانی لیبێرپارتی و حیزبی کاری بریتانیا بکەین. دوا نموونەش بیست وچوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە ئەفریقای باشوورە کە ڕۆژی١١ی خەرمانان (١ی سێپتامبر) کۆتایی پێ هات.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان، نەک هەر بۆ هەمووی ئەو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرانە لە ئاستی بەرزدا دا بانگهێشت کراوە، بەڵکوو یەک لەچالاکترین و دیارترین لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆبوونەوانەدا بووە ، بە جۆرێک کە لە هێندیکیان دا بە کردەوە ڕۆڵی وتەبێژ و نوێنەری ئەو لایەنانەشی کەوتۆتە سەر شان کە وێڕای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار بوون.

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، هێنانە بەرباسی ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم جۆرە شوێنانەدا و داکۆکی لە پرسی نەتەوەیی کورد و گەیاندنی دەنگی زۆرلێکراویی نەتەوەکەی لە پلەی یەکەمی گرنگی دابووە. بۆیە بە چاوی دۆست و هاوئەرک و هاوئامانج ڕوانیویەتە لایەنە بەشداربووەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک ڕقەبەر و، لە هاوفکری و هاودەنگی و هاوهەنگاوی لە گەڵیان درێغی نەکردوە. لەوەش کە هێندێک لایەنی دیکە دەرفەت و دەرەتانی بەشداربوونیان لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دا نەبووە، نەک خۆشحاڵ بەڵکوو بە داخ بووە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتوە کە ماڵاوایی لە کولتووری پاوانخوازی و خۆ بەتەوەرزانین کردوە، بڕوای بە فرەیی، جۆراوجۆری و پلۆرالیزم هەیە و باوەڕی وایە هێزێکی سیاسی کە بیهەوی هەر بە تەنیا لەم جۆرە شوێنانەدا ئامادە بی و چاوی دیتنی لایەنە هاوشێوەکانی خۆی لەواندا نەبێ، بچووک دەبێتەوە.

لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست لە کەیپتاون ( ئەفریقای باشوور)دا دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی کەم وێنە درەوشایەوە. چڵەپۆپەی ئەو درەوشانەوەیە وتارە بە ناوەرۆک ئینسانی، نەتەوەیی و سەردەمیانەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، ڕێزدار خالید عەزیزی بوو کە لە تریبوونی ئەم کۆنگرە جیهانییەوە و لە بەردەم سەرانی وڵاتان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سۆسیالیست و دیموکراتەکانی هەر پێنج وشکایی جیهاندا پێشکەشی کرد.

ل ٢

هەواڵو ڕاپۆرت



دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی لە کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیست
٣

یادکردنەوە



کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی د.سەعید لە بەهێز کردنی هێژموونیی حیزبی دێموکراتدا
٥

دیپلۆماتیک



کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن، شکستێک بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی
٦

سیاسی



هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ و شوێنەوارەکانی
٧

ئابووری



دەورلێدانی گەمارۆکان، ڕێیەکی کاریگەر بۆ نەجاتی ئابووریی ئێران؟
٩

## هەر دوو نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک لە شاری هەولێر کۆ بوونەوە

پێشنیوەڕۆی سێ شەممە، ٧ی خەرمانان، نوێنەری پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک(پە یە دە)، بەڕێز دوکتور حوسێن کۆچەر، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە شاری هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان کردو لە لایەن بەڕێز برایم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا هەر دوو نوێنەرایەتی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک لە ڕۆژاوای کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان باسیان لە پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو حیزب کردو سەبارەت بە چۆنیەتیی بەردەوامیی پێوەندییەکان و هاوکارییەکانیان لە گەڵ یەکتر بیروڕایان گۆڕیەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنەدا هەردوو لا لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی سووریەو رۆڵی کورد لە وڵاتە ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان کردو یەکریزی و هاودەنگیی هێزە کوردییەکانی



ڕۆژاوای کوردستانیان بە تایبەت لە وەها بارودۆخێک دا، بە گرینگ و پێویست وەسف کرد.

هەردوو نوێنەرایەتی( پە یە دە)و حیزبی دێموکراتی کوردستان پرژانە سەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکڕیزی و یەک هەلوێستیی حیزبەکانی ئەم بەشە لە خاکی کوردستانیان بە پێویست زانێ.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانی کرد

سەر لە ئێوارەی شەممە، ڕێکەوتی ٤ی خەرمانان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان برایم زێوەیی، عومەر شاداب و سیامەک وکیلی بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستان، سەردانی بارەگای ئەو بزووتنەوەیان کردو لە لایەن مام خدر ڕووسی یەوە پێشوازییان لێ کرا.

لەم چاوپێکەوتنەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی حەڤدەیەمین سالڕۆژی دامەزرانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانی لە هەیئەتی خانەخوێ کرد و هیوای خواست کە بزووتنەوەکەیان لە خزمەت کردن بە پرسی ڕەوا و عادلانەی کورد، بەردەوام و سەرکەوتوو بێ.

دواتر دوو لایەن پێکەوە لە سەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانیان پێیان داگرت و یەکریزی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستانیان بە پێویستییەکی ئەمڕۆیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی زانی.

## سمیناری «گۆڕانکارییەکانی سووریەو کاریگەرییان لە سەر ناوچەکە» لە لایەن کۆمیسیۆنی فێر کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێوەچوو



پێشنیوەڕۆی دووشەممە، ٦ی جۆزەردان، کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی «گۆڕانکارییەکانی سووریەو کاریگەرییان لە سەر ناوچەکە» بۆ بەڕێز حوسێن مەدەنی، نووسەرو تێکۆشەری دێرینی دێموکرات پێک هێنا.

لەم سمینارەدا بەڕێز مەدەنی بە تیشک خستنە سەر سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک ئامریکا، بریتانیا، ڕووسیەو چین و... لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆڵی هێزە ناوچەییەکانی وەک ئێران، تورکیە و عەرەبستانی سەعوودی و هەروەها هێزە لۆکاڵییەکانی وەک هەرێمی باشووری کوردستان، باسی لە داهاتووی وڵاتی سووریەو کاریگەرییەکانی کرد.

بەڕێز حوسێن مەدەنی بە پێچەوانەی زانیارییە میدیایی و ڕۆژانەکان، مانەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەدی تا ئێستا، بە پلانی ئامانجدارانەی ئامریکا زانی کە هێزە ناوچەییەکانی وەک عەرەبستانی سەعوودی و تورکیەش قازانجی خۆیان لەم ئامانجەی ئامریکا دابین دەکەن.

ناوبراو لە بەشیکی دیکەی سمینارەکەی دا چووە سەر مەسەلەی کورد لە سووریەو کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم وڵاتە لە سەر مەسەلەی کوردو پێی وابوو گۆڕانکارییەکان شوێنەواری ڕاستەوخۆ لە سەر پرسی کورد لە سووریە دادەنێن، بە مەرجێک کە کورد خۆی بتوانێ ناوماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا بەڕێز مەدەنی باسی لە ڕۆڵی ئێران لە ڕووداوەکانی سووریەدا کردو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە سووریە یەکێک لە پێگە هەرە ئەساسییەکانی ئێرانەو داهاتووی ئەم وڵاتە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنێ. هەر لەم پێوەندییەدا ناوبرا پێی وابوو ئێستا سووریە مەیدانی ململانێی دوو بەرەی ئامریکا و ڕۆژاوا و تورکیەو عەرەبستانی سعوودی لە لایەک و چین و ڕووسیەو ئێرانیش لە لایەکی دیکەیەو وتی: هاوسەنگیی هێزەکانی ئەم دوو بەرەیەیە کە دیاریی دەکا سووریە بەرەو کوێ دەچێ.

لە دوایین بەشی ئەم سمینارەدا ژمارەیەک لە بەشدارانی سمینارەکە بە خستە ڕووی راوبۆچوونەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ باسەکەی بەڕێز کاک حوسێن مەدەنی دا بەشداریی باسەکەیان کرد.

## لە ڕێوڕەسمێک دا لە ڕۆژئاوای کانادا یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات کوردستان کرایەوە

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢، لە شاری هامیلتۆن لە فێدریشن پارک، یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا. لەو یادە دا ژمارەیەک لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب و بنەماڵەکانیان کە لە چەند شاری ڕۆژهەڵاتی کاناداوە هاتبوون بەشدار بوون، بەرنامەیەکیان بەڕێوەبرد. سەرەتا دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز لێینان لە شەهیدانی ڕێی ئازادی راگەیاندرا. پاشان بەخێرهاتنی بەشداران و باسێکی کورت لەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٦٧ ساڵ خەبات و تێکۆشانی، لەلایەن هاوڕێ جەعفەر موقەددەم، بەرپرسی پێوەندیەکانی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کاناداوە پێشکەش کرا و دواتر کاک مەجید لە لایەن یەکتیی نیشتیمانی کوردستان، بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

لە درێژەی ئەو یادەدا، ڕێز لە ژمارەیەک تێکۆشەری دێموکرات گیرا و لەوحی ڕێزلێنان، کە لە لایەن بەشی



ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کاناداوە ئامادە کرابوو بە دەستی بەڕێز کاک عەبدوللا سەیدا، بەتەمەنترین ئەندام، پێشکەش بە تێکۆشەرانی دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا.

شایی و هەڵپەڕکێ بە هاوکاریی چەند لاوی دەنگ خۆش و موسیقا بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکە بوو.

## کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەندامی پارڵمانی کانادا کۆ بووەوە

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٨ ئاگوستی ٢٠١٢ زایینی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا پێکهاتوو لە بەڕێزان خەلیل ئەشکانی، بەرپرسی پێوەندیەکانی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا و ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزب، سەردانی بەڕێز «کینیدی ستیوارت»، ئەندامی پارڵمانی کانادا لە سەر لیستی حیزبی دێموکراتی نوێی کرد.

لەو چاوو پێکەوتنەدا لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە وردی زانیاری لە مەر پێشێل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و خەلکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و ئازار و ئەزێت و سەرکوت و زیندانی کردنی چالاکوانی سیاسی و مەدەنی ڕۆڵەکانی کورد لە لایەن کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێشکەش بە بەڕێز کینیدی ستیوارت کرا.

هەروەها لەو چاوپێکەوتنەدا لە لایەن کومیتەی حیزبەوە بۆ جارێکی دیکەش باس لە بارودۆخی نالەباری سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، محەممەد سەدیق کەبودوەندی کرایەوە.



لە بەشێکی تری ئەو چاو پێکەوتنە دا کۆمیتەی حیزب لە کانادا سەبارەت بە کەسیسی بەنابەرانی کورد لەم وڵاتە ڕەخنەی لە دەوڵەتی کانادا گرت لە وەک پێویستە بە دەم پەنابەرانەوە ناچن و کارەکانیان بۆ راناپەڕێنن.

لە بەرانبەر دا بەڕێز «کینیدی ستیوارت»، ئەندامی پارڵمانی کانادا، وێڕای پێشوازی لە هەیئەتی حیزب، بەڵێنی پێ دان کە داواکانیان دەگەیەنێتە گۆڕگانە پێوەندیدارەکانی وڵاتەکەی و بەدواداچونیان بۆ دەکا.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە باڵوێزی فەڕانسە لە هەولێر کرد

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ی خەرمانان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان؛ کەماڵ کەریمی و عومەر باڵەکی، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، برایم زێوەیی و خەدیجە مەعزوور، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و محەممەد حەسەنپوور تێکۆشەری دێرینی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە بەڕێز فریدریک تیسۆ، باڵوێزی فەرانسەی لە شاری هەولێر بەشدار بوون.

لەو مەراسمەدا جگە لە هەیئەتی حیزبێ دێموکراتی کوردستان دەیان کەسایەتیی حکوومەتی و سیاسی و ژمارەیەک لە کۆنسۆلەکانی وڵاتانی دەرەوە لە هەولێر بەشدار بوون.

لەم ڕێورەسمەدا جێگری سەرۆکی پارلمانی کوردستان، بەرپرسی بەشی پێوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر هەر کام بە جیا وتەیەکیان پێشکەش کردو لە وتەکانیاندا، ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی دوکتور تیسۆ هەم وەک پزیشکێک و هەم وەک دیپلۆماتێک لە پێناو یارمەتیدانی گەلی کورد لە ٣٠ ساڵی رابردوودا گرت. دواتر دوکتور تیسۆ چەند وتەیەکی پێشکەش کرد کە لەودا باسی چۆنیەتیی ئاشنابوونی بە مێژوو و خەبات و ژیانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە کردو بیرەوەرییەکانی خۆی لە ڕۆژە سەختەکانی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان گێرایەوە.

هەر لەم مەراسمەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە پێوەندی لە گەڵ چۆنیەتیی یارمەتیدانی ئەو پزیشکە فەرانسەییە و هاوڕێی ڕۆژانی سەختی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵدانی بۆ ناساندن و پشتگیری لە نەتەوەی کورد لەسەر تێکۆشانی پزیشکی خەباتکارو دیپلۆماتی تێکۆشەر تیسۆ بڵاوکرایەوە.

لەو ڕێورەسمەدا هاوڕێ خەدیجە مەعزووری ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە لایەن حیزبێ دێموکراتی کوردستانەوە



چەپکە گوڵێکی وەفاداری لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێشکەش بە پزیشک و پێشمەرگەی وەفادار دوکتور تیسۆ کرد.

بە دوای ئەم مەراسمەدا کە لە هۆڵی مامۆستا سەعد عەبدوڵلا لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر دەعوەتی ڕەسمیی سەرکۆنسۆلی فەرانسە لە هەولێر بەشدارییان لە ئێوارە خوانێک لە هوتێل دیوان دا کرد کە ژمارەیەک لە کونسوولەکان و نوێنەری حکوومەتی و دۆستانی تیسۆ لەوێ ئامادە بوون.

جێی خۆیەتی لەگەڵ دەستخۆشی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور تیسۆ، بوترێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەرگیز یادی ئەو ڕۆژانە لە بیر ناکەن کە دوکتور تیسۆ گوند بە گوند و ماڵ بە ماڵ و شاخ بە شاخ لەگەڵ پێشمەرکانی حیزبی دێموکراتدا دەگەڕا و ماندوویی و برسیەتیی دەچێشت تا لە چارەسەرکردنی ئەم نەخۆش و بریندارانەدا کە بە هۆی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستاندا لە هەموو یارمەتییەکی پزیشکی و دەرمانی بێبەش ببوون دەوری ئینسانیی خۆی بگێڕێ و ببێتە پێشمەرگەیەک کە مێژووی نەتەوەکەمان شانازی پێوە بکا.

## لە ئاڵمان ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٨/٢٥ ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب ڕێورەسمێکیان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆڵنی ئاڵمان پێک هێنا. ئاهەنگەکە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد. پاشان بە پاراستنی یەک خولەک بێدەنگی، ڕێز لە شەهیدانی گەل و نەتەوەکەمان گیرا.

پاشان وتاری کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان، لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە هاوڕێ سولتان گولاوی پێشکەش کرا.

ناوبراو لە قسەکانی دا ئاوڕێکی گشتیی لە مێژووی حیزب دایەوە و بە تایبەت باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە خەبات و کار و تێکۆشانی٦ ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرد. لەو ڕێوڕەسمە دا چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی ئامادە بوون و بەو بۆنەیەوە پەیامی پیرۆزباییان ئاراستەی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان کرد کە بریتی بوون لە:

١. پارتی دێموکراتی کوردستان
٢. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
٣. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



٤. پارتی ئازادیی کوردستان
٥. کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٦. ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە
٧. پارتی دێموکراتی کوردستان- باکوور

پێویست بە ئاماژەیە کە ناواخنی بەرنامەکە بە شێعر و هونراوەی شۆڕشگێرانە ڕازێندرایەوە. جێگەی باسە ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، لە وڵاتی ئاڵمان، لە نێو خۆشی و هەڵپەڕکێی بەشداران دا تا درەنگانی شەوی درێژەی کێشا.

## لە وڵاتی سوئێد ٦٧ ساڵەی یادی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرز راگیرا

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتە، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٠٨/٢٥ بەرانبەر بە ٤ی خەرمانانی ١٣٩١، لە شاری ستۆکهۆڵمی پێتەختی وڵاتی سوئێد یادی ٢٥ی گەلاویژ، ٦٧هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان بەرز راگرت.

بەرنامەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە یەکەم برگەی ئەم ڕێورەسمەدا وتارێک لە لایەن بەڕێز ئێقبال سەفەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتو چەند پرسی گرینگی هەنووکەیی، پێشکەش بە یادەکە کرا.

بەڕێزیان لەپێوەندی لە گەڵ مەسەلەی یەکریزی و یەکگرتوویی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی پێکەوە دانیشتن و لێک نزیک بوونەوەی هێزە کوردی‌یەکان روانگەو بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دووپات کردەوە و چەند ڕێگا چارەیەکی وەک پێشنیار بۆ دیالۆگی نێوان هێزە سیاسییەکان باس کرد.



دواتر پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە وڵاتی سوئێد لە لایەن خاتوو شوعلە قادری خوێندرایەوە. پاشان کاک برایم عەزیزی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە بۆنەی یادی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پێشکەش کرد.

لە یەکەم برگەی بەشی هونەریی ڕێورەسمەکەدا کیژۆلەی بەهرەمەند باوان کەریمی بە هاوکاریی هیوا گەردی هونەری خۆیان نواندو چەند گۆرانی‌یەکیان پێشکەش بە ئامادەبووانی یادی ٢٥ی گەلاوێژ کرد.

درێژەی

## دەرەوشانەوەی حدک لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا و پەیامە واتادارەکەی

ئەم درەوشانەوەیە، پەیامێکی زۆر ڕاشکاوی تێدایە بۆ ئەوانەی تا ئێستاش خەیاڵی لە پەراوێزخستن و هەڵاواردن و لە مەیدانوەدەرنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان هەیە. ئەم حیزبە، وەک بە کردەوە سەلماندوویە، پشتگوێخران و پەراویزکران هەڵناگرێ و لە مەیدان ناچێتە دەر. ئەگەر چی لە هەر سێ ئاستی کوردستانی، ئێرانی و جیهانی دا، ئەوەندەی کرا هەوڵی تەریکخستنەوەی درا، بەلام چونکە جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە، کۆسپ و بەربەستەکانی بەزاندوە و توانیویە لەم مەوقعییەتانە بۆ گەیاندنی دەنگی زۆرلێکراویی خەڵکی کوردستان و داکۆکی لە پرسی ڕەوای نەتەوەکەی ، سوود وەربگرێ و وەپێشیش بکەوێتەوە. بۆیە جێی خۆیەتی ئەوانەی چارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان ناوێ، ئەم پەیامە وەر بگرن و دەست لە دژایەتیی بێسوودی ئەم حیزبە هەڵ بگرن. بە دڵنیاییەوە دۆستایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پتر لە قازانجیانە تا دژایەتیکردنی، ئەگەر ئەوانیش ئەرک و پرسی نەتەوەیی لە بەرژەوەندی تەسکی ڕێکخراوەیی بە گەورەتر بزانن.

# دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# بەڕێز خالید عەزیزی لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیستدا



بەڕێز ئاغای جاکوب زووما، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و سەرکۆماری ئافریقای باشوور!

بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال!

بەڕێز لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال!

بەشدارانی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال!

بە شانازیی دەزانم کە ئەمڕۆ لە کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالدا لەگەڵ ئێوەم هەتا تیشک بخەمە سەر جووڵانەوەی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەر کردنی ئەو ئامانجانەی کە باوەڕەکانی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالیشن وەک دێمۆکراسیی جەماوەری، مافی مرۆڤ، لایەنە جۆراوجۆرەکانی یەکسانی وەک دادپەروەری، پشتگیری و گەشە پێدانی ئاشتی و بەرگری لە بایەخەکانی مرۆڤایەتی .

چاخی کولتوری نوێی هاوپێوەندی و بە نێونەتەوەیی بوون، پێویستی بە هاوکاری و پێوەندیی گەرم و گوڕتر لە نێوان ئێمە دا هەیە.

وەک ئاگادارن هەر ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای دامەزرانی هێندێک دێمۆکراسیی نوێ لەو ناوچە ستراتێژیکییەی دنیا دا، بە دەورانی ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتیدا تێپەر دەبێ. ئێمە بڕوامان وایە کە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال توانا و ئیمکانی ئەوەی هەیە و پێویستە کە دەورێکی بناغەیی تر لەم ناوچەیە دا بگێڕێ.

حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانی کورد، مێژوویەکی دوور و درێژی خۆشەویستی و پێوەندییان لەگەڵ سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا هەیە و لە هەمان کاتدا وەفادارن بە بەهاکانی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و زەمینە و توانای ئەوەیان هەیە کە هاوپەیمان و هاوکارێکی ئەمین بن بۆ S.I لە ناوچەدا.

کورد وەک نەتەوەیەکی وشیار، تێکەڵ لەگەڵ سیاسەت، ئۆرگانیزە کراو و چالاک ،فاکتۆرێکی بەهێزە بۆ گەشەپێدانی سەقامگیری، ئەمنییەت، ئاشتی، ئازادی و دێمۆکراسی نەک تەنیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بەڵکوو لە ڕادەی نێونەتەوەییش دا.

نوێنەرانی خەبات و تێکۆشانی کورد ماوەی چارەگە سەدەیەکە بەردەوام هەوڵیان داوە کە لە تریبونی سۆسیال ئەنتێرناسیۆناڵ بۆ بردنە سەری ڕادەی زانیاری لە بارەی نەتەوەی کورد و گواستەنەوەی ویست و داخوازەکانیان بۆ کۆر و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کەڵک وەربگرن.

من دڵنیام کە خاڵە بناغەییەکانی ویستی گەلی کورد لە ئێوە وەک بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال شاراوە نین.

کوردەکان بێگومان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیان کە وڵاتەکەیان دوو جار بە بێ ئێزن و ئاگاداریی خۆیان دابەش کراوە، جارێک لە ١٥١٤ و جارێکیش لە ڕەوتی کێشەکانی دوای شەڕی جیهانیی یەکەم دا.

کورد لە ئێران بە تایبەتی، سێ چارەگە سەدە مێژووی خەباتی ڕێکخراوەیی و بەربەرەکانی لە گەڵ پێشێلکرانی مافە بناغەییەکانی خۆی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوەی، هەیە.

حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام یاسا و ڕێسای نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بە زیندانی کردن، لێپرسینەوە و سزادانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد دەخاتەژێر پێ. لە ڕاستی دا زیاتر لە سێ دەیەیە پلان و بەرنامەی تایبەتی بۆ سەرکوتی چالاکانی کورد و کپ کردنی دەنگی کورد سەرپەرستیی کردوە و بەڕیوە بردوە.

لەو هەمووە نموونە بێ ئەژمارانەی ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی کورد و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕێگام بدەن باسی نموونەی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بکەم، کە هەر ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە و تەنیا بە تاوانی کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و پێوەندی گرتن بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بە ١٠ ساڵ زیندان حوکم دراوە، .

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە شێوەی سەرەکی گرینگی دەدا بە مەسەلەی چەکی ناوکی و حکومەتی ئێرانیش هەوڵ دەدا یاری بەو پێداگرییەوە بکا بۆ ئەوەی سەرپۆش بخاتە سەر پێشێلکردنی بنەرەتی و بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێراندا. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال پێویستە بە خەڵکی کوردستان و ئێران نیشان بدەن کە جەوهەری هاوکاری و سەردەمی نوێی بە نێونەتەوەیی بوون لەوە دایە کە دەنگی خۆیان هەڵبڕن و لە سەر کورد وەجواب بێن.

لەم ساتەدا کە لێرە ڕاوەستاوم، لە کۆنگرەی ٢٤ی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەشدارم و ئاوڕ لە مێژوو دەدەمەوە، مێژوویی تێکەڵاویمان(گەڵ ئەم ئۆرگانیزاسیۆنە) وەبیرم دێتەوە، کاتێک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نرخێکی یەکجار گەورەی دا بۆ بەشداری لە نۆزدەیەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال لە سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلێن. ئەو، ئامادە بوو وەک داکۆکیکارێکی وەفادار بە ئامانجەکانی سۆسیال دێموکراسی، گیانی خۆی لەو ڕێگایەدا بەخت بکا . تێرۆر کرانی ئەو سەرکردەیە لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال دا پێوەندییەکی قووڵی لە نێوان حیزبی ئێمە و سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆناڵ دا پێک هێنا.

من لە بیستەمین سالیادی تێرۆری جینایەتکارانەی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا لەسەر ئەم بڕوایەم کە تێرۆری ئەو لە ماوەی کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنال لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دا نەک تەنیا دژی ئازادی، دێموکراسی و مافە بناغەییەکانی مرۆڤ ، بەڵکو تەنانەت دژی پرەنسیپەکانی S.Iیش بووە. هەر بۆیە جێگای خۆیەتی هەمیشە لە لایەن ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیستەوە یادی بکرێتەوە.

زۆر سوپاس

# سمیناری «نەتەوەی ئێران لە نێوان واقع و خەیاڵ دا»
# لە وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو





ڕۆژی شەممە، ٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٢ لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند سمینارێک لە ژێر ناوی «ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەنیوان واقع و خەیالدا» بۆ بەڕێز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و یەکێک لە سیما دیارەکانی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهات.

سەرەتای ئەم سمینارە بە سرودی نەتەوایەتی ئەری رەقیب و دەقیقیک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

بەرێز بازیار سەرەتا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە خۆی لە کۆڕی گەرمی هاوڕێیان دا دەبینێتەوە.

روونیشی کردەوە کە ئەوەی لەم سمینارەدا باسی دەکا کورتەیەک لە تێزی ماستێرەکەی کە لە زانستگای سەلاحەدین پێشکەشی کردوە.

لە بەشێکی باسەکەیدا بەرێزی ئاماژەی بەوەدا کە بە دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و بلوکی رۆژهەڵات، جارێکی دیکە چەمکی ناسیۆنالیزم سەری هەڵدایەوە. ئەوەش بە پێچەوانەی بۆچوونی چەپەکان و مارکسیسم بوو کە پێی وابوو بە هۆی رەقابەت، بازار کەم ڕەنگ دەبێتەوە. بەڵام لە سێ دەیەی ئەم دواییەدا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و لە کێشە جۆراوجۆرەکان دا مۆرکی خۆی بە رووداوەکانەوە داوە. بە تایبەت لە هەر سێ وڵاتی ئێران. عێراق و تورکیە کە هەر سێ ئەو گرفتەیان هەیە بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە کێشەی ناسیونالیزم لە ئێران ئاڵۆزترە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانی دا وتی: ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە کورد لە عێراق یان تورکیە کوردە بەڵام لە ئێران ئێرانیە. ئەوەش مەوزوعی کوردی لەو وڵاتە ئاڵۆز کردوە.

بەڕێز بازیار لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی دا بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی ئێرانیی پێناسە کرد، بەرهەمی ناسیونالیزمی ئێرانی نەتەوەی ئێرانە کە شتیکی خەیاڵیە. تا پێش شۆرشی مەشرووتە ئێمە شتێکمان بەو ناوە نەبوو. لەو کاتە بەم لاوە بۆ یەکەم جار دەستەواژەی نەتەوەی ئێران خرایە ناو قانوونی ئێرانەوە. هەر لە قانوونی ئەساسیی مەشروتەش دا حاشا لە بوونی نەتەوەکانی ئێران کرا. کوردیش ئاستی تێگەیشتنەکەی بەو رادەیە نەبووە کە بەرەنگاری ئەو حاشالێکردنە بێتەوە و ئێمە هیچ جموجۆڵێک لەم بارەوە لە ناو کورد دا نابینین. دواتر لە سەردەمی رەزاشادا ئەوە پەرەی پێدرا. لە مەشرووتە دا لە دایک بوو، رووناکبیرەکان پەرەیان پێ دا و رەزا شا تیئوریزەی کرد و خستیە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەم کارەشی لە رێگای سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەوەکرد. ناسیونالیزمی ئێرانی پشتی بە نەتەوەی فارس، زمانی فارسی و ئایینی شیعە بەستووە و هیچ پرسێکی بە نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لەو وڵاتە نەکردوە و نەک هەر نادیموکراتیک بەڵکو بە زۆرەملیش بوو.

بەرێز بازیار لە برگەیەکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە، رەگەزی هاوبەش یەکێکی دیکە لەو خالانەیە کە ناسیونالیسە ئێرانیەکان باسی دەکەن و دەڵێن ئێمە هەموو ئارياييین. بەڵام نەتەوە هیچکات پشت بەوە نابەستێ کە نەتەوە خاوەنی یەک رەگەز بێ. زانست ئەوەی سەلماندوە کە ئێمە شتێکمان بە ناوی رەگەزی خاوێن نییە. بە درێژایی مێژوو قەوم و قەبیلەکان هێندە بە یەکەوە تێکەڵ بوون کە ناکری داکۆکی لە رەگەزێکی هاوبەش بکەی. ئارياييیەکان کە هاتنە ئێران هەم بۆخۆیان یەکدەست نەبوون و هەمیش لە شوینە جۆراوجۆرەکانی ئێران خەڵکی خۆجێی هەبوون و ئارياييیەکان لە گەڵ ئەوانە تێکەڵ بوون. دواتر یونانیەکان، عەرەبەکان، تورک، تاتار، مەغۆل و .. هاتوون و کەوابوو ئەو رەگەزە خاوێنەی کە ئیدیعای دەکەن، نەماوە. لە گەڵ ئەوەش دا دەکرێ یەک رەگەز بە سەر چەندین نەتەوەدا دابەش بن. نموونە روسەکان و دانیشتوانی زۆربەی وڵاتانی ئوروپای شەرقی سلاڤن بەڵام یەک نەتەوە نین.

بەرێز بازیار باسی لەوە کرد کە خالێکی دیکەی ناسیونالیزمی ئێران پێداگریانە لەسەر مێژووی هاوبەش و لەم بارەیە وتی کە لە دوای هێرشی عەرەبە موسوڵمانەکان، بۆ مەقتەعیکی کورت نەبێ، ئێمە هیچکات حکوومەتێکی یەکگرتوو و سەنترالمان نەبووە. زیاتر سیستمەکە سیستمیکی هۆزایەتی و عەشیرەتی بووە. رەنگە کورد لە زۆربەی شەڕ و رووداوەکان دا بەشدار بووبێ بەڵام کورد بە هیچ کام لە سەرکەوتن و تێکشکانەکانی ئەو وڵاتە دڵخۆش یان بەداخ نییە. بۆ وینە کورد لە رێککەوتنامەی ئەلجەزایر بەداخە بەڵام کام کورد لە رێککەوتننامەی گولستان و تورکمەنچای نارەحەتە کە ئێران بەشێک لە خاکەکەی لە دەست داوە.

کاک سمایل بازیار لە درێژەی بابەتەکەیدا هەڵوەستەیەکی لە سەر ناوی ئێران کردو گوتی لە کتێبی ئەوێستا دا بە جێی ناوی ئێران «ئۆویچ» هاتوە. دواتر سواوە و بۆتە ئێران. دواتر بۆ یەکەم جار و لەوێشدا بە سەدان جار، لە شانامەی فیردەوسی دا ناوی ئێران نووسراوە.پێش ئەوە لە هیچ سەنەدێک دا ناوی ئێران نەهاتوە. تەنانەت پادشا بە ناوبانگەکانی ئێران وەک کوورش و داریووش لە هیچ جێگایەک خۆیان بە ئێرانی نەناساندوە. دوای هاتنی ئیسلامیش هەردەم ئەو وڵاتە وەک ملک و مەملەکەتی عەجەم ناوی هاتوە و بە دەرمانیش ناوی ئێران نەهاتوە.

بەرێز بازیار لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەیدا چووە سەر دەستەواژەی «نەتەوەی ئێران» وتی کە بە پێی سەردەمی مۆدێرن هیچ ئەسلێک بە ناوی ئەم دەستەواژەوە بوون و مانای نیە.

کاک سمایل لە کۆتایی باسە کەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە، لە رابردوودا بەردەوام ئەوەمان دووپات کردۆتەوە کە ئێرانیبوون بە مانای فارس بوون نییە. یا کوتوومانە لە هەموو ئێرانیەک ئێرانیترین، با چی دیکە بەم سیاسەت و دروشمانە کارێک نەکەین ناسیونالیستی ئێرانی چەپڵەمان بۆ لێ بەدا.

دوا برگەی ئەم سمینارە لە دوو بەش پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە، پێشکەش کردنی سرودی ٢٥ی گەلاوێژ کە لەلایەن ئەندامانی یەکیەتی لاوانەوە پێشکێش کرا، پاشان بەرێز بازیار وڵامی پرسیاری بەشدارانی سمینارەکەی دایەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ باسەکەی بەرێزیاندا هێنابوویانە بەرباس دوای ٢ کات ژمێر سمینارەکە کۆتایی پێ هات.

# لە وڵاتی نۆرویژ ٦٧ ساڵ خەبات و
# خۆراگریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕێزی لێ گیرا






کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی بە بەشداریی سەدان کوردی دانیشتووی نۆرویژ لە ڕێورەسمێکی بەشکۆ دا یادی ٦٧ ساڵ خەباتو خۆراگریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فیداکاریی هەزاران کادرو پێشمەرگەو ئەندامی قارەمانو گیانبەخت کردووی دێمۆکرات.

سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەسپێکی ڕێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ بوو کە لەلایەن کۆری سروودی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا. پاشان بە خولەکێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ئازادیو سەرفیرازیی کوردستان، ڕێورەسمەکە دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕێورەسمی ڕێزکرتن لە ٦٧ ساڵ خەبات و خۆڕاگریی تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز کاک حەسەن ڕەستگار، سیمای ناسراو و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزبایی بە بۆنەی ٦٧ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش بە بەشدارانی ئەو یادە کرد.

بەڕێز ڕەستگار لە وتەکانی دا باسی لە بارودۆخی ئەمڕۆی مەسەلەی کورد کردو وتی، خەبات و قوربانی دانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان وای کردوە کە ئەمڕۆ مەسەلەی نەتەوەکەمان لە قۆناغی مافی مرۆڤ دەربچێت و بکەوێتە قۆناغێکی سیاسی یەوە.

بەڕێزی ئاورێکی لە ڕابردوو داوەو وتی، کەم بوون ئەو کەسانەی کە لە دوای تێکچوونی کۆماری سەربەرزی کوردستان لە مهاباد کە باوەڕیان وا بوو مەسەلەی کورد بگاتە ئەو ئاستە کە ئێستا لە بەشێکی کوردستانی خۆشەویستمان حکوومەتی هەرێم دامەزراوە و لە زۆر بارەوە لەو حکوومەتانەی کە بە سەربەخۆیی گەیشتوون لە پێشترە و هیواداریین لەوەش بەرەو پێشتر بچێت، و هەروەها لە باکووری کوردستان لە دوای ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەی کە لە نەتەوەکەمان کرا، خەباتێکی بەرین هاتۆتە ئاراوە کە حکوومەتی تورکیەی ناچار کردۆە دان بەو ڕاستیە دا بنێ کە کورد نەتەوەیەکە لە تورکیە و ئەو مەسەلەیە دەبێت چارەسەر بکرێت. بەڕێز ڕەستگار بە گەشبینییەوە ڕوانیە پێگەی کورد لە ڕۆژاوای سووریەو وتی بە خۆشییەوە کورد توانیویەتی ڕۆڵی کارا لە گۆڕانەکانی سووریەدا بگێڕێ.

ناوبراو لە دوابەشی وتەکانی دا ئاماژەی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو وتی، هەموومان دەزانین کە لەو بەشەی کوردستاندا خەباتێکی بێ وچان لە ئارادایە، ئەو کەسانەی پێیان وایە کە خەباتی ئەو پارچەیە کز و لاواز بووە بە بڕوای من هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

ڕێزدار ڕەستگار لە درێژەی قسەکانی دا وتی، کیانێکی کوردی خەون نیە، بەڵکو ئارەزووش نیە، ئەوە واقعێکە کە نەتەوەکەمان لە هەر بەشێکی کوردستاندا پێی دەگا، بەڵام ڕێگایەکی ئەستەمە کە دەبێ بنەماڵەی کورد یەک بگرێت کە ئێمە لەو بارەوە زۆر لاوازین و دەبێ ئەو بۆشایە پڕ بکرێتەوە، چوونکە ئەوە لە زۆر بارەوە زەرەری لێداوین، بەڵام لە ئامانجە گەورەکاندا هەموو گەلی کورد یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ڕزگاریی گەلی کوردە.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا لە لایەن بەڕێز دلێر خورشیدی، ئەندامی بەڕێوەبەری کۆمیتە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ پەیامی پیرۆزبایی خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا، پەیامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو مەحبووب ڕەحیمی بەرپرسی ئەو یەکیەتییە خوێندرایەوە.

پێویست بە ئاماژە پێدانە کە ناو ئاخنی ئەم ڕێورەسمە بە گۆڕانی و سروودی دڵرفێن و هونەرنواندنی گرووپی هەڵپەڕکیی کوڕان و کچانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رازێندرابوەوەو لە کۆتایی ئەم ڕێورەسمەدا هونەرمەندان؛ ئارەزوو عومەرزادە، سەید حەسەن کۆساری، ڕۆنی و فەرهاد ئالانی بە گۆرانی شادی و خۆسییان خستە دڵی بەشداربووانەوە.

# پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد



ڕۆژی هەینی ١٠ی خەرمانان مام حوسێنی مەلا برایم، خەڵکی گوندی تووژەڵی ناوچەی بڵفەتی سەردەشت و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاتژمێر ٣ ی ئێوارێ بە هۆی نەخوشیەکی کوتوپڕ کۆچی دوایی کرد.

مام حوسێن لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی خەڵکی ڕاپەریوی سەردەشت و بە دژی ڕێژیمی شا لە خۆ پێشاندانەکاندا بەشداری کرد.

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دەسپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان و کردنەوەی بنکە و بارگاکانی حیزب لە شار و گوندەکانی کوردستان، مام حوسێن چەکی پێشمەرگایەتیی کردەشان و لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە هێزی موعینیی ئەو کات دا دەستی بە تێکۆشان کرد.

کە خومەینی دەستووری جیهادی بۆ سەر کوردستان دەرکرد و هێزە سەرکوتکەرەکان هێرشیان کردە سەر خەڵکی کوردستان، مام حوسێن لێبڕاوانە بەرانبەر بە داگێر کەران وەستایەوە و لە شەرەکانی جادەی سەردەشت بۆ بانە و سەردەشت بۆ پیرانشار و سەردەشت بۆ مەهاباد بەرانبەر بە هێزەکانی دوژمن ئازایەتی و دڵسۆزیی خۆی بۆ نیشتمان و خەڵکەکەی نیشان دا.

مام حوسێن پیاوێکی بە ئیمان و ئازا و چاو نەترس بوو کە قەت سەری بۆ دوژمن نەوی نەکرد و بێ ترس لە مردن بەرەنگاری هیزەکانی دوژمن ودەبۆوە. ناوبراو لە نێو ریزەکانی حێزب دا کەسێک خۆشەویست بوو کە هەموو کادر و پێشمەرگەکان رێزیان لێ دەگرت و بە برا گەورەی خۆیان دەزانی.

بە داخەوە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٠ی خەرمانان بە هۆی نەخۆشییەوە دڵە پڕ لە سۆزەکەی مام حوسێن لە لێدان کەوت و دوایین مالاوایی لە هاوسەر و منداڵە خۆشەویستەکانی کرد و لە نێو ئاپۆڕای هاوڕێیانی دێموکراتی دا لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کورستان ئەسبەردەی خاک کرا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مام حوسێنی مەلا برایم، وێڕای دەربڕینی داخ و کەسەری خۆی لەم پێوەندییەدا، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس و کارو هەروەها هاوسەنگەرانی دەکات. رۆحی شادو بەو هیوایە کە ئامانجە بەرزەکانی وەدی بێن.

# بەڕێوەچوونی بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست لە کەیپ تاون



رۆژی یەکەمی کاری کۆنگرە

لە ژێر درووشمی «بۆ کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتیی نوێ و بۆ نوێکردنەوەی کلتوری یەکگرتوویی»، کاتژمێری ١٠ی سەرلەبەیانیی ٣٠ی ئاگوستی ٢٠١٢ لە «کەیپ تاون»ی ئەفریقای باشوور ٢٤مین کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بە بەشداریی ئەحزابی سۆسیال دیموکرات لە سەرانسەری دنیا دەستی بەکارەکانی کرد.

لە سەر بانگهێشتی رەسمیی رێکخراوی ئەنترناسیونال سۆسیالیست هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەڕێزان: مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی یەکەمی حیزب لەدەرەوەی وڵات، گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەولوود سوارە، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون.

سەرلەبەیانیی کاتژمێری ١٠و ٤٥ دەقیقە کۆنگرە بە وتەکانی سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، بەڕێز جۆرج پاپاندرێۆ دەستی پێکرد. ناوبراو داوای دەقیقەیەک بێدەنگی کرد بۆ یادی نوێنەرێکی وڵاتی غەنا کە قەرار بوو بەشداری کۆنگرە بێت بەڵام پێش هاتنی کۆچی دوایی کرد.

پاشان پەیامی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا جاکوب زوما، لە لایەن بەڕێز گالما مۆتلانتێ، جێگری سەرۆکی کۆماری ئەفریقای باشوور و جێگری سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا خوێندرایەوە کە تێیدا وێڕای بەخێر هێنانی بەشداران، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ کۆنگرە خواست.

لە کاتێک دا کە لوئیس ئەیالا سکرتێری گشتیی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەی گرتبووە ئەستۆ، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال، جۆرج پاپاندرۆ لە نوتقی کردنەوەی کۆنگرەدا، لە سەر گرفتەکانی سەردەم و پێویستیی یەکگرتوویی بە شێوەی نوێ لە نێوان خەڵکی دنیا بۆ ڕاست کردنەوەی هەموو ئەو بڕیارە نادروستانە کە جیهانی تووشی ئەو هەموو کێشە و قەیران کردوە، دوا. ناوبرا وتی بۆ گەشەکردنێکی تەندروست و بەردەوام دەبێ شێوەی بیرکردنەوە و بڕیاردان بگۆڕێ و بە یەکەوە بڕیار بدەین نەک تەنیا بە قازانجی خاوەن هێز و سەرمایە بڕیار بدەن. یەکگرتووییمان لە سەر بنەمای یەکسانیی هەموومان بێ و بۆ ڕاوەستان لە دژی ئەو شەپۆلە تازەیەی خۆ بەزل زانی و خۆسەپاندنە، با بە یەکەوە خەبات بکەین.

تەوەری قەیرانی ئابووری و چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو وەزعە لە لایەن چەند کەس لە بەشداربووانەوە باسی لە سەر کرا.

شایانی ئاماژە پێدانە کە لە پەراوێزی بەرنامەکانی کۆنگرە، حیزبە کوردییەکان بەشدار لە کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکیان بۆ باس لە سەر چۆنیەتیی چالاک کردنی گرووپی کاری کوردان لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال پێک هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەک دیاری کرا بۆ ئامادە کردنی گەڵاڵەیەکی پێشنیاری بە ناوی هەموو حیزبە کوردستانییەکانی بەشدار لە کۆنگرە سۆسیالیستی ئەنتێرناسیۆنال.

لە پاش نیوەڕۆی کاری کۆنگرە، جۆرج پاپاندریۆ وەک تەنیا پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە، دەنگی متمانەی پێ درایەوە. پاشان بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی (ئێس ئای)، هەرکام لە بەڕێزان لوئیس ئەیالا و مونا سالین کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە کاندید کردبوو لە سەر بەرنامەکانی خۆیان قسەیان کرد. دواتر ئەوانەی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی جیهان خۆیان پاڵاوتبوو، بۆ ناساندنی خۆیان چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

لە پەراوێزی ئەو بەشە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەدا، هەیئەتی حیزب چاوی بە بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتوانان و هەیئەتی حیزبەکان کەوت کە دەکرێ لە ناویاندا ئاماژە بە بەڕێزان جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال و هەردوو کاندیدی پۆستی سکرتێری گشتی ئەو ڕێکخراوە خاتوو مۆنا سالین و لوئیس ئەیالا بکرێ.

جێی ئاماژەیە لەو دیدارانەدا کتێبی ڕەحمانی کوردان کە لە سەر ژیان و خەبات و شێوەی شەهید کرانی دوکتور قاسملو ڕێبەری حیزب نووسراوە، لە لایەن بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەشی بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتییە دیارەکانی بەشداری ئەم کۆنگرەیە کرا.

پێویست بە وتنە کە لە کێبەرکێی نێوان مۆنا سالینی سوئێدی و لوئیس ئەیالای شیلیایی، لوئیس ئەیالا بۆ جارێکی دیکەش وەک سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست هەڵبژێردرایەوە.

### دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرە

کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٢ زایینی ، بەڕێز جۆرج پاپاندرۆ کارەکانی دووهەمین ڕۆژی کۆبوونەوەوکەی ڕاگەیاند و داوای لە بەڕێز جاکۆب زۆما، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا، کە هاوکات سەرۆک کۆماری ئەفریقای باشووریشە کرد وتارەکەی سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ قەیرانی ئابووری لە جیهاندا پێشکەش بکات.

زۆما لە درێژەی قسەکانی دا وتی: سۆسیال ئەنترناسیونال بۆ من سیمبولی جووڵانەوەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئازادیخوازی و یەکگرتووییە. ئەو پێی وابوو بۆ چارەسەری قەیرانەکانی دنیای ئەمرۆ پێویستە دەنگی بێبەشان و بێ دەوڵەتان بەشێک بێ لەو خەباتە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکە قسەکانی دا وتی: بەداخەوە تا ئێستا ئەو دەوڵەتانەی بڕیاردەر بوون، دەوڵەتانی دەوڵەمەندن. ئێستا بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە پێویستیمان بە یەکگرتووییەکی تازەی نێو نەتەوەیی هەیە. بەڕێز زۆما پێی وا بوو مادام هەژاری لە دونیا دیاردەیەکی ژنانەیە چوونکە ٢ لە سەر سێی هەژارانی جیهان لە ژنان پێک دێن، بۆیە پێویستە خەبات بۆ بنە بڕ کردنی هەژاری لە جیهاندا بە ژنانە بکرێ. بە واتایەک پێداگری لە سەر بە هێز کردنی ژنان خاڵێکی سەرەکییە بۆ خەبات بە دژی هەژاری. خاڵێکی دیکەی گرینگ کە لە باسەکانی زوما دا ئاماژەی پێ کرا، بە فەرمی ناسینی کاری بێ مووچە و نارەسمیی بوو کە ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو دیاردەیە بەرچا دەکەوێ.

زۆر حیزبی بەشدار لە کۆنگرە لە باسەکاندا چالاکانە بەشدارییان کرد و لە دژی قەیرانی ئابووری و وەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی کە هەموان خۆی تێدا ببیننەوە پێداگریان کردەوە.

یەکێکی دیکە لە وتەبێژانی پانێلی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەڕێز مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە تیشکی خستە سەر گرووپی کاری کوردان و بەشداریی کوردان لە سۆسیال ئەنتێرناسیۆناڵ دا.

جێگای ئاماژەیە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکانە لە سەر دیتنی هەیئەتەکانی جیهان و گەیاندنی دەنگی چەوساوەیی خەڵکی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشدار لە کۆنگرەدا بەردەوام بوون.

ئەو کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوانەی کە لە ڕۆژی دووهەمی کۆنگرە دا هەیئەتی حیزب دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ اد پێک هێنان بریتی بوون لە بەڕێزان:

جاکۆب زۆما، سەرۆکی ئافریقای باشوور و سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقای باشوور و پێشکەش کردنی کتێبی ڕەحمانی کوردان بەو بەرێزە و گەیاندنی پەیامی کوردان بۆ جەباتی گەڵی ئافریقا،

مۆنا سالێن بەرپرسی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سۆئێد

سێخولان رۆویال، سەرۆکی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە

زیتا گورمای، سەرۆکی ژنانی سۆسیالیست لە پارلمانی ئوروپا

ئێنکە ئێنکێجارگاڵ، جێگری سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان بۆ ئاسیا

تانیس ئەیاکۆ لە سەر لیستی سۆسیال دیموکراتی وڵاتی ژاپۆن

تسۆگتباتار دامدین لە حیزبی گەلی مۆنگۆلیا

سوک باتاریان باتبۆلد، سەرۆکی حیزبی گەلی مەغولستان و سەرۆک وەزیرانی مەغولستان

بەرێز ساتافرای چاتور ڤیدی، سکرتێری کۆنگرەی نەتەوەیی هیندوستان

قازی عیسا موسا، سەرۆکی مافی مرۆڤی کورد لە ئافریقای باشوور

باربارا بێرگێر، نوێنەری ژنانی پارتی سۆسیال دێمۆکراتی سوئیس (ئێس پێ)

ئالیس وێر تامپسن، ڕێکخەری نێونەتەوەیی کێنیا

لە سەرجەم دیدارەکاندا کتێبی «ڕەحمانی کوردان» کە تایبەتە بە ژیان و بەسەر هات و چۆنیەتی تێرۆی شەهید دوکتوور قاسملوو لە گەڵ ڕاپۆرتی کۆمیتەی مافی مرۆڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هەوەها نامیلکەیەک لە سەر مێژووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێشکەش بەو کەس و لایەنانە کرا.





### سێهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرە

شەممە ی سپتامبر (١١ی خەرمانان) رۆژی سێهەم و کۆتایی ٢٤مین کۆنگرەی ئینترناسیونالی سۆسیالیست بوو.

لە سەرەتای دەسپێکی کاری سێهەمین رۆژی کۆنگرەدا لە لایەن بەرێز لویس ئەیالا، سکرتێری ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست وێڕای بەخێرهێنانەوەی بەشداربووان، داوای لەبەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد لەم بەشە لە کاری کۆنگرەدا وتەکانی پێشکەش بکا.

جێی ئاماژە پێدانە کە لە ریزی وتارەکانی سێهەمین رۆژی کۆنگرەدا سێ وتار لە لایەن نوێنەرانی گەلی کورد لە پارچەکانی رۆژهەڵات، باشوور و باکووری کوردستان پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشیتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە باشوور کوردستان بەرێز مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێری یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان

لەباکوری کوردستان، بەرێز گولتەن کەساناک، هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی (پ د پ)

## دوای کۆتایی هاتنی کارەکانی کۆنگرەی ئەنترناسیونال سۆسیالیست، بەشدارانی کۆنگرە لە ئێوارە خوانێک دا لە دەوری یەک کۆ بوونەوە

ئێوارەی ١ی سێپتامبەری٢٠١٢ بەشدارانی ٢٤مین کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتێرناسیونال، بە میوانداریی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشوور لە هوتێل «وێستین» لە کەیپ تاونی پایتەخت لە دوری یەک کۆ بوونەوە.

لەم ئێوارەخوانەدا بەشداران بە لەبەرکردنی جل و بەرگی نەتەوەیی خۆیان هەوڵی بە یەک ناساندنی کلتووری نەتەوەکانیان بە یەکتر دەدا.

لەم کۆبوونەوە دا بۆ ساتێک دوور لە سیاسەت، بەشداران بە گوێ ڕاگرتن لە موزیک و جار جاریش هەڵپەرکێ و سەمای جیاوازی نەتەوەکان، ساتێکی خۆشیان لە گەڵ یەکتر بردە سەر.

## بیستەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە وڵاتی ئافریقا بەڕێوە چوو

بیستەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنالی ژنان کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، دوێنێ دووشەممە، ڕێکەوتی ٦ی خەرمانان بە بەشداریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە «کەیپ تاون» لە ئافریقای باشوور دەستی بە کارەکانی کرد.

یەکەم ڕۆژی بیستەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنالی ژنان بە قسەکانی «پیا لۆکاتێلل»، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان کە بە بەرپرسایەتییەکەی خەریکە تەواو دەبێ، دەستی پێکرد.

بەرێزیان وێرای بەخێر هێنانی بەشداران لە سەر کارنامەی ئەو ٩ ساڵە کە ئەو سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بووە دوا و باسی ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ماوەیەی کرد و شانازیی بەوە کرد کە لە دروست کردنی ئەو مێژوویەدا دەوری هەبووە.

پاشان پەیامی بەخێرهێنانی بەشدارانی کۆنگرە لە لایەن حیزبی خانەخوێ واتە سەرۆکی دەستەی ژنانی کۆنگرەی ئافریقا و وەزیری پەروەردەی سەرەتایی لە ئافریقای باشوور ئانجی موتشێکگا خوێندرایەوەو پاشان «مارلێن هاس»، سکرتێری گشتیی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان، لە سەر سێ تەوەری پەرەسەندنی ئابووری و کارتێکەریی لە سەر ژنان، مافی ژن سەبارەت بە مەسەلەی دووگیانی و بەرگری کردن و هەروەها لە سەر مەسەلەی بەهاری عەرەبی دوا.

لە سەر بابەتی هاوکاری و یەکگرتوویی بۆ بنەبڕ کردنی هەژاری و نەداری «سی سی سی تۆلاشە»، جێگری سەرۆکی دەستەی ژنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئافریقا و «نۆژە شیکرونی» لە حیزبی یەکیەتیی سۆسیالیست و هێزی خەڵکی واتە یو ئێس ئێف پی و وەزیری پێشووی ژنان لە مەراکێش قسەیان کرد.

لەو بەشەدا کە باسی ژنان و ئیسلامییەکان هاتە گۆرێ. بەڕێز گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بە نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ژنان ئاماژەی بە وەزعی ژنان لە ئێران کرد و باسی بێبەشکرانی کچانی خوێندکار لە هەڵبژاردنی زۆر رشتەی زانستی لە زانستگاکانی ئێران کرد و هەروەها دەستوری ڕێبەری دینی ئێرانی بۆ ٢ بەرابەر کردنی حەشیمەتی ئێران و حەزفی هەموو بودجەکانی بەرگری کردن لە دووگیانی و نەبوونی دەرتانی منداڵ لەباربردن و ئەو بەڵایانە کە لە سایەی سەری ئیسلامی سیاسی لە ئێران بە سەر ژنان دێ، بۆ کۆنگرەشی کردەوە.



تەوەری باسەکانی دانیشتنەکانی دوانیوەرۆی بیستەمین کۆنگرەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بوو کە وەک یەکەم کەس «لیزا کریستۆفێرسۆن» لە حیزبی کاری نۆرویژ و ئەندام پارلمان لە نۆرویژ قسەی کرد. مێژووی ئەو ڕێگایە کە ژنانی نۆروێژی تێپەریان کردوە و دابەشکردنی باسەکەی بە سێ بەشی ناوچەیی، نەتەوەیی و نێودەولەتی تەنیا لە چوارچیوەی نۆروێژدا نەماوە و باسی ئەو دەرسانەی کرد کە دەکرێ لە نمونەی نۆروێژ وەربگیری کە ڕێژەی ژنانی نوێنەر لە پیاوان زۆرترە بەڵام ئەوە تەنیا گەرانتی نەبووە بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان.

پاشان «ئیستێر لیوانۆن مۆردۆک»، لە لیژنەی یەکسانیی رەگەزیی حیزبی مێرێتزی ئیسرائیل کە سەردەمێک بۆخۆی سەرۆکی سۆسیال ئەنتێر ناسیۆنال بووە، قسەی کرد و وتی کە ئەو هەمیشە دژی شەر و دژی داگیر کەری بووە و هەمیشە لەو بارەوە دەنگی خۆی هەڵبریوە و قەت بێدەنگی هەڵنەبژاردووە. ناوبراو وتی دەوڵەتانی ئێمە پێشبرکێی موشەک و توانای نیزامی دەکەن و کەس لە بیری مەسەلەی ژناندا نییە.

لەو بەشەدا هەموو ئامادەبووان بە چالاکانە بەشداری باسەکەیان کرد و خاڵی گرینگ خرانە ڕوو. مەسەلەی گرینگی نەدان و بە جیددی وەرنەگرتنی مەسەلەی ژنان تەنانەت لە لایەن سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالەوە، لە لایەن گوڵاڵە شەرەفکەندی ئاماژەی پێکرا و پێویستیی بە دەور گێرانی ژنێک لە سەرۆکایەتیی سۆسیالیست ئەنتێرناسیۆنال ئێستا کە کۆنگرەیە و هەڵبژاردن دەکرێ و هەروەها تەرخان کردنی بەشێک لە کۆبوونەوەکانی سۆسیال نتێرناسیۆنال بۆ مەسەلەی ژنان پێشنیاری ناوبراو بوو کە «مۆنا سالین» لە وەڵام دا بەڵێنی دا ئەگەر وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرێ ئەو کارە دەکا.

## بەشداری هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی سوسیالیستی گەل و حیزبی چەپی دانمارک

ناوەندی هەواڵ- دانمارک: ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٩ لە سەر بانگهیشتی فەرمیی حیزبی ئێن هیدس لیستە، هەیئەتیکی ٥ کەسیی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەیەکیان کرد کە هەر دووک حیزبی سوسیالیستی گەلی دانمارک و حیزبی ئێن هیدس لیستە لە ناوەندی شاری ئالبۆرگ ڕیکیان خستبوو. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە گۆرانیی»دەبێ هە موو فکر و ڕەنگەکان یەکتر قەبووڵ بکەن» دەستی پێکرد. پاشان نوێنەری هەر دوو حیزب لە سەر وەزعی دانمارک قسەیان بۆ بەشداران کرد. ڕێکخەرانی ئەو کۆبوونەوەیە لە بەشێکی قسەکانیان دا ئاوڕێکیان لە وەزعی پەنابەرانی ئەو وڵاتە دایەوە و داوای کرانەوەی زیاتریان بە مەبەستی بەئامانج گەیشتنی پەنابەران کرد، چونکە مەبەستی پەنابەران لە هاتن بۆ ئەو وڵاتە گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و خۆشترە.

لە میانەی کۆبوونەوەکە دا بەڕیزان عومەر شێخەنژاد و نەبەز مستەفاپوور لەگەڵ خاتوو یووهانە سمیت نیلسن سکرتیری حیزبی ئێن هیدس لیست لە سەر وەزعی ئێران و کوردستان قسەیان کرد کە بووە هۆی زیاتر تێگەشتنی خاتوو یووهانە لە دۆخی کوردانی ڕۆژهەڵات.

شایانی گوتنە کە هەر دوو حیزب لە حکوومەت دا بەشدارن و بڕیار و پەسند کراوەکانیان کارتێکەری باشی دەبێت لە سەر باشتر بوونی دۆخی پەنابەران لەو وڵاتە دا.



## کۆبوونەوەی کوردەکان دانیشتووی ئۆریگێن لە ڕۆژئاوای ئەمریکا

ناوەندی هەواڵ- ئامریکا: ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی ئاگۆست ی ٢٠١٢، لەسەر داوای کۆمیتەی حدک لە ئۆریگێنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ژمارەیەک لە کوردەکانی ئەو ویلایەتە بۆ دیدا نوێکردنەوە و باس و ڕاوێژ سەبارەت بە دۆخی گەلی کورد لە «رۆستێر پاری» کۆ بوونەوە.

بەڕێزحەسەن حاتەمی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوو دەیەی ڕابردوو، بە تایبەتی ئاڵوگۆڕەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو، لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و باکووری ئەفەیقا بۆ ئامادەبووان دوا.

برگەی دوایی بۆ پرسیار و وڵامی ئامادە بووان تەرخان کرا کە لەو بەشەش دا ئامادە بووان زۆر چالاکانە بەشداریان کرد و بە پرسیاری بە جێ و گونجاو کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

هەر هەمان ڕۆژ و پێش پێکهاتنی کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ کوردانی ناوچەی ئۆریگێن، کاتژمێر١١ی پێشنیوەرۆ بەکاتی ئۆریگێن، بەرێز حەسەن حاتەمی وتووێژێکی ڕاستەوخۆی لە ڕێگەی تەلەفوونەوە لەگەڵ رادیۆ «کەی، بی، ئۆ، ئۆ»، بە زمانی فارسی ئەنجام دا کە لەو وتووێژە دا حاتەمی سەبارەت بە ڕووداوەکانی سووریە و دانیشینەکانی وڵاتانی بێ لایەن لە تاران بە وردی قسەی کرد و وڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



### بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی شەهید کردنی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

# کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی د.سەعید لە بەهێز کردنی هێژموونیی حیزبی دێموکراتدا

ئەبووبەکرقەدیکورد

لە هەر شۆرش و ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیدا خەبات بۆ ئازادی و دابین کردنی مافە ئینسانی و نیشتمانیەکان لە هەر وڵاتێک دا کە دەستی پێکراوە ، بێگومان کەسانی بە توانا و لێهاتوو شانیان داوەتە بەر و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل و نیشتمان جێ پەنجەیان دیارە. لە ناو جووڵانەوەی رەوا و حەقخوازانەی گەلی کوردیش دا کەسانی ئازا و هەڵکەوتوو وزانا زۆر هەبوون کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئامانجەکانی گەل و جێگیر کردنی بنەماکانی ئازادی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتیدا تەرخان کردوە و بێ پسانەوە خەباتیان کردوە و تەنانەت لەو ڕێگا پیرۆزە دا گیانی خۆشیان سەر بەرزانە بەخت کردوە.

ڕێبەر و کەسایەتیی هەڵکەوتوو و دیاری نێو جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرز و بەرچاو ی سیاسی ، کۆمەلایەتی ونیشتمانی، ئەخلاقی، ئینسانی و خاوەنی زانست وزانیاری ... هتد بوو کاک دوکتور سادقی شەرفکەندی ناسراو بە د. سەعیدە کە نموونەی ئەو جۆرەکەسایەتیانە زۆر کەمن و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەگمەنن. لێردا بە کورتی ئیشارە بە هەندێک لەو توانا و تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرە و کاریگەریان لە سەر جووڵانەوە بەگشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی دەکەم.

کاک د. سەعید کە خوێندنی تاپلەی دوکتورای لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەواو کرد بوو لە بواری زانیاری و زانستەوە تا رادەیەکی باش توانا و شارەزایی هەبوو.ئەو هەر لە سەرەتاوە تێکۆشا بە نووسین و بە زمان بە شێوەیەکی باش لە سەر ئەرک و مافەکان بەر چاوروونی و وشیاری بەکادر و پێشمەگەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەلانی خەلک بگەیەنێ و تەنانەت پاڵپشتی فکری و زانیارییشی دەکردن.

کاک د. سەعید یەکێک لە بژاردەکانی ناو حیزبی دێموکرات بوو کە رۆڵێکی زۆری لە دەولەمەند کردنی ئەدبیاتی سیاسی و ئەخلاق لە سیاسەتدا و تیئۆریزە کردنی سیاسەتەکانی حیزب و بەرگریکردن و چەسپاندنی ئوسوول و پرینسیپەکان دەکرد و لە گەل هەموو کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب و دەوروبەری راستگۆ وشەفاف بوو. ئەو پێیوابوو سیاست دەبێ ئەخلاقی لە گەل بێت، دەنا دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆری دەبات. هەر ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی بوو کە سەخت دیفاعی لە مافی چارەنووسی گەلی کورد و دەسەڵاتی نیشتمانی و گەلی دەکرد. هەر بەو جۆرەش لە دەرەوەی تەشکیلاتی حیزبیش دا باوەڕی وابوو، دەبێ سیستمی سیاسی و حکوومەتی پلۆرال بێت ، دەنا سەختە دێموکراسی جێبکەوێت و دادپەروەری لە کۆمەڵگا دا رۆڵی هەبێت.

کاک د. سەعید کەسایەتیەکی زۆر باوەر بە خۆ، رازی بە ژیانی پێشمەرگایەتی بوو و لە هەر بارو دۆخێکدا سەربەخۆ و قورس و قایم لە سەر پێی خۆی رادەوەستا. هیچ کات ماديات و مەسئولییەتی بەلاوەگرینگ نەبوو، بەر دەوام کاری دەکرد و قەناعەتی زۆر بوو. سادە وساکار دەژیا و دژی خۆپەرەستی ، گەندەڵی ، تەنبەڵی و تەشریفاتی بێ جێ بوو. ئەو باوەرێکی قووڵی بە ئامانجەکانی حیزب و گەلی کورد هەبوو، بۆیەش هیچ دژواری و سەختیەکی ژیان و بارودۆخ، نەک هەر هەنگاویئەویان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بۆ سەر کەوتنی جووڵانەوە وگەیشتن بە ئامانجەکان شلنەدەکرد، بەلکوو ڕۆژبە ڕۆژ دڵگەرمتر و سوورتر و بە هیوای زیاترەوە وبە ئەزموونوتوانای ورەبەخشانەترەوە خەباتی دەکرد.کاک د. سەعید خاوەنی راو بۆچوونێکی بەهیز وتایبەت بوو، لە سەر بریارەکان و بریاردان، لە رادەربرین لە سەر هەر پرۆژەو بابەتێک زۆر جیدی و شارەزا و لێهاتوو بوو. بە لێکدانەوەی دروست و شیکاریی جوان هەڵوێستەی لەسەر دەکردن و بە بەڵگە وفاکت و وێنە هێنانەوە رۆڵی سەرەکیی دەگێرا.

کاک د.سەعید سەرکردەیەکی شۆرشگێر ، هەڵسوور ، چالاک وماندوویی نەناس بوو، بەردوام کاری دەکرد وبەشی هەرە زۆری کاتەکانی بۆ نووسین ، پێراگەیشتن بە کار و بەجێ گەیاندنی بریارەکان و هەماهەنگی ،ئاگاداری وەزعی ئۆرگانەکانی حیزب و خوێندنەوە تەرخان کردبوو، کاتی بە فیرۆ نەدەدا. کەسایەتێکی بیر تیژ ، دەقیق و وردبین بوو. بۆ هەر پرۆژە و تاکتیک و شتە گرینگ و ستراتیژیەکان وکاری رۆژانەی حیزب و جوڵانەوە و لە تێروانینی دوور و نیزێک دا بە شێوەیەکی دروست وزانایانە روانگەو بۆچوونی خۆی دەر دەبریکە لەو بوارەشدا لە سەفی هەرە پێشەوە بوو.

کاک د. سەعید رێبەرێکی ناوگۆرەپانی خەبات وجووڵانەوەی گەلی کورد بوو کە لە رادەبەدەر عاشقی گەل و گەلدۆست بە مانای واقعیی وشە بوو. بە تەواوی رێزی لە کەسایەتی و مافەکانی ئینسانبە تاک و بەکۆمەڵ دەگرت و باوەرێکی قوولی بە پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی مافی ئینسانی هەبوو و نرخی بۆدادەنان وبۆ چەسپاندن و جێگیرکردنیان خەباتی بۆ دەکردن. لە سەر شێوە و چۆنیەتیی هەڵس وکەوتی کادر و پێشمەرگە لە گەل خەلک دایم پرسیاری دەکرد. ئەو دەیکوت: «نابێ بێ حورمەتی بە کەسایەتیی خەلک بکرێ، لە بەر ئەوەلە خۆشەویستیی حیزب و پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا کەم دەبێتەوە. لە لایەکی دیکە ئەگەر رێز لە کەسایەتی و مافی خەڵک نەگیرێ ، ئەوە ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی و ئینسانی پێشێل کراوە. خەباتی ئێمە خەبات بۆ ئازادییە،خەبات بۆیەکسانی وئازادیی ماف و حوقووقی ئینسانیە.»

کاک د. سەعید لە ئیدارە کردنی ئۆرگانەکانی حیزبی و هەماهەنگی و دانی رێنوێنیو لێپرسینەوە ، کۆنترۆڵ ومودیرییەتدا زۆر شارەزا و بەهێز وچالاک بوو. ئەو هەر چەند لە یەک یا دووئۆرگانی حیزبی دا بەرپرسایەتیی راستەوخۆی لەسەر شان بوو، بەڵام لە هەمان کات دا لە پەنا ئەو ئەرکانەی دا ئاگایی لە ئۆرگانەکان و بەشەکانی دیکەی حیزب هەبووو لێیان غافل نەبوو. مەسئولانە و دڵسۆزانە هەرگیروگرفت یا پێویستیەکیان بوایە بۆی جێ بە جێ دەکردن. ئەو لە گەل ئەوەی لێو بە بزە و زار بە پێکەنین بوو لە کار و مودیریەت دا زۆر جیدی وکاتناس وبە بڕشت بوو. رۆل و نەخشی کاک د. سەعید لە چالاک و ئاکتیو بوونی ئۆرگانەکان و کارو پرۆژە و پێوەندییەکانی حیزب دیار و بەرچاو بوو.



کاک د.سەعید کەسایەتییەکی فەرهەنگی و مامۆستایەکی شارەزا و پسپۆر بوو . کە لە سەرەتای هاتنەوەی بۆ کوردستان و بەشداریی راستە وخۆی لە جووڵانەوەدا لە بواری نووسینەوە بۆ زانیاریی زیاتری تەشکیلاتی حیزب و کۆمەلانی هەراوی کوردستان بە دوو زمانی کوردی وفارسی دەستی بە نووسین کرد و تواناکانی خۆی خستە گەڕ . یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دا بە ناوی «کورتە مێژووی جوڵانەوەکانی کورد لە سەدەی نوزدەوە تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی»نووسی کە هەر لە سەرەتای دەورەکان وکلاسە سیاسیەکاندا وەک دەرسی مێژوو لە دەورەکاندا دەکوترایەوە. کاک سەعید لە نووسیندا توانایەکی باشی هەبوو، کە لە دوو دەزگای راگەیاندنی حیزب دێموکراتدا واتا رادیۆ دەنگی کوردستان و رۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی حیزب دا رۆڵێکی گرینگ و بەر چاوی هەبوو. زۆر وەستایانە نووسراوەکانی بە پێی هەلومەرجی جووڵانەوە و گونجاو لە گەل سەردەم بە ئارەستەیەکی باش دەنووسی، کە ئەرشیڤی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش بۆ ئەو گەنجینە و بەرهەمە زێرینەکانی ئەون.

کاکد.سەعید دیپلۆماتێکی لێزان و زیرەک بوو. شارەزاییەکی باشی لە کاری دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی و جیهان دا هەبوو. دوای تێرۆرکردنی کاک دوکتور قاسملووی نەمر بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوکتور شەرەفکەندی نەیهێشت سەنگ و قورسایی و رۆڵی حیزبی دێموکراتلە باری دیپلۆماسیدا لاواز بێت. ئەو، رۆڵی حیزبی دێموکراتی وەک لایەنێکی بە هێز و فشار لە سەر حکوومەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات زیاتر کرد و نەیهێشت جێی دوکتور قاسملوو چۆل بێت و بێ قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە دیار بێ. لە ڕێگای خەباتی دیپلۆماسیەوە زیاتر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و کردەوە دژە مرۆییانەکانی بە جیهانیان و کۆروکۆمەڵی نێودەوڵەتی ناساند و لەو کاناڵەوە زیاتر ریسوایی کردن. هەر بۆیەش کاتێک سەرانی کۆماریئیسلامیی ئێران دیتیان بە هۆی حیزبی دێموکراتەوە لە جاران زیاتر فشاری نێودەوڵەتیان لە سەرە و نەیان توانیوە رۆڵی حیزبی دێموکرات دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو لە سەر خۆیان کەم کەنەوە، لە پیلانگێرییەکی دیکە دا ریسوایی زیاتریان قەبوول کرد و بە دانی باجێکی قورس و زۆر بریاری تێرۆر کردنی کاک د.سەعیدیان دا. بەداخەوە بەم کردەوە دژی ئینسانیەو دوور لە هەر رەوەشت ،یاساو پرینسیپێکی نێودەوڵەتی لە ٢٠ ساڵ لە مەو بەر، واتا لە رۆژی ٢٦ ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە١٧ی سێپتامبەری ١٩٩٢ی زایینی تێکۆشەر و رێبەری هەڵکەوتو، کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری بەوەجی حیزبی دێموکرات و کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک هومایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی، خەباتکاری ئازادی ودۆستی حیزب بە ئەمری سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە رێستۆرانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان تێرۆر کران. سلاو لە گیانی کاک د. سەعید و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و دێموکراسی.

بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد.

لەگەل ریز

٢٠١٢/٨/٩

### قادر وریا لە راپۆرتێکی گۆڤاری «شەقام» لە پێوەندی لە گەڵ ڕێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێردا:

# لە نیوان ئەو رێککەوتنە و پێکهاتنی هاوکارییەکی گشتی لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا پێوەندییەک نابینم



رۆژنامەنووس ئەحمەدی سەفا، بە خستنەرووی بیر و رای چەند کەسایەتی سیاسی نێو حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و دوو چاودێرو شارەزا ،راپۆرتێکی لە پیوەندی لە گەڵ رێکەوتنی حدکا و کۆمەلەی شۆرشگێردا ئامادە کردوە کە لە ژمارە ٢٣٨گۆڤاری «شەقام» دا بلاو بۆتەوە. لێرە دا ، ولامەکانی قادر وریا بە پرسیارەکانی ئەحمەدی سەفا لەم پیوەندییە دا دەخرێتە بەر سەرنجتان:

ئەم ریککەتننامەیە ، تاچەند دەتوانی ببیتە بناغەی پیک هینانی هاوکاریکی گستی لە نیوان هیزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ پیک هینانی بەرەیەکی هەمە لایەنە؟

ولام:لە گەل ئەوەی هەر جۆرە رێککەوتن لە سەر ئەرک و ئامانجی هاوبەش و هاوکاری لە نیوان دوو یا چەند حیزب و رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە کاریکی باش دەزانم، پێم وایە ئەو رێککەوتنە دوو لایەنییە، رێککەوتنیکە تەنیا لە نێوان دوو لایەنی سیاسی و پێوەندییەکی بە هاوکاریی گشتی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانەوە نییە. ناشتوانم بڵێم رێخۆشکەردە بێ بۆ پێکهاتنی بەرەیەکی هەمە لایەنە. بەرەیەکی هەمەلایەنە یا گشتگیر لە هێز و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، هەر لە جیدا، پێکهینانی بە زەحمەتە. یەکێک لە هۆیە بنەرەتییەکانیشی، قبووڵنەکردن و داننەنانی چەند لایەنێک بە چەند لایەنێکی دیکە و خۆ بواردن لە پێکەوەکارکردن لە هەر چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ هاوکارییە. ئەم رێککەوتنەش،هەر لە سەرەتاوە بە جۆرێک کاری بۆ کراوە کە دوو لایەنە بێت و لایەنی دیکەی تێدا نەبن. بۆیە من لە نیوان ئەو رێککەوتنە و پێکهاتنی هاوکارییەکی گشتی لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا پێوەندییەک نابینم.

ئایا بنەماگشتیکانی ئەو رێککەوتننامەیە لەگەل هەلومەرجی ئیستای بزوتنەوەی کورد کۆکن ؟

ئەگەر چاو بە بەرنامە و پەسەندکراوەکان و دروشم و هەڵوێستی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دا بخشێنین(ئەوانەی لە ریزی ئۆپۆزیسیۆنی بەرئەنداز یا داواکاری رووخانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی دان)، زۆر خاڵی هاوبەش یا ئامانجی هاوبەش هەن کە دەکری بڵێم بەشێکی بەرچاو لەو ئامانجە هاوبەشانە لە رێککەوتننامەی ئەو دوو لایەنە دا رەنگیان داوەتەوە. بە بڕوای من کێشە و گرفتی سەرڕێی دروستبوونی هاوکارییەکی گشتگیر لە نێوان حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، نەدۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان، یا کەمیی شتە هاوبەشەکان نییە، بەڵکوو لاواز بوونی کولتووری پێکەوە کارکردن و وێکهەڵکردنە. هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی کورد ئەو یەکتر قبووڵکردن و بەیەکەوە کارکردنەی دەوێ و خەباتی هاوبەش و بە یەکەوەی بۆ مافە نەتەوەییەکان و لابردنی ستەم و زۆرداریی رێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی لە سەر خەڵکی کوردستانی دەوێ. هەر بۆیە ئێمە لە چەند ساڵی رابردوو دازۆرترین هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی زۆرترین کۆ دەنگی و هاوهەڵوێستی لە بەینی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێ .پێمان وابووە ئەگەر ئیمکانی هاوکاری و هاوپەیمانییەکی بەردەوامیش نەبێ ، جاروبار و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە نموونەی کۆدەنگی و یەکهەڵوێستی پێک بێ تا ببێتە سەرمایە و ئەزموون و تەمرین بۆ کاری هاوبەش لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا.

لەبەشی ئەرکەکان دا باس لە حەول بۆ لیک نزیککردنەوەی لایەنەکانی تر نەکراوە ، بۆ؟

دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە لای دوولایەنی ئەو رێککەوتنامەیە و ئەوە ئەوانن کە دەبێ وڵامی ئەو پرسیارەت بدەنەوە. بەڵام لە دەقی رێککەوتننامەکە لە بەشی ئەرکەکانی پێش رووخانی رێژیم دا خاڵێک هەیە کە دەڵێ ئەو دوو لایەنە « تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن و بۆ دیتنەوەی رێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی لابردنی کوسپەکانی سەر رێگای یەکریزی هەوڵ دەدەن.» دیارە دەبێ ببینین بە کردەوە چەندە بەو ئەرکە پابەند دەبن و بە راستی بە نۆرەی خۆیان چەندە مایە لە خۆیان دادەنێن بۆ دروستبوونی تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی. هەر ئەم چەند رۆژە کە ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتننامەیە لە میدیاکان دا دەنگی داوەتەوە، زۆر کەس ئەو پرسیارەیان خستووەتە ڕوو کە هێزێکی سیاسیی بۆ وێنە وەک حدکا ئەگەر ئامادەی قبووڵکردن و دانانان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبێ و نەیەوێ لە چوارچێوەی یەکگرتنێکی سیاسی و خەباتکارانەدا، پێکەوە کار بکەن، چۆن دەتوانێ کار بۆ تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی بکا؟ من لە بارەی ئەو خاڵە لە رێککەوتنەکە کە وەک ئەرکی ئێستا و پێش رووخانی رێژیم هێناویانە، نامەوێ هیچ پێشداوەرییەک بکەم. بەڵام ئەم خاڵە واتە چاو جۆری رووبەڕوو بوونەوەی لایەنەکانی ئەو رێککەوتنە لە گەڵ پرسی تەبایی و یەکڕیزیی نەتەوەیی دەتوانێ محەک بێ بۆ جیددیبوونیان.

قادر وریا لەبارەی رێککەوتننامەکەی کۆمەڵەی شۆرشگێر و حدکا بۆ خۆرنیوز دەدوێت

خۆرنیوز- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رێککەوتننامەیەکی هاوبەشیان بۆ هاوکاری نێوانیان ئیمزا کرد و بە پێی ئەو رێککەوتننامەیە، هەر دوو لا لە سەر ناساندنی کێشەکان و خواستەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەستەبەر کردنی پشتیوانیی سیاسی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئێران هەوڵەکانیان یەک دەخەن.

خۆر نیوز بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە پۆزەتیڤ و بێگەتیڤەکانی ئەم رێککەوتنامەیەی نێوان حدکا و کۆمەڵەی شۆرشگێر رای کەسایەتییە سیاسییەکان لە پارت و لایەنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان وەر دەگرێت و هەوڵ دەدا بە وردی تیشک بخاتە سەر ئاکامەکەی ئەو رێککەوتننامەیە لە ئیستا و داهاتوودا.

لە بەشی دووهەمی ئەم تەوەرەدا بەریز ”قادر وریا“ ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەمشێوەیە بۆ خۆرنیوز دوا و وتی:

”دوو یا چەند رێکخراوی سیاسیی بەشێکی کوردستان کە لە حاڵی خەبات بۆ مافەکانی

ل ٦

# کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن، شکستێک بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی



ن: مادح ئەحمەدی

**سەرەتا**

کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن هەفتەی رابردوو لە تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی بەرێوە چوو. ئەم کۆبوونەوەیەی وڵاتانی بێلایەن دوای سالانێک پاسیڤ بوونی ئەو بزووتنەوەیە، یەکەم کۆبووەیە. سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا لە لایەن وڵاتی میسرەوە دەکرا، کە ئەوەیش بە هۆی قەیرانی نێوخۆیی و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هات، نەیتوانی لەو سێ ساڵە کەڵک وەربگرێ. رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠١٢/٨/٣٠ محەمەد مورسی سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی وڵاتانی بێ لایەنی رادەستی ئێران کرد و بریارە تا ساڵی ٢٠١٥ کۆماری ئیسلامی سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکات. کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەنی لە تاران زۆر لا گرنگ بووەو مانۆرێکی زۆری پێوەدا، هەروەها وەک کودەتایەکی دیپلۆماتیک بەسەر رۆژئاوا باسی دەکات. بۆیە دەبێ بپرسین کە ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئێران توانیویەتی لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێت یا نا؟ بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە چەند لایەنەوە تیشک بخەینە سەر کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن و ئەنجامی کۆبوونەکە. بەم پێیە دەردەکەوێ کە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە چەند رووەوە شکستێک بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی:

**قەیرانی دەرەکی و نێوخۆیی**

لە کاتێکدا شازدەیەمین کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن لە تاران بەرێوە چوو کە کۆماری ئیسلامی هەم لە رووی دەرەکییەوە و هەم لە رووی ناوخۆیەوە لە قەیراندایەو قەیرانەکانیشی گرێدراوی یەکترین و کاریگەریان لە سەر یەک هەیە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا ناسەرکەوتوو بووە. هەروەها بەهۆی پێداگریی رێبەرانی ئەو وڵاتە لە سەر درێژەدان بە بەرنامەی ئەتۆمی، ئێران بەرەورووی چەند سزای نێودەوڵەتیی بووە و کەرتی وزەی کۆماری ئیسلامی کە بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئەو وڵاتەیە گەمارۆی خرایە سەر و لە ئامدا قەیرانێکی ئابووری دروست کرد کە رۆژانە کاریگەرییەکانی لە سەر ژیانی خەڵک هەست پێدەکرێ. لە ئاستی نێوخۆدا قەیرانی ئابووری هەتا دێ زیاتر قووڵ دەبێتەوەو رێگا چارە ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئەو وڵاتە نەیانتوانی پردێک بن بۆ پەڕینەوە رۆژانە تا دێت نرخی تمەن لە بەرابەر دۆلاردا دادەبەزێ و ئەمەش بۆتە هۆی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران کە لە قەیرانی مریشکدا چەند خۆپێشاندانی جەماوەریی لێکەوتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆداو لە پێکهاتەی خۆیدا تووشی قەیران و لێکترازان هاتوە و رۆژانە کێشەکانی نێوان پارلەمانی ئەو وڵاتەو دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد زیاتر قووڵ دەبنەوەو هەروەها کێشەی نێوان قۆڵی خامنەیی و لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد بە هەمان شێوە زیاتر دەبن.

لەم پێناوەدا کۆماری ئیسلامی ویستی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن جۆرێک بەکار بێنێت کە دەوری ئەو قەیرانانە لێبدا و گوشارەکە لەسەر خۆی کەمبکاتەوە. لەو روانگەوە کە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن دوای کۆبوونەوەی ساڵانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەورەترین کۆبوونەوەی وڵاتانە(کە تێدا ١٢٠ وڵات ئەندامن) کۆماری ئیسلامی پرۆپاگەندەیەکی زۆری بە باتەکەوە کردو تەنانەت بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی ئەوە نەدرایە میدیاکانی نێوخۆی رەخنە لە کۆبوونەوەکە بگرن و پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە رۆژنامەی «کەیهان» هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە کە نابێ رەخنە بگرن. سەرەڕای هەموو ئەم هەوڵانە نەگوشاری دەرەکی لەسەر کۆماری ئیسلامی کەمی کردوە، نە نرخی تمەن لە بەرابەری دۆلاردا بەرز بۆتەوە و نە ململانێی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات دیوێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتوە.

نارەزایەتی و ژیانی رۆژانەی خەڵکیش وەک خۆیەتی و گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە. بۆیە لەم لایەنەوە کۆماری ئیسلامی دەستکەوتێکی تۆمار نەکرد و کێشەکان وەک خۆیان بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتر دەچن.

**پێوەندیی نێوان قاهیرەو تاران**

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی کە دەیەویست لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن دا کەڵکی لێوەبگرێ و دژی وڵاتانی دیکە بەکاری بێنێت و لە نێو جیهانی عەرەبدا لە گوشارەکانی سەرخۆی کەمبکاتە، سەفەری «محەمەد مورسی» سەرکۆماری میسر بۆ تارانیان بوو کە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی یەکەم سەرکۆماری میسرە








کە سەردانی ئێران دەکات. لەو رووەوە کە میسر بە پایتەختی سیاسیی وڵاتانی عەرەبی ناسراوە، سەردانەکەی مورسی بۆ تاران بایەخێکی زۆری هەبووە و کۆماری ئیسلامییش دەیویست نان بەو بابەتەوە بخوات، بەڵام ئاکامی سەردانەکەی مورسی نە تەنیا پێچەوانەی مەبەستی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵکوو بە زەرەریشی بوو. پێش سەردانەکەی مورسی رۆژنامەی کەیهان و ژمارەیەک لە رۆژنامەکانی دیکە سەردانەکەی مورسی بۆ تارانیان وا لێکدەدایەوە کە ئەوا: ئیسراییل بەم سەردانە زۆر تووڕەیە، ئەم سەردانە دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان قاهیر و تاران گۆڕانی بەسەردا بێت، هەروەها کیسەشیان بۆ ئەوە هەڵدووری بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سوریا مورسی لەگەڵ هەڵویستی بەرپرسانی تاران کە پشتگیری کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەدە، دەمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی کۆماری ئیسلامی مورسی ئیزنی ئەوەی نەدا کە سەردانەکەی ببێتە ئیمتیازێک بۆ ئێران و وەک کارتێک لە بەرابەر رۆژئاواو ئیسراییلدا بەکاری بێنێت و لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا سیمایەکی دیکە بدات بە خۆی. هەروەها تا ئێستا مورسی هیچ باسی لەوە نەکردوە کە پلانێکی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ لە پێوەندی نێوان قاهیرە و تاراندا دروست بکات. ئەم بابەتە چەند جار لە لایەن میدیاکانی سەر بە دەسەڵات لە ئێران وروژێنراوەو هەموو جارێکیش لە لایەن نووسینگەی مورسییەوە رەت کراوەتەوە. هەروەها ئەوەی دواتر لە وەرگێرانی قسەکانی سەرکۆماری میسردا لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامییەوە روویدا ئەوەندی دیکە بووە هۆی ئاڵۆز بوونی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە. چونکە ئێران دوو بابەتی سەرەکی لە قسەکانی مورسی بە پێی سیاسەتەکانی خۆی گۆڕی. کە یەکەمیان مورسی لە قسەکانیدا پشتگیری لە خەباتی خەڵکی سوریا دەکات و دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامیش لە وەرگێڕانەکەیدا بە جێی سوریا «بەحرین»ی دانابوو. بۆ وێنە مورسی وتی: «خەڵکی فەلەستین و سوریا بۆ ئازادی، دادپەروەری و کەرامەت خەبات دەکەن»، بەڵام لە وەرگێڕانی فارسییەکەیدا تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامی ناوی بەحرەینی لە جێگەی سوریا دانا. هەروەها لە بەشێکی دیکەدا مورسی وتی: «ئێمە پشتیوانی لە خەڵکی سوریا دژی رێژیمی غەدر و سەرکوت دەکەین»، بەڵام تەلەڤیزیۆنی فەرمیی کۆماری ئیسلامی وای بڵاو کردەوە: «هیوامان وایە رێژیمی سوریا بە پشتیوانیی جەماوەرییەوە بمێنێت». دووهەمیان بەکارهێنانی «رابوونی ئیسلامی» لە جێی بەهاری عەرەبی بوو کە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا پشتگیری لە خەڵک دژی دەسەڵاتی ئێستای بەحرەین و پشگیریش لە دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد دژی خەڵکی نارازیی سوریا دەکرێت، هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبییش لە ماوەی دوو ساڵی رابردوو بە رابوونی ئیسلامی ناو دەبات نەک بەهاری عەرەبی. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوە نووسینگە مورسی روونکردنەوە بدات و دەقی قسەکانی مورسی وەک خۆی بڵاو بکاتەوەو میدیاکانی کۆماری ئیسلامی وەدرۆ بخاتەوە. هەروەها ئاڵۆزیی توندیشی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا دروست کردو تەنانەت بووە هۆی ئەوەش نەیارانی مورسی لەم بابەتەدا دژی ئێران پشتگیریی مورسی بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە وەزارەتی دەرەوەی بەحرەین دوای لە دەسەڵاتدارانی تاران کردوە کە دوای لێبووردن بکەن بەرامبەری بەوەی کە ناوی بەحرەینیان بە جێگەی سوریا داناوە. لێرەدا دەرکەوت کە مورسی لەگەڵ هەڵویستی تاران نییەو تاران لە پێوەندی لەگەڵ قەیرانی سوریا تەنیا مایەوە و ئەوەش کە روویدا رسوایییەکی گەورە بوو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران.

**قەیرانی سوریا**

زۆربەی لێکدانەوەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە مەسەلەی قەیرانی سوریا ببێتە خاڵێکی گرنگی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن و لە بەیاننامەی کۆتاییشدا ئاماژەی پێ بکرێت. ئەم لێکدانەوەش بەرهەمی ئەو هەوڵ و مانۆڕانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە ماوەیەکی زۆرە بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد خۆی پێوە سەرقاڵ کردوە. بە پێچەوانەی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو جەولانەی کە پێش کۆبوونەوەکە لە ناوچەکەدا ئەنجامیاندا، لە کۆبوونەوەکەدا زۆربەی وڵاتانی بەشدار لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پشتگیری لە خەڵکی نارازیی سوریا بکرێت. لە بەرامبەریشدا ئێران پێداگر بوو دەبێ پشتگیری لە مانەوەی ئەسەد بکرێ، بۆیە لە ئاکامدا لە سەر ئەوە رێککەوتن کە لە بەیاننامەی کۆتاییدا باسی سوریا نەکرێت. ئەمەش لە ئێستادا شکستێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و نا وتنێکی گەورە بوو بە رێبەری کۆماری ئیسلامی کە سوریا بە «هێڵی پێشەوەی بەرگری لە بەرابەر ئیسرائیل»دا دەزانێ. هاوکات ئەو پەیامەشی تێدا بوو کە چیدیکە سوریا ناتوانێ هێڵی پێشەوەی بەرگری بۆ دەسەڵاتدارانی تاران بێت و هەوڵی تاران بۆ راگرتنی ئەسەد لە دیمەشق بێ ئەنجامە.

**مافەکانی مرۆڤ**

دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ یەکێک لەو بابەتانە بوو کە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەندا باسی لێوە کراوەو لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەشدا لە خاڵێکدا ئاماژەی پێکراوە کە «نابێ لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تێبینیی سیاسی رەچاو بکرێت». ئەمەش بێگومان بە زەرەری کۆماری ئیسلامییە، چونکە ئەو لە روانگەیەکی ئەمنییەتی و سیاسییەوە چاو لە مافی مرۆڤ دەکاو هەر ئەم روانگەیە پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ساڵانی رابردوودا وەک وڵاتێکی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بناسرێت. لەم پێوەندییەدا «بان کی مۆن» سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ «عەلی خامنەیی» رێبەری کۆماری ئیسلامی، رەخنەی لە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گرت و هەروەها وتەکانی خامنەیی لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە وروژاندن و سووکایەتی لە قەڵەمدا. لە رۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی لووتکەی وڵاتانی بێ لایەندا ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی چەند پەیامی دژ بەیەک ئاراستەی یەکتری بکرێت. لە لایەک خامنەیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پاوانی زلهێزاندایەو رەخنەی لە بان کی مون و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گرت. لە بەرامبەریشدا دیسانەوە بان کی مون وڵامی خامنەیی دایەوەو رەخنەی لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گرت و هەروەها ئەو وڵاتەی بە نابەرپرسیار لە قەڵەم دا. ئەم بەریەک کەوتنانە بە قازانجی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران تەواو بوو و لە لایەن میدیا جیهانییەکانیشەوە بایەخی زۆر پێدرا. بۆیە لەم رووەشەوە سیاسەتی کومیتەی مافی مرۆڤی ئێران و وەزارەتی دەرەوە نەیانتوانی سەرکەتوو بن و وێنەیەکی دیکە لە دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەندا پێشکەش بکەن.

**دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران**

دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران کە لەمرۆدا سەرچاوەی زۆربەی ئەو قەیرانانەیە کە بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانیان گرتوە، یەکێک لەو بابەتانە بوو کە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن کەوتنە بەرباس و لە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لە چوارچێوەی «دانانن بە مافی وڵاتان بۆ کەڵک وەرگرتنی ئاشتیخوازانە لە وزەی ناوکی» باسی کراوە. کۆماری ئیسلامی مانۆرێکی زۆری لەسەر ئەم بابەتەدا و ئەمەی وەک دەستکەوتێکی گەورە لە قەڵەمدا، ئەویش بەو مانایە کە وڵاتانی بێلایەن رەوایەتیان داوە بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و ئەمەشیان وەک وڵامێکی بەهێز بۆ رۆژئاوا لەقەڵەمدا. بەپێچەوانەوە ئەوە خاڵە نە دەستکەوتەو نە رەواییدانە بە بەرنامەی ناوکیی ئێران. چونکە ئەوە کە وڵاتان مافی خۆیانە وزەی ناوکی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە بەکار بێنن، شتێکی تازە نییە تا دەستکەوت بێت و ئەمە پێشتر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە دانی پێدانراوە. هەروەها بەو بۆنەشەوە کە ئەوەی باس کراوە جیاوازە لە مەبەستی کۆماری ئیسلامی و ئامانجی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بۆیە ناچێتە ئەو خانەشەوە کە رەوایی درابێت بە بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە. گرنگتر، لەوە لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێراندا بێ متمانەیەکی قووڵ لە نێوان رۆژئاواو ئێراندا هەیە. ئەوەیش ئەوەیە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن مەبەستی پرۆژەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە ئاشتیخوازانەیەو بۆ بەرهەمهێنانی وزەیە، بەڵام لە بەرامبەردا رۆژئاوا متمانەی بەم دروشمەی ئێران نەکردووەو نیگەرانی ئەو بابەتەیەو بەردەوام رایانگەیاندوە کە هەموو بەربژێرێک بۆ رێگا گرتن لەوەی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رابگات دەگرنە بەر. بەم پێیە لە کاتێدا دەکرا بڵێین کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن بۆ ئێران لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتەدا دەستکەوتی هەبوو، کە ئەو کۆبوونەوەیە تۆزێک لەو بێ متمانەیی نێوان رۆژئاوا و ئێرانی کەمکردبایەتەوە.

**ئەنجام**

لە پێوەندی لەگەڵ کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلانەدا لە تاران، لە رۆژانی سەرەتاوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی رایانگەیاند کە کودەتایەکی دیپلۆماتیکیان بەسەر رۆژئاوادا کردوە. ئەمەش لە خۆیدا هەڵگری واتایەکی زۆرە، بەڵام ئەگەر سەیری ئاکامی کۆبوونەوەکە بکەین دەبینین کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بە مەبەستەکانی خۆی بگات و ئەو کودەتا دیپلۆماتیکەش کە دەیویست بۆی نەچووە سەر و لە چەند خاڵی سەرەکییدا سیاسەتی دەرەوەی ئێران دۆڕاو نەیتوانی ئەو گەمانە بباتەوە. قەیرانە دەرکی و نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی نێوان تاران و قاهیرە، قەیرانی سوریا، دۆسیەی مافەکانی مرۆڤ و دۆسیەی ئەتۆمی چەند بابەتی گرنگ بوون کە کۆماری ئیسلامی لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەندا لە ماڵی خۆی شکستیی تێدا خوارد. بۆیە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن نەیتوانی جگە لە حەرجی تەشریفات و مانۆڕەکانی، ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. هەروەها بەو پێیەش کە تا ساڵی ٢٠١٥ ئێران سەرۆکایەتیی وڵاتانی بێلایەن دەکات، ئەم بەرپرسایەتییە بۆ سیاسەتی ئێستای ئێران بە قازانج نییە، چونکە ئێران لەمەوبەدوا ناچارە هەندێ یاساو رێوشوێنی دیکە کە پێشتر رچاوی نەکردوە لە بەرچاو بگرێت. بۆیە ئەمە بەرپرسیاریەتییەش بۆ کۆماری ئیسلامی دروست دەکات و ئەم بەرپرسیاریەتیش لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ناتەبایە. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی ئەو بەرپرسیاریەتیانە لە بەرچاو دەگرێت یا نا وەک پێشوو درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی دەدات؟

دریژەی:

## قادر وریا لە راپۆرتێکی گۆڤاری «شەقام» لە پێوەندی لەگەڵ رێککەوتنی حدکا و کۆمەڵەی شۆڕشگێردا

نەتەوەکەیان دان و دوژمنی هاوبەشیان هەیە، ئەگەر لە سەر رێوشوێن و چوارچێوە و بناغەیەک بۆ هاوکاری لە گەڵ یەکتر رێک بکەون، کارێکی باشە. بێگومان پێکەوە هاوکاریکردن و هاوپەیمانی لە گەڵ یەکتر، باشترە لە دووری و ململانێی ناسالم لە گەڵ یەکتر و هیچ کەس ناتوانێ ئینکاری ئەم راستییە بکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم بارەیەوە درێغی نەکردوە ولە چەند ساڵی رابردوو دا هەوڵی داوە کە هاندەری پێوەندییەکی باش لە نێو حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بێ و کار بۆ دروستکردنی کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی لە نیوانیان دا بکا.“

سەبارەت بە رێککەوتننامەکەی نێوان کۆمەڵەی شۆرشگێری کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، قادر وریا وتی: ”لە پیوەندی لە گەڵ رێککەوتنی ئەو دوو لایەنەدا دەبێ بڵێم دیارە ماوەی چەند ساڵە بە کردەوە جۆرێک لە هاوکاری و هاوهەنگاوی و هاوهەڵوێستی لە نیوانیان دا هەیە و ئەو کارانەی قەرارە لەمەودوا لە چوارچێوەی رێککەوتننامە دوو قۆڵییەکەیان دا بیکەن، لە چەند ساڵی رابردووش دا کردوویانە. بەڵام وەک دەبینین، نەک هەر هاوکارییەکی بەرین بە بەشداریی لایەنەکانی دیکەی لێنەکەوتۆتەوە بەڵکوو جۆرێک خۆ جیاکردنەوە لە حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و یارمەتییەکیشی بە دروستبوونی کۆدەنگیی هەموو یا زۆربەی لایەنەکان نەکردوە.“

ئەو ئەندامەی دەفەتەری سیاسی حدک رایگەیاند: ”مەسەلەکە ئەوەیە ئەو دوو لایەنە ئەگەر نیازیان پێکهاتنی بەرەیەک بە بەشداریی هەموو یا زۆربەی هێز و رێکخراوە سیاسییەکان بوایە،رێککەوتنەکەیان نەدەکردە دوو قۆڵی و هەوڵیان دەدا حیزب و لایەنی دیکەش تێی دا بەشدار بن. هەتا ئەو کاتەی هەر یەک لەو دوو لایەنە، ئامادە نەبن هاورییانی پێشووی خۆیان کە ئێستا بە جیا لەوان خەریکی تێکۆشانن، قبووڵ بکەن و دان بە بوونیان دابنێن، یەکگرتن و هاوپەیمانەتییەکەشیان بە ناچارهەر خۆبەخۆ و دوو قۆڵی دەبێ. دیارە لایەنێک ئامادەی هاوکاری و هاوپەیمانی لە گەڵ هێزێک بە رابردوو و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشەوە نەبێ، زەحمەتە بتوانێ لە گەل حیزب و رێکخراوی دیکە بە رابردوو و بیرکردنەوەی جیاوازەوە هاوپەیمانی و کاری هاوبەش هەتاسەر بباتە پێش.“

ناوبراو وتیشی : ”بەو حاڵەش دەبێ ببینین ئەو دوو لایەنە وەک لە رێککەوتننامەکەشیان دا هاتوە ئەگەر بە راستی کۆدەنگی و هاوپەیمانی لە ئاستێکی بەرینتریان دا بەلاوە گرنگە و ”تەبایی و یەکڕیزی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران و پتەوکردنی هاوخەباتی لە نێوان هێزە سیاسییە کانی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن“ چ گۆڕانێک بە سەر هەڵویست و روانینەکانی تا ئێستای خۆیان دا دێنن؟ و بە نۆرەی خۆیان چەندە رێخۆشکەر دەبن بۆ ئەوەی کۆدەنگی وهاوپەیمانییەک لە ئاستێکی گەورەتر دا پێک بێ؟ ئەزموونی چەند ساڵی رابردوو دەری خستوە کە روانینی هێژموونیخوازانە و سیاسەتی لەپەراوێزخستن، هیچ یارمەتییەک بە پێکهێنانی بەرە یا هاوپەیمانییەکی گشتگیر ونەتەوەیی ناکا و بە پێچەوانە زیانی قەرەبوو نەکراویشی پێدەگەیەنێ.“

# هۆکارەکانی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ و شوێنەوارەکانی



ئارەش لۆڕستانی

و: تەها رەحیمی

ئێعدام و ئەشکەنجە لەو حکوومەتانەی کە خۆیان بە نوێنەری مەزهەب و یان خودا دەزانن، جینایەتی سیستمی دەسەڵاتدار پەرە پێ دەدەن و دەبنە هۆی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکان و لە کۆتایی دا رووخانی ئەو رێژیمەی، رووخانێک کە ئیدی گەڕانەوە بۆ ئەو حکوومەت ئایینییە محاڵ دەکا.

کۆماری ئیسلامی لە چوار قۆناخدا کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی قایم کرد. سەرەتا هاوکاری و هاوئاراستەیی لەگەڵ پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان تا قۆناخی گەیشتن بە دەسەڵات، دووەم کەڵکوەرگرتن لە پێشینەی ئایینی و ئاستی نزمی خوێندەواری و فەرهەنگیی خەڵک، کە لەم قۆناخەدا بە تۆمەت و کەش خوڵقێنی ئۆپۆزیسیۆنی بە دژی شۆڕش ناساند و ئەوانی لە مەیدانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دوور خستەوە، سێیەم کوشتن، ئەشکەنجە، زیندانی کردن و دوور خستنەوەی دژبەران، چوارەم تیرۆر کە بە واتایەکی دیکە سزای بان قانوونی پێدەوترێ.

ئەشکەنجە و ئێعدامی دژبەرانی رێژیم دەکەوێتە فازی سێیەمی پتەوکردنی بنەماکانی کۆماری ئیسلامی؛ کە ئاڵقەیەک بوو لە شێواز و لۆژیکی دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیکی دەسەڵاتدار کە دەبوو لە قۆناخێکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێ تا پرۆسەی سەقامگیری تەواو بێ. ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و دژبەران لە ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ کە خەرمانانی ساڵی ٦٧ ئەو چڵ و پۆپەی ئەم ئێعدامانە بوو نەک لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی سیستمەوە سەرچاوەی نەدەگرت بەڵکوو بەشێک بوو لە پیلانێکی لە پێشدا بەرنامە بۆ دارێژراو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە زۆر روون میتودی فیکری و هزری رەهای خومەینی و شوێنکەوتووانی دەردەخا کە بۆ حکوومەت کردن ئەم شێوازەیان بە شوناس و ئەرکی شەرعیی خۆیان دەزانی و ئەگەر مێژوو چەندین جار دووپات بێتەوە ئەم ئاڵقە نگریسە بەردەوام لە مێژوودا روو دەداتەوە.

براوەیی خومەینی وەک کاریزمای ئایینی کە خۆی پێ نوێنەری ئیمامی دوازدەیەمی شیعەکان دەزانێ و رەوابوونی دەسەڵاتەکە لە رێگەی سیغەی ویلایەتی فەقیهەوە بە خواوە دەبەستەوە، بناخە و بنەمایەکە کە لە ژیانی کۆماری ئیسلامی دا هەمیشە وەک گەورەترین فاکتەری یەکگرتوویی لایەنگرانی سیستم و گەورەترین کێشەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان خۆی دەرخستوە.

کۆماری ئیسلامی بە دروست کردنی دووبەرەی ئایین و کفر کەلێنی خستۆتە نێوان خەڵکی رەمەکی و دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو حوکمانەی دەردەچن بە دژایەتی خودا دەناسێنێ و بە شێواندن و لەرزۆک کردنی هزری کۆمەڵایەتی بواری بۆ درێژەپێدان و مانەوەی حکوومەتی ویلایەت فەقیهی خۆش کردوە.

کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧دا کە بە بیانووی ئۆپراسیۆنی «فروغ جاویدان»ی موجاهیدینی خەلق و لەق کردنی کۆڵەکەکانی حکوومەتی ئیسلامی و هەرەوەزی کفر لە بەرانبەر ئیسلام دا ئەنجام درا، بوو بە هۆی دەسپێشخەریی کۆماری ئیسلامی تا پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان تووشی قەیران بکا و پێگەی کۆمەڵایەتی و بوونیان لە نێو خەڵک دا دابەزێنێ. لەم نێوەدا تەنیا پارتە کوردستانییەکان کە خاوەن پاشخانی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی باشتر بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا باشتر بوون کە ئەم هێژمۆنییە رێژەییەی پارتە کوردییەکان بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی کوردستان بکا بە مەیدانی شەڕ، بەڵام پارتە کوردستانییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی خەڵکی و فەزای نەتەوەیی، درێژەیان بە چالاکیی خۆیان دا.

فازی سێیەمی پیلانی کۆماری ئیسلامی کە هەمەن کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لە هەلومەرجێکی هەستیار و ئاڵۆزی شەڕی هەشت ساڵەدا رووی دا، شەڕێک کە تەواوی خەڵکی ئێرانی تووشی قەیرانێکی جیددی کردبوو کە هێزە دژبەرەکانی سیستم و چالاکانی سیاسی بە کردەوە لە هەر هەنگاوێک دا دەبوو سەرەڕای پاراستنی بوونی خۆیان و نۆژەنکردنەوەی سترەکتوری رێکخراوەیی، کەشی شەڕ و حەساسییەتەکانی خەڵکی ئێران و تێچووە. گرانەکانی بەردەوامی خەبات لەبەر چاو بگرن. کوژرانی لاوانی ئێران لە شەڕی ٨ ساڵەدا، بەدیل گیران و برینداربوونی زۆرێک لە سەربازان لە بەرەکانی شەڕدا، ورە و روحیەی بنەماڵەی کوژراوان و برینداران و بەدیل گیراوان، ئابووریی لاوازی خەڵکی، نەبوونی هەلومەرجێکی لە باری پروپاگەندەیی و دەرفەتی زۆر سەرەتایی میدیایی و چاپەمەنی بۆ



پڕوپاگەندە و بڕەوپێدانی بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی و میدیایی زۆر بەهێز و پڕۆپاگەندەی بە بڕی رێژیم و کەڵکوەرگرتن لە ئیحساساتی مەزهەبی، ئەم فاکتەرانە بوون کە رەوشەکەیان بە هێژمۆنی کۆماری ئیسلامییەوە خستە فازێکی دیکەی سەقامگیرییەوە.

کوشتاری زیندانییە سیاسییەکانی ساڵەکانی ٦٥ تا ٦٨ بوو بە هۆی دووبەرەکی و لێک دوورکەوتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە سەر ئاستی ئێران و دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی ئامادەیی و کاریگەریی پارتە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات بڕەوپێدانی روحیەی ناسیۆنالیستییەکە، کە لە لایەن دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندییەوە جێ خرابوو، ئەو رێبەرانەی کە لە فازی چوارەم واتە تیرۆر کەوتنە بەر رق و کینەی رێژیمەوە و لەو کەسانە بوون کە شەهید کران.

لە فازی سێیەم و بەتایبەت کوشتاری زیندانییە سیاسییەکان لەساڵی ٦٧دا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی قەڵتوبڕ کرد بەڵکوو لە پەنای ئەودا لەگەڵ زۆربەی دژبەرە نێوخۆییەکانی خۆشی تەسفیە حیسابی کرد و دەستی کرد بە بەهێزکردن و یەکدەست کردنی بەدەنەی دەسەڵاتدار. نیزام، ئێعدام و ئەشکەنجەی کرد بە بەشێکی جیانەبۆوەی ئیدیۆلۆژی و میتۆدی حکوومەتداری خۆی و زۆربەی بودجەی وڵاتی بۆ راهێنانی هێزە سەرکوتکەرەکان تەرخان کرد. سیستمی قەزایی و جێبەجێکار بە پێی سڕینەوەی دژبەران و نەهێشتنی هەلومەرجی دژایەتی خۆی رێکخست و سێ هێزەکەی لە چوارچێوەی پاراستن و بەردەوامیی گوشاری کوشتن رێکخست. حەوزەی علمییە دەستی کرد بە داڕشتنی تیۆری و لێکدانەوەی ئیلاهییانەی ئەو حوکمانەی دەردەچوون و سیستمی پەروەردە و بەتایبەت زانکۆ کە دەبێ حاڵەتی پەروەردەیی زانستی و پراکتیکی بە ئاراستەی پێکهێنانی کۆمەڵگە بێ دەستی کرد بە پەرەپێدانی بیرورا و یۆتۆپیایی سیستمی ئیلاهی.

ساڵی ٦٧ ئەزموونێکی زۆر هەستیار و کارەساتبارە کە پێداچوونەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەتوانێ زۆربەی هەڵە و کێشەکانمان بۆ دەر بخا و دروستکردنی سەرچەشن بۆ چالاکیی لە بیاڤی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی بە پشت گوێ خستنی ئەم رووداوە مێژووییانە کە بە نرخی شەهیدبوونی هەزاران کەس لە ئۆپۆزیسیۆن بە دەست هاتووە، دەتوانێ خاڵی لێڵ و تەنانەت پاشڤەڕۆیی چالاکییەکان لە ئاراستەی گۆڕینی سیستم و رەخساندنی بوار بۆ دامەزراندنی دیموکراسی بێ.

ئەزموونی مێژوویی و سیاسیی نێونەتەوەیی بەروونی نیشانی داوە کە هەر رێژیمێکی نادیموکراتیک تا رادەیەک دەتوانێ داخوازی و پێداویستییە مودێرنە سیاسییەکان خەوشدار بکا و دوای تێپەڕینی کات و بەهێزبوونی حقووقی دێموکراتیکی خەڵک کە لە حاڵەتی ئیحساسی دەرچووە و بووەتە پێداویستییەکی دڵخواز و پێویست، دەسەڵات بە هۆی داخوازی و سووربوونی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و خەڵک، لە نێوخۆی و هێزەکانی دا تووشی کەلێن دەبێ و لەگەڵ درێژەی هاتنە ئارای داخوازییە دیموکراتیکەکانی خەڵک، حکوومەت زیاتر دەچێ لە کەوڵی ئیتلاعاتی و سەربازیی خۆیەوە و دەرفەتی ئەو پلانانەی پێشتر داڕشتبوون لێ دەبەسترێ. تەنانەت زۆربەی هاوفیکر و هاوپەیمانانی پێشووی دەبن بە هێزێک کە بە پێچەوانەی شووناس و دەسەڵاتی سیستم، هەڵوێست دەگرن.

لەم هەلومەرجەدا رێزگرتن لە فیداکاریی زیندانییەکان و شەهیدانی رێگەی ئازادی تەنیا کاتێک دەتوانێ کاریگەر بێ کە هۆکارەکانی بیچم گرتن و جێبەجێ بوونی ئەو رووداوانە لێک بدەینەوە و لە هەر رووداوێکی مێژوویی بۆ یەکگرتوویی و بەشداریی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و هاوهەنگاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێرانی کەڵک وەرگرین. ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆن و بەتایبەت پارت و رێکخراوە کوردییەکان کە لە کۆمەڵگەدا خاوەن پێگەیەکی پتەوتر و سەقامگیرترن نابێ بە ئیحساساتی تاک رەهەندی و پاوانخوازی بە لاڕێ دا بڕوا و بە ئامادەبوون لە نێو خەڵکدا و وەپێش خستنی رووخانی کۆماری ئیسلامی، بەشداری و هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بکەین بەلۆژیکی چالاکییەکانمان.

# ژنانە و پیاوانە کردنی زانست سووکایەتییە بە زانست و زانستگە

## کچانی ئێران مافی خوێندنیان لە ٧٧ رشتەی زانستگە دا نییە



کویستان فتوحی

گەڵاڵەی جیاکردنەوەی جنسییەتی لە زانستگەکان و دەرهاویشتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکانی زانستگە، پێشێلکردنی بێەملاوئەولای مافەکانی ژنانە و یەکێکە لە سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرەڕای نارەزایەتییەکان لە دژی قانوونە پڕلە هەڵاواردنەکانی خوێندن و خوێندنگەکان، هەموو ساڵێ لە کاتی بڵاوکردنەوەی فۆرمی کۆنکۆر، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئەمساڵیش سەرەڕای سەهمییەبەندییە جنسییەتییەکان دیسانیش ژنان لە نەفەراتە سەرکەوتووەکانی کۆنکۆر بوون و زۆرترین پلە بەرزەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد. بەڵام زۆربەی زانستگەکانی وڵات لە وەرگرتنی کچانی خوێندکار لە بەشێکی زۆر لە رشتەکاندا خۆیان بوارد. بۆ نموونە لە زانستگەی تاران لە دەستەی تاقیکاری (آزمایشی)ی بەشی زانستی، لە رشتەی موهەندیسیی سەرچاوە سروشتییەکان و جەنگەڵداری تەنیا خوێندکاری کوڕیان وەرگرتوە. لە دەستەی تاقیکاریی زانستی بیرکاری و فەننی لە رشتەی موهەندیسیی مەعدەن تەنیا پیاویان وەرگرتوە. لە زانستگەی باهونەری کرمان بە هەمان شێوە و لە زۆر لە زانستگەکانی دیکەش هەر وا...

لە کاتێکدا کە لە زیاتر لە ٧٧ رشتەی زانستگایی و لە ٦٠ زانستگەی وڵات لە کۆنکۆری ئەمساڵ دا (١٣٩١) رشتەکان کراون بە تەک جنسییەتی ، بەرپرسان و کاربەدەستانی زانستگەکان لەم بارەیەوە بەم جۆرە پاساو دێننەوە: زانستگەی «محقق»ی ئەردەبیل یەکێکە لەو زانستگایانەی کە زۆرترین ئاماری حەزفی کچانی بۆخۆی مسۆگەر کردوە. ئەو زانستگەیە لە ٢٤ رشتە دا کچانی بە تەواوی سڕیوەتەوە. بەڵام مەسعوودی گەنجی بەرپرسی ئەو زانستگەیە لە وتووێژێکدا دەڵێ کچان حەزف نەکراون، تەنیا دوو «ظرفیتی» کراون. یانی ئەگەر دەرسی دەروونناسیی گشتی، لە زانستگە دەگوترێتەوە، بۆ نموونە مانگی رەزبەر یەکێک لە دەرسە دەروونناسییەکان تەرخان دەکرێ بۆ کوڕان و لە مانگی رێبەنداندا بۆ کچان دەبێ. محەممەد رامێشت بەرپرسی زانستگەی ئیسفەهانیش وتوویە هۆی وەرنەگرتنی کچان لە هێندێک لە رشتەکاندا بەشداری نەکردنی خانمان یان کەم بەشداری کردنی خۆیان بووە لەو رشتانەدا. بە بڕوای ناوبراو بە هۆی ئەوەی ٩٨ لەسەدی ئەو کچانەی لە ڕشتەی مەعدەندا خوێندنیان تەواو کردوە دواتر بێکار ماونەوە، بۆیە لەمەو بەدوا هۆکارێک بۆ ئەوە شک نابەن تا هەزینە بۆ فێربوون لەو بوارەدا تەرخان بکەن. ئەوە لە حاڵێک دایە نەک هەر کچان بەڵکوو زۆر لە کوڕانیش کە خوێندنیان لە رشتەی مەعدەن دا تەواو کردوە بەبێکاری ماونەوە. هەر لەم پێوەندییەدا بەرپرسی زانستگەی لورستانیش لەو بڕوایە دایە کە هێندێک لە رشتەکان ماهییەتیان پیاوانەیە و بۆیە دەبێ پیاوانی خوازیار وەرگیرێن. غوڵامرەزا راشد بەرپرسی زانستگەی سەنعەتی نەوت پێویست نەبوونی کچانی لەو بەشە دا وەک هۆکاری وەرنەگرتنی کچانی لە کۆنکۆری ئەمساڵدا، ناو بردوە!

دەسەڵاتدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیان‌دا «ژنانە و پیاوانە» کردنی زۆر بوار، لە ریزی پێشەوەی بەرنامەکانیاندا بووە و هەر ساڵەی بەرنامەیەک و گەڵاڵەیەکی نوێیان لە بواری پەرەدان بە سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزیدا هێناوەتە گۆڕێ و بەرێوەیان بردوە. لەبیرمانە ساڵی رابردووش وەزیری پەروەردە و فێرکردنی رێژیمی ئێران گوتی: «دەبێ قوتابخانەکان وا لێبکەین کە کچان تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن». ئاغای وەزیر بۆ ساڵی ٩٠ گەڵاڵەی «شاداب سازی فضای مدرسه دخترانه» (گەشاندنەوەی کەشوهەوای قوتابخانەی کچانە)ی هێنایە گۆڕێ. گەڵاڵەکە باسی لە بەرزترکردنەوەی دیواری خوێندنگەکانی کچان دەکرد تا بەقسەی ناوبراو کچان لەنێو حەساری خوێندنگەکاندا ئەمنییەتیان! پارێزراو بێ و بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە بێن و بچن! و بەدوور بن لە پلارپێدادانی کوڕان! ئەمساڵیش ئەوە دیتمان لە لایەن وەزارەتی عولوومەوە، چۆن کچانیان لە زۆر رشتەی دانشگایی بێبەش کرد

کچانە و کوڕانە کردنی زۆر لە رشتەکانی زانستگە، لەم سەردەمەدا لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی جەهالەت. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە ژنان دەیکات شتێکە لە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی جەهالەت و زیندەبەچاڵ کردنی کچاندا دەکرا. لەم سەردەمەدا کاتێک رێگە لە بوارەکانی فێربوونی زانست و ئاگایی لە ژنانی کۆمەڵگە دەگیرێ و ئەوان لە زانستی رۆژ بێبەش دەکرێن ، لە راستیدا لێسەندنەوەی متمانە و باوەڕ و تواناییەکان لەوانە و ئەوەش وەک کوشتنی رووحی ئەو مرۆڤانە وایە.

هەڵاواردنی جنسییەتی لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن‌دا، هەمووکات بەشێک بووە لە سیاسەتی پڕلە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و ئەم سیاسەتە لە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد دا گەیشتۆتە چڵەپۆپە. ژنانی ئێران لەمێژە ماهییەتی دژەژنی ئەو رێژیمەیان ناسیوە و بە ئێسک و پێستەوە هەستیان بە ئازارەکانی ئەو هەڵاواردنانە کردوە. ئەوان باش دەزانن بە هۆی جێبەجێ بوونی گەڵاڵەی جنسییەتی کردنی زانستگەکان و حەزفی کچان لە رشتە زانستییەکان‌دا ئاستی ئاگایی زانستی لە هەموو ئێران‌دا دێتە خوار و بەگشتی وڵاتەکە زیان لەم گەڵاڵانە دەبینێ. چونکە بازاڕی کار لە توانایییە زانستییەکانی نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە بێبەش دەبێ. بەتایبەتی ئێستا کە هەلومەرجی ئابووریی خەڵکی ئێران لە سایەی سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەکانی رێژیم بەرەوخراپی چووە. لە وەها هەلومەرجێکدا بنەماڵە بۆ بژیوی ژیان و گوزەران، پێویستی بە کاری هەردوو رەگەزەکە هەیە. بۆیە ژنان وەک باسکێکی بەرابەر لەگەڵ پیاوان لەبازاڕی کاردا دەتوانن هاوسەنگی دروست بکەن. بەڵام لەو هەلومەرجەدا دێن ژنان لە زۆر رشتەی خوێندن بێبەش دەکەن و بەمەش دەرفەتە کارییەکانیان لەدەست دەچێ. لە ئاکامدا جگە لەوەی زیانێکی یەکجار زۆر بە بنەماڵە دەگا، بازاڕی کاری وڵاتەکەش ناهاوسەنگ دەبێ. کۆماری ئیسلامی بەم هەڵاودنە جنسییەتییانە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا دەیەوێ زیاتر هەڵاواردنە جنسییەتییەکان نەهادینە بکا و روانینی جنسییەتی بەرانبەر بە ژنان لەکۆمەڵگەدا پەرە پێ بدا.

لەهەرحاڵدا جیاکردنەوەی رشتە زانستگاییەکان (کچانە و کوڕانەکردن) و حەزفی کچان لە زۆربەی رشتەکاندا بە هەر ئامانجێک بێ، لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران نایەتەوە. ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنانەی ژنانی ئێران لە بوارەجۆراوجۆرەکاندا بەدەستیان هێناوە، هەرگیز لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەو رێژیمە ناگونجێ. ئەوە خۆی نیشانەی بەربەرەکانیی ژنان



لە گەڵ هەڵاواردن و بێبەشیی ژنان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدایە. ژنانی ئێران بە هەوڵی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا تەنانەت ئەو بوارانەی کە وەک عورفی کۆمەڵگە بەدەست پیاوانە بووە، بەخۆشییەوە چوونەتە پێش و زۆر لە بەربەست و دیوارەکانیان تێک شکاندوە. ئەوە نیشان دەدا ژنان جگە لەوەی ئۆگری زانست و ئاگایی و گەیشتن بە پلە و پێگەی باشتر لە کۆمەڵگەدان، دەتوانن سیستمی پیاوسالارییش کە کۆماری ئیسلامی پشتیوان و پەرەپێدەری بووە، پاشەکشە پێبکەن.

سەرچاوە: سایتی اخبار روز، وتاری «تبعیض در آموزش به اوج رسید»

# دێموکراسی بە کورتی و پوختی

## (نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیارییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا)

بەشی شەشەم و کۆتایی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی

**پێوەندییە چەکداری و ناچەکداریەکان**

شەڕ و ئاشتی لە ریزی ئەو باسە هەرە گرینگ و چارەنوسساز و ژیانەکییانەدان کە دەتوانن خۆیان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا ببیننەوە و زۆربەی نەتەوەکان لە کاتی قەیرانەکاندا و بۆ چارەسەریی بارودۆخەکە پەنا بۆ هێزی چەک دەبەن. بەڵام لە دەسەڵاتێکی گەلی و خەڵکیدا ئەمە روو نادا. لە دەسەڵاتە خەڵک سەروەر و دێموکراتەکاندا بابەتەکانی پێوەندیدار بە بەرگری و هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر وڵات لە لایەن خەڵک و لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوانەوە بڕیاری لە سەر دەدرێ.

هێزە چەکدارەکان لە نیزامێکی گەلیدا سەرۆکایەتیی خەڵک ناکەن، بەڵکوو دەخزمەتی خەڵکی دان: سەرۆک و فەرماندەرانی سوپا لە نیزامێکی خەڵک سەروەدا دەبنە راوێژکاری ڕێبەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک و بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن. تەنیا ئەو کەسانە خاوەنی دەسەڵاتی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی نەتەوەیەکن کە لە لایەن خودی ئەو خەڵکەوە هەڵ بژێردرابێتن. ئەو ئەسڵە واتە چاوەدێریی هێزە چەکدارەکان لە لایەن هێزە سیاسی و ناچەکدارەکانەوە ئەسڵێکی بنەڕەتیی نیزامە گەلی و دێموکراتیکەکانە.

هێز و لایەنە ناچەکدارەکان

**« جۆزێف برادسکی»، شاعیری کۆچکردووی بەڕەچەڵەک رووسیی خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەڵێ: « ئینسانی ئازاد کاتێ لە شتێکدا دەدۆڕێ، لۆمەی کەسیتر ناکا.» ئەو قسەیە لەبارەی هاووڵاتیان لە دەسەڵات و حکوومەتێکی خەڵک سەروەریشدا راستە کە بۆخۆیان ئەو کۆمەڵگەیەیان بۆ ژیان دروست کردوە و ئەوە هەر بۆ خۆشیانن کە لە پێناو چارەنووسی ئەو کۆمەلگایەدا دەبێ ئەرک وەخۆگر بن و بیپارێزن.**



دەبێ وەپێش هێزە چەکدارەکان کەون و لەگەڵ ئەوەی کە چاوەدێریی بڕیاری ئەوان دەکەن، بڕیاردان لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە ئەمنیەتی نیشتمانی و بەرگریی وڵاتیشیان لە ئەستۆیە، ئەوەش نەک بەو مانایەی پێیان وابێ لە هێزە چەکدارەکان لێزان و ورد و ژیرترن، بەڵکوو راست لەبەر ئەوەی کە ئەوان نوێنەر و هەڵبژێردراوی خەڵکن و هەر بۆیەش بەرپرسایەتی ئەو ئەرک و بڕیارانەی کە دەبێ وەڵامی خەڵکیان پێ بدرێتەوە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

هەبوون و پێویستیی هێزە چەکدارەکان لە وڵاتێکی خەڵک سەروەردا بۆ بەرگری لە وڵات و پاراستنی ئازادییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. هێزە چەکدارەکان نابێ نوێنەرایەتیی لایەنێکی سیاسی یان گرووپێکی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بکەن، یان بیانەوێ داکۆکییان لێ بکەن و پشتی یەکێک لەو لایەنانە بگرن. لە راستیدا وەفاداری و ئەمەگناسیی ئەوان بۆ ئامانجێکی بنەڕەتیری خەڵک، بۆ دەسەڵاتی قانوون و بنەما سەرەکییەکانی حکومەتی گەلی و خەڵک سەروەرە. بە واتایەکی دیکە ئامانج لە هەبوونی هێزی چەکدار لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا، بەرگری لە خەڵک و کۆمەڵگا، نەک پێناسە و دارشتنی قەوارە و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەیە. هەر دەوڵەتێکی خەڵک سەروەریش بایەخ و گرینگیی تایبەت بە توانایی و لێهاتوویی هێزە نیزامییە پسپۆڕەکانی خۆی دەدا و لە پرسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئەمنیەتی نیشتمانی و بەرگریدا پرسیان پێ دەکا و راوێژەکانیان لە بڕیارەکاندا دەکار دەکا. بەڵام ئەوە تەنیا ڕێبەریی غەیرە نیزامیی هەڵبژێردراوی خەڵکن کە دوا بڕیاری چارەنووساز و یەکلاییکەرەوەیان لەلایە و دوایە ئەوە هێزە چەکدارەکان جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەیان پێ دەسپێردرێ.

**کلتووری خەڵک سەروەری**

مرۆڤەکان ئامانج و خولیای جۆراوجۆریان هەیە کە هیندێ جار دەکەونە بەرامبەر و دژ بە یەکتریش. خەڵک ئەمنیەت و ئاسایشیان دەوێ بەڵام سەریان لە کێشەش دەخورێ و چێژ لەوەش وەردەگرن کە پەیجووری هەموو شتێک بن؛ ئەوان بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانیان تێ دەکۆشن و لەو کاتەشدا داوای بەرابەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتیش دەکەن.

ئەو ئەسڵە لە حکومەتی خەڵک سەروریشدا بەرچاو دەکەوێ و ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە پێداگری لە سەر ئەو خاڵەیە کە بوونی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە و تەنانەت ئەو بابەتە دژ بە یەکانە لە هەر کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەردا ئاساییە.

**وەک یەک بیرکردنەوە و ململانییەکان**

لاری دیاموند، یەکێک لە نووسەران و توێژەرانی ئەمریکا دەڵێ کە دژایەتیی زەق و بەرچاو لە نێوان ململانێیەکان و وەک یەک بیرکردنەوە و کۆک بوونەکاندا هەیە. لە زۆر لایەنەوە دێموکراسی و خەڵک سەروەری شتێک نیە جگە لە کۆمەڵە ڕێوشوێن و قانوونێک کە بۆ چاوەدێریی ئەو ناکۆکییانە داندراون. ئەو ناکۆکییانە هەر لە جێدا دەبێ لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا پێشیان پی بگیرێ و لە ئاکامدا جۆرێک لە پێکەوە سازان، لە یەکتر تێگەیشتن و ڕێککەوتنی وای لێ بکەوێتەوە کە هەموو لایەنەکان لە سەری ساغ ببنەوە و کێشەی لە سەر نەکەن.

پێداگریی زێدە لەرادە لە سەر یەک لایەنی ئەو هاوکێشەیە دەتوانی مەترسی لە سەر هەموو بەڵێن و دەربەستییەکان دروست بکا. ئەگەر گرووپە جیاوازەکان پێیان وا نەبێ کە خەڵک سەروەری تەنیا سەکۆیەک بۆ دەربڕینی ویستەکانیانە، ئەوا کۆمەڵگا لە هەناوی خۆیدا هەرەس دێنێ و لەبەر یەک هەڵ دەوەشێ. ئەگەر دەوڵەتیش فشاری زێدە لە رادە بخاتە سەر لایەنەکان بۆ ئەوەی وەک یەک بیر بکەنەوە و دەنگی خەڵکی لە گەروویاندا بخنکێنی، ئەوا ئەو کات کۆمەڵگا لە سەروورا ورد و خاش دەبێ. وا چارەسەرێکی ئەوتۆ بۆ هاوکێشەی نێوان ململانێیەکان _ وەک یەک روانین و بیرکردنەوەکان بەئاسانی دەست ناکەوێ. خەڵک سەروەری ئۆتۆمبیل نیە کە لەجێی خۆی هەڵ بێ و بەپێی دەستوور و ئەمر پێکردنەکان رێ بکەوێ. کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر پێویستی بە دەربەستبونی ئەو هاووڵاتییانە هەیە کە دەزانن ناکۆکیی نێوان ململانێیەکان و وەک یەک بیرنەکردنەوەکان پێویستی بە لە سەرەخۆیی و دان بەخۆداگرتن هەیە. لەو گۆشە نیگایەوە تێگەیشتن لەو خاڵە گرینگە کە لە کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەردا زۆرێک لە ململانییەکان، ململانێی نیوان « حەق» و « باتڵ» نیە، بەڵکوو ململانێ و ناکۆکی لە سەر تێگەیشتنەکان لەبارەی مافی خەڵک و ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتییەکانە.

**خەڵک سەروەری و پرسی بارهێنان**

پەروەردەو بارهێنان یەکێک لە سەرەکیترین پاژەکانی هەر کۆمەڵگایەک، بە تایبەت کۆمەلگای خەڵک سەروەرە. «توماس جێفرسۆن» لەو بارەوەی دەڵێ: «ئەگەر نەتەوەیەک چاوەڕوانیی ئەوەی هەبێ نەزان و لە هەمان کاتدا ئازاد و رزگار بێ، ئەو نەتەوەیە لە چاوەڕوانی شتێک دایە کە لەبنەوە بوونی نیە و قەتیش نابێ».

بابەتی پەروەردە و بارهێنان لەگەڵ بایەخە گشتییەکانی خەڵک پێوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە: بەرنامە و جۆری چالاکییەکان لە نیزامێکی گەلی و خەڵک سەروەردا پشتی ڕێوشوێن و پرەنسیپەکانی دەسەلآتی گەلی دەگرن. لە نیزامێکی خەڵک سەوەردا ئەو پرۆسەیەی گواستنەوەی پەروەردەیە پرۆسەیەکی گرینگ و ژیانەکییە، چونکی دەسەڵاتە شوێندانەرە گەلییەکان، ئەو حکومەتە روو لە هەڵدان و گەشەن و نموونەی ئەو دەوڵەتانە دەدەنە دەرێ کە داوای سەربەخۆیی فیکریی خەڵکی و هاووڵاتییان دەکەن. لە نیزامی سیاسیی خەڵک سەروەردا هەل و دەرفەتەکان بۆ گۆڕانکاریی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەردەستی خەڵک دایە. دەوڵەتەکان نابێ پەروەردە وەک چەک و ئامرازێک بۆ گوێدادان و شت دەمێشک ئاخنینی قوتابیان بەکار بێنن، بەڵکوو هەر ئەو جۆرەی کە تێ دەکۆشن بەرگریکاری پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵکی بن، سەرچاوە و بەشێکی گرینگ لە داهاتی خۆیان تەرخانی پرسی پەروەردە بکەن.

لە کۆمەڵگاکانی دێموکرات و گەلیدا پێچەوانەی کۆمەلگای تەواوەتی خواز کە تێیدا پەروەردە بۆ بارهێنانی وەچەی گوێ لەدەم و بێ دەسەڵاتە، بنەمای کاری پەروەدە بۆ بارهێنانی کەسایەتیی سەربەخۆ، بزۆز و لە هەمان کاتدا ئاشنا بە ڕێوشوێن و چوارچێوەکانی خەڵک سەروەرییە. « چێستێر ئێ. فین. جۆنیۆر»، یەکێ لە کارناسانی پایەبەرزی بنیاتی سیاسەتدانانی پەروەردەیی «هووێر» لە ئەمریکا دەڵێ: « خەڵک لەوانەیە بە ئازادیی تاکەکەسیی خۆیان لە دایک بن، بەڵام بەو زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە دایک نابن کە بە درێژایی تەمەنیان ئازادی بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان بە دیاری دێنی.... ئەو جۆرە شتانە دەبێ وەدەست بهێندرێ و ئەوانە دەبێ فێریان ببین.» فێربوونی زانست و بابەتەکانی پێوەندیدار بە خەڵک سەروەری لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن را دەست پێ دەکا و لە رەوتی ئاڵۆزییەکانی ژیانی شاری و کونجکۆڵی لەبارەی ئەو زانیارییە بێ ئەژمارانەدا درێژەی دەبێ کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا لە بەردەستی خەڵکی دان.

**خەڵک سەروەری و کۆمەڵگا**

لایەنگری لە حکومەتێکی گەلیی پشت ئەستوور بە قانوون بناغەی پێکهاتەیەک دادەرێژێ کە لەو دا کۆمەڵگا بە هۆی سازان و لێکدرانی بۆچوونەکان، خەڵک و ناوەند و دامەزراوەکان بەرەو حەقیقەت و راستییەکان رێ دەکەوێ، هەنگاونانێک کە لەوانەیە تا رادەیەک کەموکەڕی هەبێ. خەڵک سەروەری راستیخوازە و واقحەکان وەک خۆیان دەبینێ. بۆچوونەکان و ڕێگەچارەی کێشەکان ناخرێنە تاقیکردنەوە لە چوارچێوەی جۆرە بووچێنێکی دوگم دا، بەڵکوو لە دنیایەکی راستەقینەدا تاقی دەکرێنەوە و ئەزموونیان لێ وەردەگیرێ، دنیایەکی واقعی کە کیشەکانی تێدا دەخرێتە بەر باس و تێیدا دەرەنجامەکان دەگۆڕدرێن، قەبووڵ دەکرێن و یان دەنا وەرناگیرێن و باسیان لە سەر دەکرێتەوە.

«دایان راویچ»، لێکۆڵەرێکی بواری زانستی سیاسی دەڵێ: « رووحی هەڵسوکەتی خەڵکییانە پێکهێنانی هاوپێوەندییە. دروتکردنی هاوپێوەندی و ئێئتلاف گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان فێر دەکا لەگەڵ یەکتر دابنیشن، قسە بکەن و لە سەر بابەتەکان لەگەڵ یەکتر بسازێن و لە چوارچێوەی نیزامێکی قانوونیدا لەگەڵ یەکتر کار بکەن. گرووپ و لایەنە جیاوازەکان لە رێگەی دروستکردنی هاوپێوەندی و بە روانگە جیاوازەکانەوە فێر دەبن کە چۆناوچۆن بێ گرژی لە سەر بابەتێک قسە بکەن، چۆن لە چوارچێوەیەکی قانوونیدا پێویشوێنی مەبەستەکانی خۆیان کەون و دواجار ئەوەی کە چۆن لە دنیایەکی پڕ لە جیاوازی و فرەییدا بژین.» دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری ناکرێ قەت هەڵە نەکا، ناکرێ کۆتایی بە کێشە و ململانێی ئێتنیکەکان بێنێ و ناتوانێ تاهەتایە کامەرانی و خۆشبژیویی خەڵک دابین و گەرەنتی بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگە بە هێنانەبەرباسی باسە گشتییەکان دەدا، کلتووری باسی گشتی جێ دەخا و ئەو ئیزن و دەرفەتە بە گرووپە جیاوازەکان دەدا تا لەگەڵ یەکتر دابنیشن و کیشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، دەرفەت بۆ هەڵدان و گەشەی ئابووری پێک دێنێ و بوار بۆ پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی و دەبڕینی بۆچوونی تاکەکەسی خۆش دەکا.

« جۆزێف برادسکی»، شاعیری کۆچکردووی بەڕەچەڵەک روسیی خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەڵێ: « ئینسانی ئازاد کاتێ لە شتێکدا دەدۆڕێ، لۆمەی کەسیتر ناکا.» ئەو قسەیە لەبارەی هاووڵاتیان لە دەسەڵات و حکومەتێکی خەڵک سەروەریشدا راستە کە بۆخۆیان ئەو کۆمەڵگایەیان بۆ ژیان دروست کردوە و ئەوە هەر بۆ خۆشیانن کە لە پێناو چارەنووسی ئەو کۆمەلگایەدا دەبێ ئەرک وەخۆگر بن و بیپارێزن.

خەڵک سەروەری هەر لە خۆڕا زەمانەتی هەموو شتێک ناکا. بەڵام بە جێی ئەوە دێ و بۆ سەرکەوتنەکان دەرفەت دروست دەکا و مەترسییەکانی تێکشکانیش دەستێنیشان دەکا. وەک چۆن «توماس جیفێرسون» ژیرانە ئاماژە پێ دەدا کە مزگێنیی خەڵک سەروەری « ژیان، ئازادی و گەڕان بە دوای کامەرانی و بەختەوەرییە«. بەو پێیە خەڵک سەروەری هەم دەرفەتە و هەم ململانێ و بەربەرەکانێ. خەڵک سەروەری مزگێنیە، چونکی خەڵکانی ئازاد بە هاوکاریی یەکتر دەتوانن جۆرێک خۆیان بەڕێوە ببەن کە یارمەتیی وەدیهاتنی ئازادییە کەسییەکان، دەرفەتە ئابورییەکان و یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بدا. ململانێ و بەربەرەکانیشە چونکی سەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر لە ئەستۆی تاک تاکی هاووڵاتیانە، نەک هیچ کەسێکی دیکە.

# دەورلێدانی گەمارۆکان، ڕێیەکی کاریگەر بۆ نەجاتی ئابووریی ئێران؟



ڕەحمان سەلیمی

و: وریا ڕەحمانی

کۆمەڵێک هەڵوێست و لێکدانەوەی جۆراوجۆر و دژبە یەک لەسەر کاریگەریی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و بەتایبەتی گەمارۆکانی ئامریکا و یەکیەتیی ئوروپا لەسەر ئابووریی ئێران لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانی وێرانگەر دەبینن و پێیان وایە کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پاشەکشەی ئێران لە سیاسەتە ناوکییەکانی، و هەندێکیش ناکاریگەر و بەبێ هەرچەشنە هێزێکی پێشگیرانەی دەزانن. بەهێزترینی ئەو گەمارۆیانە لە دژی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتداریەتی، بایکۆتی کڕینی نەوت لەلایەن وڵاتانی یەکیەتیی ئەورووپا، بایکۆتی بانکی ناوەندی و ناوەندە ماڵییەکانی گواستنەوەی دراو و بایکۆتی ئەو کۆمپانیایانە بوون کە نەوتکێشە ئێرانییەکانیان بیمە دەکرد. ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕوانگەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بڵاو دەکاتەوە لە ژمارەی ڕۆژی شەممە ١١ی خەرمانانی ١٣٩١ دا ئابووریی ئێرانی بە ئابوورییەکی بەرگریکارانە پێناسە کرد و نووسی: ئابووریی ئێران سەرەڕای تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر گەمارۆکانی ئامریکا دا خۆی ڕاگرتوەو واکسینە بووە و بۆتە ئابوورییەکی بەرگریکارانەی بەهێز و ئیتر گەمارۆی گەورەتریش کەریگەریی نابێ. بە پێچەوانەی لێدوانی کاربەدەستانی فەرمیی کۆماری ئیسلامی کاریگەریی ئەم گەمارۆیانە بەسەر ژیانی خەڵک و ئابووریی ئێراندا بە ڕوونی بەرچاوە و شاخسە ئابوورییەکانی بەجۆرێکی کەم وێنە خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە بە شێوەیەک کە گرانی بەجۆرێکی کەم وێنە ڕووی لە زیادبوون کردوە، بەشێکی زۆر لەیەکە پیشەسازی و بەرهەمهێنەرەکان وەرشکستە بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاماری بێکاران زیاتر دەبێ و نرخی دراوی نیشتمانی لە بەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکەدا دابەزیوە. بە گشتی ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ڕێبەرانی ڕێژیم هەوڵ بدەن بە مەبەستی بەربەرەکانی لەگەڵ گەمارۆکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییان بەسەر ئابووریی وڵاتدا بە شوێن لە کارکردنی ڕێکارگەلێک بۆ دەور لێدانی گەمارۆکاندا بگەڕێن.

کۆمەڵە ڕاپۆرتێک لەلایەن ئاژانسە هەواڵدەرییە نێونەتەوەییەکانەوە سەبارەت بە دەور لێدانی گەمارۆکان لەلایەن ئێرانەوە بڵاو بۆتەوە کە دەڵێن ڕێژیمی تاران بۆ خۆ دزینەوە لە گەمارۆکان تەرفەندی جۆراوجۆری بەکار هێناوە. یەکێک لەو کێشانەی کە بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە بەرۆکی ئێرانی گرتوە گواستنەوەی دارایی دوو لایەنە لە نێوان بانگ و دامەزراوە ماڵییەکانی ئێران و وڵاتانی دیکە بۆ ئاڵوگۆڕی دراوە. وڵاتانی بەرەی معامەڵەی ئێران بەتایبەت کڕیارانی نەوت و گازی ئێران بۆ پێدانی نرخی ئەو کەلوپەلانە پێویستیان بە سیستمی گواستنەوەی ماڵیی باوەڕ پێکراو بەتایبەت بانک هەیە و هەر بۆیەش بە بایکۆتی بانکی ناوەندیی ئێران و ئەم دامەزراوانەی کە لەگەڵ ئەم بانکە و بانکەکانی دیکەی ئێرانی لە پێوەندی دان، کێشەیەکی زۆریان بۆساز بووە.

ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ کۆماری ئیسلامی لە ڕێی چەند بانکی عێراقییەوە بە تایبەت بانکی «ایلاف» دەستی بە گواستنەوەی دراوێکی زۆر کردوەو پاش ئەم ڕاپۆرتانە دەوڵەتی ئامریکا ئەم بانکەی مەحکووم و بایکۆتی ماڵی کرد. ئەو بانکانە لە وڵاتە جیاوازەکانی دنیادا کەم نین کە حەز دەکەن بە بەزاندنی گەمارۆکانی ئێران و وەرگرتنی حەقدەستی زۆر، گەمارۆکان ناکاریگەر یان کەم کاریگەر بکەن.

ڕۆژنامەی کانادایی «وەنکۆ ویرسان» ڕۆژی پێنج شەممە، دووی خەرمانان، بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی «ئاژانسی خزمەتگوزای سنووریی کانادا» ڕایگەیاند کە سەرەڕای گەمارۆکانی کانادا لە



دژی ئێران و چاودێریی پۆلیسی ئەو وڵاتە بەسەر هەناردەکردن بۆ ئێران، کەچی کۆمپانیاکانی لایەنی بازرگانی لەگەڵ ئێران لە ڕێی ڕاگوێزتنی بارە مەمنووعەکانیان بۆ ئامرازە گواستنەوەییەکانی دیکە لە ڕەوتی هەناردەکەن و ناردنی کەلوپەلەکانیان لە ڕێی جیاوازەوە، دیسان خەریکی بازرگانی کردن لەگەڵ ئێراندا. ئەم ڕۆژنامەیە هەروەها دەڵێ کە بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامە نهێنییانەی بەم زووانە بە دەست هێندێک لە کاربەدەستە باڵاکانی ئاژانسی وڵاتی کانادا هێشتاش دەتوانن، گەرچی بە دژواری و تێچوویەکی زیاترەوە، کەلوپەلە بایکۆت کراوەکانیان بۆ ئێران بنێرن.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز لە ڕاپۆرتێکی خۆیدا ڕایگەیاند بە گوێرەی ئەم بەڵگەنامانەی بە دەستیان گەیشتوە، کۆمپانیای ئافریقایی «ئێم تی ئێن» کە ناوەندەکەی لە ژۆهانسبورگە و خاوەنی ٤٩٪ی ئێرانسێڵە، گەمارۆکانی ئامریکای پێشێل کردوەو بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمپانیای پۆششی کەلوپەلی ڕاگەیاندنی بۆ ئێران دەنێرێ.

لەلایەکی دیکەوە ئێران قبوڵی کردوە کە نەوت بە دراوی خۆیان بەم وڵاتانە بفرۆشی کە لە دەرەوەی بازنەی بڕیاردانی گەمارۆکان دان. بەم شێوەیە ئێران پێداویستییەکانی دەستەبەر دەکا و بازاڕەکانی خۆی بە کەلوپەلە جۆراوجۆرەکانی کۆرەیی، هێندی و چینی پڕ کردوە کە بە گشتی بە کوالێتیی زۆر نزمەوە بۆ ئێران دەنێردرێن و کڕیاری ئێرانی تووشی هەڵبژاردنێکی دژوار دەکەن.

ڕۆژنامەی سەعوودیی «الوطن» لە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییانەی خۆیدا نووسیویەتی: بەم ڕێکارانەی ئێران بەکاری هێناون، ڕێ بۆ وڵاتانی ئاسیایی بەمەبەستی دەورلێدانی گەمارۆ لە کارکراوەکانی ئامریکا و ئەورووپا بەسەر پیشەسازیی نەوتی ئێراندا کراوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وڵانە لەسەرەتاوە پشگیریی خۆشیان بۆ گەمارۆ و نەکڕینی نەوت لە ئێران ڕاگەیاندبوو. بەڵام ئەو ئاسانکاری و دابەزاندنی نرخ کە ئێران بۆ فرۆشی نەوتەکەی پێشکەشی کردوون ئەم وڵاتانەی هان داوە کە پێشوازی لە کڕینی نەوتەکەی بکەن. کارناسان پێیان وایە کە ئەم کردەوانە بەسەر فرۆشی جیهانیی نەوتی وڵاتانی خاوەنی نەوتدا کاریگەرییان نابێ.

هەرچەند ئامریکاییەکان هەوڵ دەدەن بەلەکار کردنی هەرچی زیاتری گوشارەکان، ئێران ناچار بە پاشەکشە بکەن کەچی ئێرانییەکان بە دامەزراندنی کۆمپانیا لە وڵاتانێکی سێیەمی وەک تورکیە، چین و هێند بۆ کڕینی پێداویستییەکانی خۆیان دەروویەکیان بۆ بەجێ هێشتنی گەمارۆکان دۆزیوەتەوە.

سیاسەتی خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی لە گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و هەوڵ بۆ پێشگیری لە تەریک کەوتنەوە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لە ڕێگای بەکارهێنانی سیاسەتی دژ بە ستانداردە جیهانییەکان، قورسایی گەمارۆکان دەخاتە سەرشانی خەڵک و پەلەقاژە بۆ دەورلێدانی گەمارۆکان تەنیا لە ڕاستای هێشتنەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندیی ئەلیگاریشیی تیئۆکراتیک لە ئێران دایە کە ساڵانێکە بەسەر گەلانی ئێراندا حکوومەت دەکەن و بنەمای سیاسەتەکانیان لەسەر بناغەی چەمکگەلێکی وەکوو دژایەتیی هزر و زانست و داد و ئاشتی دامەزراندوە. ڕێبەرانی تاران پاش سێ دەیە ناکامی و بەبێ سەرنجدان بە بەرژەوەندیی نیشتمانی و ستراتێژیک و تەنیا بە گوێرەی دروشمە درۆیینەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئیستعمارگەریی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتیی ئامریکا و سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان !

سیاسەتە شەڕخوازییەکانی خۆی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا پەرە پێداوە وبە ڕوویکردێکی دوژمنانەوە، خەڵکی ئێرانی لە هێزە گەورەکانی ئابووریی جیهانی دوور کردۆتەوە و وڵاتانێکی پەراوێزی و گەشەنەستاندووی وەک ڤێنیزوئێلا و کۆریای باکوور و زیمبابویێ لەسەرووی هاوپەیمانان و دۆستانی خۆیدا داناوە.

# ئاشکرابوونی حیسابە بانکییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بانکە خاریجییەکان و ئاوڕدانەوەیەک لە شێوازەکانی بەڕێوەبەرێتیی ئابووری لە ئێران



ئەیوب شەهابی ڕاد

و: سیروان موساپور

ماوەیەک لەوەپێش هەواڵدەریی سی.ئێن.ئێن ناوی سەد و چل کەس لە بەرپرسان و ڕێبەرە سیاسی و نیزامییە پایەبەرزەکانی ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامیی ئێرانی بڵاو کردەوە کە لەنێویاندا ناوی شەخسی خامنەیی و چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و خزمەکانی بەرچاو دەکەوت.

هەواڵدەریی سی.ئێن.ئێن لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا بە خستنەڕووی وردی ناونیشانی وەک ناوی کەسەکان، ژمارە حیسابەکانیان، بڕی حیسابەکان و هەروەها ناوی بانک و وڵاتی پێوەندیدار، لێکدانەوەی بۆ بە تاڵان چوونی ماڵ و دارایی ئێرانییەکان و ناردنەدەرەوەی سەرمایە خەیاڵییەکانی وڵات ئەویش لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئێران بە دژوارترین قۆناغەکانی خۆی لە باری ژیان و گوزەراندا تێپەڕ دەبێت، کردوە.

لە وڵاتێکدا کە ئابووریی و سیاسەت دوو بەشی لێک جیانەبۆوەن و دەسەڵاتداران بە لەدەست گرتن و کۆنترۆڵکردنی تەواوی سەرچاوە سەرەکییەکانی سیاسەت و ئابووری، ژیان و گوزەرانی خەڵک لە ڕێگەی لۆژیک و ویستە سیاسییەکانی خۆیان دیاری دەکەن و لە وەها بارودۆخێکدا هەر چەشنە نارەزایەتییەک یان دەرکەوتن لەم بازنە داخراوە سیاسییە، کۆمەڵگەی ئێران تووشی هەژاری و ڕۆژڕەشیی زیاتر دەکاتەوە و ڕەوڕەوەی ژیانی ئابووریی خەڵک بەرەو هەڵدێر و نەمان دەبات.

بە ئاوڕدانەوەیەکی گشتی لە دۆخی ئابووریی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوانەیە باشتر بتوانرێ لە ماهییەتی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە دەسەڵاتدارێتییە سیاسییە تێبگەین. خومەینی بێئەوەیکە هیچ چەشنە تێگەیشتنێکی لە واتای ئابووری و بەڕێوەبەرێتیی کەلانی ئابووریی لە ئاستی وڵاتێکدا هەبێ، لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیدا بە هەڵگرتنی دروشمگەلی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەر دەستی بە بەخشین و مژدەپێدان و هیوادارکردنی خەڵک بە داهاتوویەکی باشتر کرد. هەموو شتێکی بە مفت و خۆڕایی ڕاگەیاند و تەنانەت دەیگوت: «خانوو مەکڕن، خانوو بۆ هەمووان دروست دەکەین». هەرچەند ئەم جۆرە دروشمانەی خومەینی بەدوور لە تێگەیشتنی واتا و واقعییەتە ئابوورییەکان بوون، بەڵام بێگومان ئەگەر ئابووریی ئێران لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکی ئامانجدار و تەکنۆکراتەوە بەڕێوەچووبا، کۆمەڵگەی ئێران هەنووکە لانیکەم لە ڕیزی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و خۆشگوزەرانەکانی ناوچەدا دەبوو.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵە، ڕێژیم ئەم شەڕەی بە هۆکاری سەرەکی وەستانەوەی بەربڵاوی ئابووریی وڵات ناساند. هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماریی ئەوکاتی ئێران، دوای کۆتاییهاتنی شەڕ بە دروشمی ڕیشەیی «جیهادی ئابووری» قۆناغی نۆژەنکردنەوە و چاکسازیی ئابووری دەست پێکرد. لەوانەیە بتوانرێ بگوترێ کە گۆڕانی بنەڕەتی لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ بابەتی ئابووری لەو سەردەمەدا هاتە کایەوە. هەتا پێش ئەم قۆناغە ئابووریی ئێران زیاتر لە کەفوکوڵی شۆڕشگێری و شەڕدا بوو و لەسەر تەوەری سیاسەتی ناباوی «ئابووریی ئیسلامی»دا بەڕێوە دەچوو. شێوازی شکست خواردووی ئابووریی ئیسلامی بوو بە هۆی ئەوەکە ڕێژیم سیاسەتە ئابوورییەکانی خۆی تا ئەو جێگەیەی کە زەربە لە ئامانجە ئایدۆلۆژیکییەکانی نەدات، لەگەڵ سیستەمی ئابووریی بازاڕی ئازاددا هاوئاهەنگ بکات. واتە وەرسووڕانێکی تەواو لە ئابووریی دەوڵەتی بەرەو ئابووریی ڕاوەستاو لەسەر بازاڕی ئازاد. لەم پێناوەدا چەندین تەبسەرەیان لە پێوەندی لەگەڵ چاکسازییە ئابوورییەکان بۆ نموونە کاروبارەکانی بازرگانی، سەرمایەدانانی دەرەکی، نادەوڵەتیکردن، سیستەمی بانکی و ... بە یاسای بنەڕەتی وڵاتەوە زیاد کرد. هەرچەند ڕەفسەنجانی بە لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە نوێیانە، توانی تا ڕادەیەک کار بۆ چاککردنەوەی و نۆژەنکردنەوەی وێرانییەکانی دوای شەڕ بکات. بەڵام لە بیاقی پێشکەوتن و گەشەی ئابووریدا نە تەنیا نەیتوانی دەسکەوتێکی ئەوتۆ بەدەست بێنێ، تەنانەت نەیتوانی بەرنامەیەکی وەک یەک قیمەتە کردنی نرخی دراوی خاریجییش بە سەرکەوتوویەوە جێبەجێ بکات.

دەتوانین بڵێین کە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدی نژاد یەکێک لە ئاڵۆزترین قۆناغەکانی ماوەی دەسەڵاتدارێتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. هەرچەند ئەحمەدی نژاد لە سەرەتای سەرۆک کۆماریدا بە دروشمی داکۆکی لە هەژاران و توێژە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگە، خوازیاری پیادەکردنی سیاسەتگەلی پشت ئەستوور بە ئابووریی دەوڵەتیی بوون، بەڵام بێتوانایی لە وەڕێخستن و جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە و هەروەها پێشنیارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکانی وەک سندووقی نێودەوڵەتیی دراو بوونە هۆی ئەوەکە سەرلەنوێ سیاسەتە ئابوورییە کراوە کانی دەوڵەتەکانی پێش خۆی درێژە پێبدات. بە وتەی زۆربەی کارناسانی کاروباری ئابووری، دەوڵەتەکانی نۆیەم و دەیەم لە ڕاستگەراترین دەوڵەتەکان لە بیاقی ئابووریدا هەژمار دەکرێن.

**ئەگەر ئابووریی ئێران لەلایەن بەڕێوەبەرێتییەکی ئامانجدار و تەکنۆکراتەوە بەڕێوەچووبا، کۆمەڵگەی ئێران هەنووکە لانیکەم لە ڕیزی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و خۆشگوزەرانەکانی ناوچەدا دەبوو**

بە سەرنجدان بە بارودۆخی مەترسیدار و لەرزۆکی ئابووریی ئێران و هەروەها پیادەکردنی چەندین جۆر چاکسازیی ئابووری و پیادەکردنی سیاسەتە جۆراوجۆرکانی ئابووری بە تایبەت لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدی نژاد، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە هۆکار یان هۆکارگەلی ئەم هەموو بێهێوایی، ڕاوەستاوی و دواکەوتنی ئابووریی ئێران چییە؟

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئابووریی ئێران بەڕێوەبەرێتی و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن دامەزراوە یان کەسانی سەر بە دامودەزگای دەسەڵاتدارە. هەرچەند ئابووریی ئێران لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ویلایەتی فەقیهی بە پێچەوانەی ئیددیعای ئەوانەی کە هەمیشە داواکاری بەڕێوەبردنی بەرنامەی ڕیفۆرمیستی لە بواری ئابووریدا بوون بەڵام لە کردەوەدا زیاتر ڕوانگەیەکی ڕاستگەرایانەیان هەبووە. تەنانەت لە کاتی نادەوڵەتیکردنی بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانییە دەوڵەتییەکان، بێئەوەیکە ئەم بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بخرێتە مزاییدەی گشتییەوە، زۆربەیان بە دامەزراوە و کەسانی سەر بە دەمودەزگای ویلایەتی فەقیهی سپێردرانەوە. بێگومان باڵادەستیی چەند دامەزراوەی سەر بە ڕێبەری بەسەر ناوەند و سەرچاوە حەیاتییەکانی ئابووریی ئێراندا، بۆتە هۆی ئەوەکە یەکەم: کابینەی دەوڵەت و مەجلیس بەکردەوە پاسیف ببن و لە حاڵەتی جێبەجێکرانی هەر جۆرە پرۆژەیەکی ئابووری هیچ شانسێکیان بۆ سەرکەوتن نەبێ. دووهەم: کۆبوونەوەی بەشی بەرچاوی سامانی کۆمەڵگە لەدەست چەند گرووپێکی تایبەتدا، لەلایەک بۆتە هۆی ناڕوونی لە ڕادەی داهاتەکان و دۆخی ڕاستەقینەی ئابووری و لە لایەکی دیکەوە ئەم گرووپە دەسەڵاتدارانە بە هۆی خاترجەم نەبوون لە بانکەکانی ناوخۆ، سەرمایە خەیاڵی و مفتەکانی خۆیان لە بانکە خاوەن ئیعتبارەکانی دەرەوەدا ڕادەگرن.

لەحاڵێکدا کە ڕۆژانە گرانی و هەڵاوسانەکان، چوونەسەری بێکاری و ڕاوەستاویی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ئابووریی ئێران دەبینرێ و هەست پێدەکرێ، ئاشکرابوونی پووڵ و سامانی فرەی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بانکەکانی دەرەوەدا دەرخەر و دەربڕی ئەم ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم نە تەنیا لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران بێگانە و نامۆن، بەڵکوو هیچکات خۆیان بە ڕۆڵەی ئەم ئاو و خاکە نەزانیوە و وەک هاووڵاتی و هاونیشتمانێکی ئەم وڵاتە خۆیان لەقەڵەم نەداوە و هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەر دەسەڵاتەوە، فکری ڕۆژانی دوای کۆتایی هاتنی حکومەتە سەرەرۆکەشیان هەبووە.



# کۆچ، سەفەر لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا

**گەر نیشتمانم منی ناوێ، منیش ئەوم ناوێ. دنیا بەرفراوانە**

**هۆگۆ گروتیووس***

**رێبوار مەعروف زادە**

ئاخۆ ئەوانەی کۆچ دەکەن ناچارن وڵاتەکەیان بە جێ بێڵن یان بە کۆچکردن، وڵاتیکی دیکە بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن؟ ئایا کۆچبەر بەو بیرە کە رۆژێک لە رۆژان بگەڕێتەوە، بڕیاری جێهێشتنی وڵاتەکەی دەدا؟ ئایا مرۆڤ بە کۆچکردن چەمکی نیشتمان و پێویستی مرۆڤ بە بوونی وڵات دەخاتە ژێر پرسیار یان نیشتمان بە قەت هەموو دنیا بەرفراوان دەکاتەوە؟ دواجار ئایا کۆچکردنی مرۆڤ مانای ئەوەیە کە ژیان گرینگتر و بەرفراوانترە لە نەتەوە و نیشتمان؟ پێوەندی ژیان، کۆچ، نەتەوە و نیشتمان لەگەڵ یەکتر چییە، ئەو چەمکانە لە کوێدا یەک دەگرن و لە کوێدا لێک هەڵدەبڕین؟

**کۆچ لە پێناو پەیداکردنی خواردن**

مێژووی کۆچ پێ بە پێی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هاتوە و لەگەڵ گۆڕانی جیهانی مرۆڤایەتیش گۆڕانی بە سەردا هاتوە. تا پێش لە جێگرتنی مرۆڤ لە شوێنێک هەر هۆزێک بە شوێن پەیداکردنی خواردن لە گەڕانێکی بەردەوامدا بووە. لەگەڵ پەیدابوونی وەرزێری و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە جوغرافیایەک، قۆناخی کۆچی رۆژانە یان کۆچ لە پێناو پەیداکردنی خواردن، وەک فۆرمێکی گشتگیری کۆچ، کۆتایی پێ دێ. بە رامکردنی ئەسب، بە دروستکردنی شەمشیر و پاپۆری سەفەر، کۆچی مرۆڤ پێ دەنێتە نێو قۆناخێکی نوێ. بەرە بەرە ئیمپراتۆرییەکان بیچم دەگرن و مرۆڤ جگە لەوەی دەتوانێ سەفەر بکا دەتوانێ خەڵکێکی دیکەش ناچار بە کۆچ و سەرهەڵگرتن بکا. لە راستیدا لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکان، سەردەمی شەڕە گەورەکان، کۆچ لە پێناو سزادانی مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگیرێ. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆرییەکان ئەوە بوو کە ناوچەی دەسەڵاتداری و توندوتیژی نواندنیان سنوورێکی دیاریکراوی نەبوو، واتە دەسەڵات هەر وەک ئایین پابەندی جوغرافیا و چوارچێوەیەک نەدەکرا، هەر بۆیە تاڵانکردن و راونانی خەڵکیش بەشێکی ئاسایی ژیانی ئەوان ئەژمار دەکرا. لە ئیمپراتۆرییەکان زۆربەی هەرە زۆری کۆچەکان کۆچی بە کۆمەڵ و زۆرەملێ بوون. بە گشتی کۆچ لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا بە شێوەیەکی رەها دوور بووە لە مانای سەفەر، چونکە جەوهەری سەفەر پشتئەستوورە بە ئیرادەی مرۆڤ بۆ رۆیشتن و بۆ گەڕانەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە ئامانجی کۆچ لە سەردەمی کۆندا دوورخستنەوە و تووڕدانی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە بووە لەو جوغرافیایە کە تێیدا شارەزا و دەستڕۆیشتوو بوون. واتە رۆڵی کۆچ کۆنترۆل و داگیرکردنی جوغرافیای ژیانی ئەو خەڵکە بووە.

بەو پێیە سووژەی سەرەکیی کۆچ لە سەردەمی کۆندا، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەکاندا، داگیرکردنی خاک بووە نەک خەڵک.

**کۆچ، سەفەر لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا**

لە سەردەمی مۆدێرندا واتە لە سەردەمی پەیدابوونی دەوڵەت_نەتەوە، دەزگای چاپ، دراو، شارنشینی، مافی خاوەندارێتی و ... ئامانج و شێوازی کۆچکردنیش گۆڕانی بە سەردا دێ. دەکرێ دەستپێکی مودێرنە بۆ شۆڕشی پیشەسازی لە سەدەی ١٨ بگەڕێنینەوە. لە سەدەی ١٨وە هەتا ئێستا خۆدی مۆدێرنەش گەشەی کردوە و لە شۆڕشی پیشەسازییەوە بەرەو شۆڕشی زانیاری و پێوەندییەکان پێشڤەچووە. لە مەودای زەمەنی نێوان شۆڕشی پیشەسازی تا شۆڕشی پێوەندییەکان جیهان بە سەر دوو بەشی خۆرهەڵات و خۆرئاوا دابەش بووە. جیهانی خۆرهەڵات جیهانێکە کە نەیتوانیوە لە سەردەمی نەریت بەرەو سەردەمی مۆدێرن بڕوا و جیهانی خۆرئاواش جیهانێکە کە نەتەنیا قۆناخی کۆنی تێپەڕاندوە، بەڵکوو گەیشتۆتە قۆناخی دووهەمی مۆدێرنەش کە وەک قۆناخی مودێرنەی دوایین یان پۆست مودێرنە دەناسرێ. بەو پێیە کۆچیش لە سەردەمی مۆدێرن دا دوو قۆناخی بڕیوە :

**١– کۆچ لە سەردەمی مۆدێرن‌دا**

لە سەردەمی مۆدێرندا، بەدەر لەوەی خەڵک لە کاتی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی یان ژینۆسایدی گەلان بۆ پاراستنی گیانیان ناچار بە کۆچکردن دەبن، بەڵام کۆمەڵێک تاک لە وڵاتانی جیاجیادا لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهاندا لە پێناو پاراستن یان پەرەدان بە هزر و بیروڕایان نیشتمانی خۆیان جێ دێڵن. هەوڵی مرۆڤ لە نێو رۆژهەڵاتدا ناتوانێ عەقڵانییەتی زانستی، مافی پرسیار و گومانی قووڵ و هەمەلایەنە، لە جێگەی عەقڵانییەتی ئایینی جێگیر بکا، بەڵام لە رۆژئاوا پاشەکشەیەکی گەورە بە دەسەڵاتی کڵیسا دەکرێ. هەروەها بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک هەوڵ بۆ بەختەوەریی نەتەوەکە دەنوێنێ. ناسیۆنالیزمی تورک، عەرەب، فارس، کورد و ... دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆچکردن وەک رووبەڕوو بوونەوەی ناسیۆناڵیزمی تورک، عەرەب، فارس، کورد و ... لەگەڵ یەکترە. لەو هەلومەرجەدا پێوەندی پێچەوانە لە نێوان کۆچ و ناسیۆناڵیزم دروست دەبێ، ناسیۆناڵیزم لە رێگەی دوو چەمکی نەتەوە و نیشتمان هەوڵ دەدا یەکیەتیی زمانی، کلتووری، جوغرافیایی، روحی و ... خەڵکێک لەگەڵ یەکیەتیی سیاسی، واتە لە چوارچێوەی بنیاتنانی دەوڵەت_نەتەوەیەکدا، یەکبخا. لێرەدا مانای کۆچیش بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێ. ناسیۆنالیزم هەوڵ بۆ پشتکردن لە نەتەوە نیشان بدرێ. هەر بۆیە زۆرێک لە کۆچبەران لە سەردەمی مۆدێرندا بە لانیکەم لە باری روحی و ویژدانییەوە خۆیان بە قەرزداری نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەزانن. سەردەمی مۆدێرن تا پێش لە بەجیهانیبوونی سەردەمی هێزگرتنی ناسیۆناڵیزمە، هاوکات سەردەمی کۆچکردن وەک کردەوەیەکی نێگەتیڤ و نەتەوەگەرایی وەک بەهایەکی پۆزێتیڤ جێدەگرێ. لەو فەزایەدا هەرچی خەڵک زیاتر کۆچ بکەن مانای ئەوەیە یەکگرتوویی نەتەوەیی کەمتر و چەمکی نیشتمان چەمکێکی لاوازترە.

**ناسیۆناڵیزم لە رێگەی دوو چەمکی نەتەوە و نیشتمان هەوڵ دەدا یەکیەتیی زمانی، کلتووری، جوغرافیایی، روحی و ... خەڵکێک لەگەڵ یەکیەتیی سیاسی، واتە لە چوارچێوەی بنیاتنانی دەوڵەت_نەتەوەیەکدا، یەکبخا. لێرەدا مانای کۆچیش بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەگۆڕێ. ناسیۆنالیزم هەوڵ بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک هەوڵ بۆ بەختەوەریی نەتەوەکە دەنوێنێ**

**٢– کۆچ لە سەردەمی گلۆباڵیزم**

گلۆبالیزم لەگەڵ لە دایکبوونی شۆڕشی پێوەندییەکان لە دایک دەبێ. لە سەردەمی گلۆباڵیزمدا پێوەندی و رووبەڕوو بوونەوەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، نەریت و مۆدێرنە، ئایین و زانست، هەژاری و خۆشبژێوی، داخراوەیی و کراوەیی کۆمەڵایەتی و .... وێککەوتنێکی رۆژانە و بەربڵاوە. کۆچ لە سەردەمی بەجیهانیبووندا بەرهەمی رووبەڕوبوونەوە و وێککەوتنی مرۆڤی رۆژهەڵاتی و مرۆڤی رۆژئاواییە. هەنووکە میدیای جیهانی و لە راستیدا میدیای رۆژئاوایی وایکردووە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ببێتە بینەرێکی چاوبرسی کە رۆژانە بە دەریایەک لە تێکنۆلۆژی، هونەر، سەرمایە، چێژ و ئاسایشی رۆژئاوا سەرسام دەبێ. میدیا دوو جیهانی دروست کردوە جیهانێکی بەهەشتی کە رۆژئاوایە و جیهانێکی چەقیو کە رۆژهەڵاتە.

هەروەها میدیا مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەو پرسیارە گەمارۆ داوە کە ئایا دەیهەوێ بە کۆچکردن لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دەرفەتی گەشە و ژیان بە خۆی بدا ؟ لەو دۆخەدا توانای سەفەرکردن لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا وەک توانای سەفەرکردن لە دێهاتەوە بۆ شار دەنوێنێ. لە سەردەمی گلۆباڵیزمدا پێناسەیەکی جیهانی بۆ ژیان دروست بووە کە لەو پێناسەیەدا توانای ژیان بریتییە لە توانای گەشەکردن. گەشەی مرۆڤیش لە بەهرەمەندی لە زانست، چێژ و سەرمایەدا خۆی دەبینێتەوە. لە سەردەدمی ئێستادا چیدیکە ناسیۆناڵیزمی رۆژهەڵاتی ناتوانێ بە خەونی بەختەوەری خەڵک سەرخۆش بکا، چۆنکە لە لایەک ئەزموونی زیاتر لە سەد ساڵی پێشووی ناسیۆناڵیزمی رۆژهەڵات ئەزموونێکی تێکشکاوە و لە لایەکی دیکە کۆچ بەرەو رۆژئاوا وەک دەروازەیەک بەرەو دەستەبەرکردنی رێژەیەک لە بەختەوەری و پێشکەوتن ئامادەیە. بەو پێیە لە ئێستادا کۆچ زیاتر لەوەی جێهێشتنی نیشتمان بێ هەڵبژاردنی ئەو قەناعەتەیە کە رێکەوتی لەدایکبوون لە شوێنێک نابێ بەو شوێنە بمانبەستێتەوە.

**سەرچاوەکان :**

١– سەفەری رەش، ئیسماعیل تەنیا
٢– کۆچ و سەفەر، ئاسۆ جەبار
٣– دیاردەگەرایی تاراوگە، رێبوار سیوەیلی
٤– ناسیۆناڵیزم و سەفەر، مەریوان وریا قانیح

* Hugo Grotius مافزان و سیاسەتمەداری هولەندی سەدەی هەفدە. گروتیوس بە ناچار دە ساڵ لە پاریس ژیا و بە دوور لە نیشتمان بە ناوبانگترین کتێبی خۆی «یاساکانی شەڕ و ئاشتی»ی نووسی.

# دەسەڵاتدارترین ژنانی جیهان

**ئا: کوردستان**

لە تازەترین پلەبەندیدا پێگەی ئینتێرنێتی گۆڤاری «فۆربێس» کە لە ئەمریکا دەردەچێت ناوی ١٠٠ ژنی ناسراوی جیهانی بڵاو کردۆتەوەو ئەو ١٠٠ ژنەی وەک دەسەڵاتدارترین ژنانی جیهان ناساندوە. لەو پلەبەندییەدا ژنانی سیاسەتمەدار پلەی یەکەم تا سێیەمیان بە دەست هێناوەو هەروەها ژمارەیەکی دیکەشیان یان سیاسەتمەدارن یان ژنی سیاسەتمەدارن و لە پلەکانی دیکەدان. بە پێی ئەو پلە بەندییە «ئەنگیلا مێرکێل» راوێژکاری ئەڵمانیا و «هیلاری کلینتۆن»، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پلەی یەکەم و دوو هەمیان بەدەست هێناوە و «دیلما رۆسۆف» سەرکۆماری بەرازیل وەک ژنێکی خاوەن دەسەڵات پلەی سێیەمی هێناوەتەوە. هەروەها هاوسەری گەورە سەرمایەداری جیهانی «بیل گەیتس» لە پلەی چوارەمدایە. ناوبرا لە ساڵی ٢٠١١دا لە پلەی شەشەمی ئەم پلە بەندییەدا بوو. هەروەها «ژیل ئابرامسۆن» سەرنووسەری رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز کە ساڵی پار لە پلەی ١٢هەمدا بوو ئەمساڵ هاتوتە پلەی پێنجەم. هەر بە پێی ئەم پلەبەندییە «سۆنیا گاندی» سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی هیند لە پلەی شەشەمدایە و «میشێل ئۆباما»ی هاوسەری سەرکۆماری ئەمریکاش لە پلە هەفتەمدایە.

لیستی ٢٤ کەسی یەکەمی ژنانی دەسەڵاتداری جیهان لە ساڵی ٢٠١٢دا بەم شێوەی خوارەوەیە:

١. ئەنگێلا مێرکێل، راوێژکاری ئەڵمانیا
٢. هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا
٣. دیلما رۆسۆف، سەرکۆماری برازیل
٤. ملینا گەیتس، هاوسەری بیل گەیتس و ئەندامی پایە بەرزی دامەزراوەی «بیل و ملینا»
٥. ژیل ئابرانسۆن، سەرنووسەری رۆژنامەی بەناوبانگی «نیۆیۆرک تایمز».
٦. سۆنیا گاندی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی هیند
٧. میشێل ئۆباما، هاوسەری سەرکۆماری ئەمریکا
٨. کریستیان لاگارد، سەرۆکی سەندوقی نێودەوڵەتی دراو
٩. ژانت ناپۆلیتانۆ، وەزیری ئاسایشی نێوخۆی ئەمریکا
١٠. شێرلی ساندبێرگ، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تۆڕی کۆمەڵایەتی «فەیسبوک»
١١. ئۆوپرا وینفێری، بێژەری تەلەفزیۆن
١٢. ئیندرا نویی، بەڕێوەبەری گشتی پیپسی
١٣. ئیرنە روزنفەرد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆراکی کرافت فوود.
١٤. لیدی گاگا، گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەمریکا
١٥. ڤێرجینیا رومتی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئای بی ئێم(IBM).
١٦. کریستینا فێرناندز، سەرکۆماری ئەرژانتین
١٧. ئۆرسۆلا بورنس، بەڕێوەبەری کۆمپانیای «زرۆکس»
١٨. مێگ ڤیتمەن، بەرپرسی بەڕێوەبەری «هیلۆت پاکارد»
١٩. ئان سان سووچی، رێبەری ئۆپۆزسیۆنی مایىمار
٢٠. سیلڤیا فۆستێر، بەرپرسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی «پێترۆلئۆ برازیل»
٢١. ماریسا مایر، بەرپرسی بەڕێوەبەری یاهوو
٢٢. ئانە سوئێنیی،بەرپرسی گرووپی میدیایی ئای لای سی (ABC)
٢٣. دایانا ساویر، بەرپرسی گرووپی نێودەوڵەتی کاناڵی (ABC)
٢٤. ئەنجلینا بێرلی بەرپرسی بەڕێوەبەری کۆمپانیای«WellPoint»










# ئۆرهان پاموک

## خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی٢٠٠٦



شوان ئەحمەد

(پاموک وەک نوسەرێکی ئازاو دیموکراتو وەک داکۆکیکارێکی کوردانو مافی دەربڕین لەدەرەوەو ناوەوەی تورکیا، پێشکەشکەری نمونەیەکە لە وەفاداریو پابەندی بەبایەخەکانی مرۆڤ)

د. هاشم ئەحمەد زادە

رەنگە تائەم یەک دووساڵەی رابردوو ناوی «پاموک» بۆ ئێمە شتێکی ئەوتۆی نەگەیاندبێو ئاشنا نەبووبین پێی.. راستیەکەی رۆشنبیری کوردی بەچەند ناوێکی کەمو دیاریکراوی رۆشنبیری تورکی ئاشنایەو بەرهەمەکانیان کەم تازۆر لەبەردەستی خوێنەرانی ئێمەدایە. خوێنەری ئێمە ئەوەندەی بە«یەشارکەمال»و «نازم حیکمەت»و «عەزیز نەسین»و «ئیسماعیل بێشکچی«و «یەڵماز گۆنای » ئاشنایە، ئەوەندە ئاگاداری کارو بەرهەمەکانی رۆماننوسێکی گەورەی وەک»ئۆرهان پاموک»و شاعیرێکی نوێخوازی وەک «فازڵ حوسنی داغلرجە«و رەخنەگرێکی بەناوبانگی وەک «دۆغان هەزلان» نییە.

کتێبخانەی کوردی بەرهەم گەلێکی نوسینەکانی «نازم حیکمەت»و «یەشار کەمال»و «عەزیز نەسین»و «بێشکچی« تێدایە، بەڵام لەنوسینو رۆمانەکانی «پاموک» خاڵییە(٢). ئەو ئەگەرچی سی ساڵە دەنوسێتو خاوەنی ژمارەیەک رۆمانی دانسقەیەو هەریەک لەو رۆمانانەش بۆچەندین زمانی زیندووی جیهانی وەرگێردراونو خەڵاتی گەورەو گرنگیشیان بەدەستهێناوە، بەڵام رۆشنبیری کوردی بەرهەهۆیەک بێت ئاوڕی لەو نوسینانە نەداوەتەوەو قسەی لەبارەوە نەکردون. بێگومان بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ بە«پاموک»، وادەکات گرنگیەکی زیاترو زۆرتر بەنوسینو بەرهەمەکانی بدرێت، ئەڵبەتە رۆشنبیری کوردیش پشکی خۆی لەو گرنگی پێدانەدا دەبێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەنوسینێکی جوانو گرنگی «هاشمی ئەحمەد زادە« بکەم، لەسەردوا بەرهەمی ئەدەبی «ئۆرهان پاموک»کە لەهەفتەنامەی(رۆژهەڵات) دا بڵاویکردۆتەوەو یەکێکە لەو نوسینانەی هاوکاریەکی باشمان دەکات بۆئاگاداربوون لەژیانو جیهانی نوسینی ئەو. بۆ زانیاری زیاتر خوێنەری بەرێز دەتوانێت لەم سەرچاوەیەدا بۆ ئەو نوسینە بگەڕێت: (دکتۆر هاشم ئەحمەد زادە: بەشوێن نهێنیەکانی نوسەرێکی گەورەدا- خوێندنەوەی دوا بەرهەمی ئۆرهان پاموک؛ ئیستانبول- بیرەوەریەکانی شارێک، رۆژهەڵات، ژمارەی- ٥٦، سێشەمە ١٦ جۆزەردانی١٣٨٥، لاپەڕە-١٣-).

ئەگەر مێژوی رۆمانی نوێی تورکی بە«یەشارکەمال» دەست پێبکات، ئەوا لەگەڵ»ئۆرهان پاموک»دا ئەو مێژووە سوڕی خۆی تەواو دەکاتو دەگاتە لوتکە. سەروەختێک «یەشارکەمال» شاکارەگەورەکەی خۆی (حەمەدۆک) بڵاودەکاتەوە ١٩٥٥، (ئەم رۆمانە مامۆستا عەبدوڵلای حەسەن زادە کردویەتی بەکوردی)، «ئۆرهان پاموک» لەتەمەنی سی ساڵاندا دەبێتو بیستو چوار ساڵ دوای ئەوە، یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی (تاریکیو روناکی) بەزنجیرە لەرۆژنامەی (میللییەت)دا بڵاودەکاتەوەو خەڵاتی رۆژنامەکەی بۆرۆمان پێدەدرێت.

«پاموک» ساڵی ١٩٥٢ لەگەڕەکی (نیشان تاشی) شاری ئەستەمبول دێتە دنیاوە. بنەماڵەکەی یەکێکە لەبنەماڵە دەوڵەمەندو خۆپێداوەکانی ئەوشارە. باوکی سەروەتو سامانێکی زۆری لەباپیریەوە بۆجێدەمێنێت. سەرەتای تەمەنی لاوێتی بەوێنەکێشان دەستپێدەکات، بەڵام حەزوخولیای نوسین وازی لەوێنەکێشان پێدێنێت. تەنانەت لەپێناو نوسیندا بێگوێی خانەوادەکەی دەکاتو واز لەکۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازی دێنێت. ئەگەرچی دوای ئەوە پەیوەندی بە پەیمانگای باڵا بۆرۆژنامەوانی دەکات، بەڵام هەرگیز کاری رۆژنامەنوسی ناکات. «پاموک» لێرەدا چیرۆکی ژیانیو سەرەتای دەستپێکردنی کەم تازۆر بەسەربوردەی رۆماننوسی بەناوبانگی بەرازیل «پاولۆکۆیلۆ» دەچێت.»کۆیلۆ»ش هەروابووە. خەونی بوون بەنووسەر وایلێدەکات دەستبەرداری زۆرشت بێت، ئەویش وەک «پاموک» خانەوادەکەی دڵخۆشبوون بەوەی لەزانکۆ کۆلێژی ئەندازیاری یاخود یاسا بخوێنێت، بەڵام هیچیان ناکاتو شوێن حەزو خولیای ئەبەدی خۆی دەکەوێت کەبوون بەنووسەرە. «پاموک»یش وادەکات نەلەسەر وێنەکێشان بەردەوام دەبێتو نەتەلارسازی دەخوێنێت. بۆیە لەتەمەنی بیستوچوار ساڵیەوە دەرگا لەسەرخۆی پێوەدەداتو بڕیاری ئەوە دەدات ببێتە رۆماننوسو هیچی تر.

عەشقی هەریەک لە«کۆیلۆ»و»پاموک» بۆنوسین، سەرەڕای هەمووشتێک دەیانگەیەنێتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ تێیدان، ناوبانگێکی جیهانیو بەدەستهێنانی خەڵاتێکی زۆر. دوای(تاریکیو روناکی) رۆمانە بەناو بانگەکەی (جەودەت بەگو کوڕەکانی)دەنووسێت، ئەم رۆمانەی لەساڵی١٩٨٢ بڵاودەکاتەوەو دوای ساڵێک خەڵاتی(ئۆرهان کەمال) بۆرۆمان لەسەر وەردەگرێت. پاشان لەساڵی١٩٨٣(ماڵی بێ دەنگ) دەنووسێتو دوای وەرگێڕانی بۆسەرزمانی فەرەنسی، لەساڵی١٩٩١ خەڵاتی(دۆزینەوەی ئەوروپایی) فەرەنسی پێدەبەخشرێت. بەنوسینی رۆمانی(قەڵای سپی) لەساڵی١٩٨٥دا، ناوبانگێکی زۆری جیهانی پەیدادەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩٠دا بۆسەر زمانی ئینگلیزیو چەند زمانێکی دیکەی جیهانی وەردەگێڕدرێت. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا رودەکەنە زانکۆی کۆلۆمبیا لەشاری نیویۆرکو ماوەی سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەشێکی زۆری رۆمانی(کتێبی رەش) لەوێ تەواودەکاتو ساڵی ١٩٩٠ لەتورکیا چاپدەکرێت. لەگەڵ وەرگێڕانی بۆسەر زمانی فەرەنسیش خەڵاتی france cultre وەردەگرێت، ئەمەش ناوبانگی زیاترو زۆرتری لەناخۆو دەرەوەدا بۆدەستەبەر دەکات. ساڵی١٩٩٤ پڕفرۆشترین کتێبی ئەدەبی نوێی تورکی دەنوسێت، بەناوی(ژیانی نوێ). ساڵی ١٩٩٨ رۆمانی(ناوم سورەیە) دەنووسێتو سێ خەڵاتی ئەوروپایی لەسەر وەدەگرێت:

-باشترین کتێبی بیانی، ساڵی٢٠٠٣ لەفەرەنسا.

-خەڵاتی avouv vinzae، ساڵی ٢٠٠٢لە ئیتاڵیا.

-خەڵاتی ئەمباڵ بۆئەدەب لەشاری دبڵنی ئیرلەندە، هاوینی٢٠٠٣ کە یەکێکە لەگەورەترین خەڵاتە ئەدەبیەکان لەجیهاندا.

دوا رۆمانی«پاموک» بەناوی(بەفر)ە وەیەو ساڵی٢٠٠٤ بەچاپی گەیاندووەو بۆزیاتر لەسی زمانی زیندوی جیهان وەرگێڕدراوە. جگە لەم رۆمانەی دووکتێبی دیکەی بەچاپ گەیاندووە:

یەکەم/ رەنگەکانی تر، ساڵی١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوەو بریتیە لەکۆمەڵە وتارو تێکستێکی خۆی.

دووەم/ ئەستەنبول- بیرەوەریەکانی شارێک-، ساڵی٢٠٠٣ چاپکراوەو بریتییە لەژیاننامەی خۆی تاتەمەنی ٢٢ساڵی، لەگەڵ ژمارەیەک وێنەی زۆری خۆیو شاری ئەستەنبول لە١٩٥٢ بۆ ١٩٧٤. لەم کتێبەدا راشکاوانە «پاموک» باس لەهەموو شتە نهێنیو شاراوەکانی ژیانی تایبەتی خۆیو خانەوادەکەی دەکات، هەروەهاو وردەکاری زۆرمان لەسەر کوچەو کۆڵانو گوزەرانی شارێکی مێژویی گەورەی وەک ئەستەنبول پێدەڵێت. شایەنی باسە ئەستەنبول چەقێکی گەورەو سەرەکی ژیانو خەونو نوسینی«پاموک» پێکدەهێنێت. ئەستەنبول لەلایەک بۆئەو زێدی لەدایک بوونو گەورەبوونو ژیانە، لەلایەکی دیکەش ئیلهامو سەرچاوەی سەرەکی رۆمانو نوسینەکانیەتی. هەروەها ئەو چەقەیە کە خۆرهەڵاتو خۆرئاوا تێیدا بەیەک دەگەن.

ئەگەرچەقی رۆمانەکانی رۆماننوسێکی گەورەی وەک»نەجیب مەحفوز» قاهیرەو کوچەو کۆڵانەکانی«بۆلاق»و»خان خەلیلی« بێت، ئەوا گەڕەکی(نیشان تاشی)و ئەستەمبوڵ مەڵبەندی سەرەکی رۆمانەکانی«پاموک»ن.»نەجیب مەحفوز» بەدرێژایی ٩٥ ساڵ تەمەن هەر لەقاهیرەدا ژیاو ئەوشارەی جێنەهێشتو کەرەستەی نوسینیشی ژیانی مرۆڤەکانی ئەوشارە بوو.»پامۆک»یش بەهەمان شێوە جگە لەوسێ ساڵەی مانەوەی لەنیویۆرک، ئەستە مبولی جێنە هێشتووەو قەڵەمەکەی بەسەربوردەی مێژوو کێشەی مرۆڤەکانی ئەو شارەوە خەریک بووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆئەوەش بکەین کە«پاموک» تەنانەت بەرلەوەی دەست بەنوسینیش بکات، لەبواری وێنەکێشاندا هەر بە ئەستە مبولە وە خەریک بووە. واتە بەقەڵە مو بەفڵچە خەریکی دروستکردنو خوڵقاندنو وێنەگرتنی شارەکەی بووە. بۆئەو گرنگ نەبووە وێنەبکێشێت یان بنوسێت، گرنگ ئەوەبووە لەهەردووکیاندا ئەستە مبولی ئامادەبێتو رەنجی خۆی لەپێناو ئەوشارەدا بەخەرج بدات.»پاموک»وەکی نوسەری کۆنی سەردەمی عوسمانی«لاتفی«، لەیەککاتدا هەم ستایشی ئەستە مبول دەکاتو هەم سەرکۆنەشی دەکات، لەلایەک رووە جوانەکانی نیشان دەداتو لەلایەکی تروێنەی هەموو دەردەداریو ناعەدالەتیو دزێویەکانی دەگرێت. ئەگەر لای«پامۆک» شوناس بووبێتە تیژێکی ئەدەبیو بەردەوام لەکارەکانیدا لەهەوڵی ئەوە دابووبێت شێوە جیاجیاو دیوە جیاوازەکانی کۆبکاتەوە، ئەوا لابوری ئەم کارەی جگە لەئەستانبول شوێنێکی ترنییە.

مامۆستای گەورەی رۆمانی نوێی تورکی«یەشارکەمال»، مەڵبەندی هەرەزۆری رۆمانەکانی ناوجەرگەی گوندەکان و ژیانی لادێ نشینانی کوردستانە٠ ئەوزیاترسەرقاڵی خستنە روی کێشەو ململانێ خوێناویو تاقەت پڕوکێنەکانی گوندە چەپەک و دوورە دەستەکانە، کەمرۆڤەکانی لەپێناو ئازادیو ژیانو سەرفرازیدا لەشەڕێکی بێئامانو دەستەو یەخەدان، لەگەڵ سروشتو لەگەڵ ئەودەسەڵاتدارە ستەمکارانەی بڕیاری ژیانو مردنی خەڵکو خوایان بەدەستە. لەرۆمانی(حەمەدۆک)دا ئەوەی پاڵەوانی رۆمانەکە لەواقیعدا دەیکات، بەوئەفسانانە دەچێت کە باسدەکرێنو دەماودەم دەگێڕدرێتەوە. بەکورتیەکەی گوندی تورکیو ناوچە چەپەک و سەختگیرەکانی کوردستانی باکور، مەڵبەندی سەرەکی رۆمانە قەوارەگەورەکانی«یەشارکەمال»ن، بەڵام لەگەڵ»ئۆرهان پاموک»دا رۆمانی تورکی ئاراستەیەکی تر وەردەگرێتو شوێنگەلێکی تر دەکاتە مەڵبەندی روداو وململانێکانی. ئەودێت لەگەڵ دەسپێکردنیدا لەلادێوە دەگوازێتەوە بۆشار، لەکەنارەوە دەچێت بۆ سەنتەر، لەشوێنە چۆڵو فەرامۆشکراوەکانەوە، دەگوازێتەوە بۆناوشارە قەڵەباڵغو پڕهەراو زەناکان. بێگومان ئەم گواستنەوەیەش لەئاستی تەکنیکو جیهانبینیو زمانو داڕشتنی رووداودا دەخوازێت. ئیتر زمانو تەکنیک بەوشێوە سادەو رەوانییەی جاران نامێنن کەهەڵقوڵاوی واقعی گوندنشینان بوو، بەڵکو زمانو تەکنیک لەسەر ئاستێکی ئاڵۆزترو بەگرێو گواڵتر بەکاردەبرێت، کەتەعبیرە لەئاڵۆزیو تێکچڕژانی واقعی شارێک کەسەر شارە بەمۆدێرنەو کە لەپوور، کۆنو نوێ، شارستانیەتی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، فرەکلتوریو فرەزمانیو فرەنەژادی. شارێکی کۆسمۆ پۆلیتی کە کەوتۆتە نێوان دووکیشوەرو دوو شارستانیەتی جیاجیاوە. هەربۆیە بەراورد بەرۆمانەکانی«یەشارکەمال»، رۆمانەکانی«پاموک» ئاڵۆزترو قورستر دێنە پێش چاو.. لێرەدا بۆئەوەی خوێنەر بەهەڵەدانەبەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە«پاموک» لەدوا رۆمانیدا، بۆیەکەمجار لەئاستەمبول دەگوازرێتەوەو شارێکی وەکوقارس لەباکوری خۆرهەڵاتی تورکیا دەکاتە مەڵبەندی روداوەکانی.بالێرەبەدواوە لەو سەرەتاو گێڕانەوەیە دوورکەوینەوەو باس لەوەبکەین کەبۆچی بەخشینی خەڵاتێکی وەک نۆبڵ بە«پاموک»، وەک بەخشینی بە«هارۆڵد پنتەر» دڵخۆشمان دەکات. راستیەکەی لەناو لێشاوێک نوسەرو ئەدیبو رۆژنامەنوسی شۆڤێنی تورکیادا کەهەمیشە خەریکی بەخشینەوەی تۆمەتن بەسەر کورداو لەهەوڵی ئەوەدان رقی دەسەڵاتدارانی تورک لەکورد ئەستورترکەنو وێنای کورد وەک غۆلێک بکێشن، چەند دەنگێکی زیندوو چەند ویژدانێکی مرۆڤ دۆست هەن کەدژبەم شەپۆلە مەلەدەکەنو تەنانەت رسک بەژیانو نێوبانگو ئاسودەیی خۆیانەوەدەکەن. ئەوباجە زۆرەی ساڵانێکی دورودرێژ سۆسیۆلۆژستێکی مەزنی وەک «ئیسماعیل بێشکچی« وسینەماکارێکی وەک «یەڵمازگۆنای«و رۆماننوسێکی گەورەی وەک «یەشارکەمال» دایان، راستی ئەوقسەیە دەسەلمێنن.

هەڵوێستی بوێرانەی«پاموک»یش لەم پێناوەدا، هەرئەوەی لێکەوتەوە. ئەوکاتێک هێڵە سورەکانی دەوڵەتی تورکیای بەزاندو ئازایانە باسی کوشتوبڕی ئەرمەنەکانو زوڵمو ستەمی سەرکوردانی کرد، دادگاکانی تورکیا بەمادەی ٣٠١ تاوانباریانکرد(مادەی٣٠١، ئەوکەسەی سوکایەتی بەتورکایەتیو کۆماری تورکیاو پەرلەمان بکات، بەگوێرەی یاسا لە٦ مانگ تاوەکو ٣ساڵ سزادەدرێت).

لەکاتی پێبەخشینی خەڵاتی ئاشتی لەپێشەنگای جیهانی کتێب لەفرانکفۆرت بە«یەشارکەمال»،گۆڤاری فرانکفۆرتەر ئەلگەماینە، دیدارێکی رۆژنامەنوسی لەگەڵدا سازکرد، لەو چاوپێکەوتنەدا»یەشارکەمال» بوێرانە وتبوی( روی دەمی لەدەسەڵاتدارانی تورکیابووە) کە(بەجەنگو سیستمی چەپاندن، ویستەکانی مرۆڤ بۆئازادی ناچەپێنرێت). «ئۆرهان پاموک»یش کەمێژووی خوێناوی تورکیا هەڵدەداتەوە، دەیەوێت دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەی لەوراستیە ئاگادار بکاتەوەو پێیان بڵێت(ویستی گەلانی غەیرە تورک لەچوارچێوەی دەوڵەتی تورکیا بۆئازادیو رادەربڕین، مافێکی سروشتیەو لەبری سەرکوتکردن قبوڵکردنی پێویستە). گۆڕینی سیاسەتی فاشیانەی دەوڵەتی تورک، لەبری ئەوەی لەژێرفشارو زەختو زۆری دەرەوەدا مەیسەربێت، پێویستە لەناوخۆی ئەووڵاتەدا وەک قەناعەتێک دروست بێت. بێگومان ئەوەی رۆڵی سەرەکی لەدرستکردنی ئەو جۆرە قەناعەتەدا دەبێت، ئەو دەستە بژێرانەی کۆمەڵگەن کەخاوەنی ویژدانێکی تەندروستی مرۆڤانەن.

ئەڵبەتە لەوڵاتێکی وەک تورکیادا پێویستی زۆر بەدەنگی بوێری وەک «ئۆرهان پاموک» هەیە، تانەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە بگۆڕێتو شتەکان بچنەوەسەر راستە رێگای خۆیان.. ئەی ئەرکی ئەدەب چیە، جگە لەجوانترکردنی ژیانو واقیع نەبێت٠ بەرلەوەی «پاموک»بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی جیهانی پێ بدرێت، زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی بۆزمانە جیاجیاکانی دنیا وەرگێڕدران، کەزمانی کوردی یەکێک نەبوو لەوانە، ئێستا دوای بەخشینی خەڵاتەکەو دوای ئاشکرابوونی هەڵوێستە بوێرانەکانی لەسەر دۆزی کورد، هەقی خۆیەتی کەسانی تورکی زان ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆو بەشێک لەبەرهەمە گرنگەکانی «پاموک» بکەنە کوردی، چونکە هەم لەبەر بەهای نوسینەکانیو هەم بۆخاتری هەڵوێستەکانی، شایەنی ئەوەیە لەکتێبخانەی کوردیدا جێگایەکی هەبێتو هەموان لێی بەهرەمەندبین.

پەراوێز:

١- دوای نوسینی ئەم وتارە خۆشبەختانە رۆمانی (بەفر) لەلایەن «بەکر شوانی«یەوە کرا بەکوردیو «بەختیار عەلی« پێشەکیەکی درێژی بۆ نوسیووەو لەلایەن دەزگای ئاراس لە هەولێر بەچاپ گەیەنرا.

٢- ئێستاو لەم چەند ساڵەی دواییدا، خەریکە بەرە بەرە دیدارو وتارو وتارو رۆمانەکانی «پامۆک» دەکرێنە کوردی، لەپاڵ رۆمانی (بەفر)دا، رۆمانی (ناوم سورەیە) کراوەتە کوردی.



هەڵە چێنی

# رێکخستن چەکی هەر گرنگی پیاوانە!



مستەفا شێخە

لەوەتی رێکخستن و رێکخران و رێکخراو بووەتە کەرەستەیەکی باو و سەردەمیانە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ کێشەکاندا، پیاوی کورد وەک ئەمجارەیان نەیتوانیوە لە دروستکردنی رێکخراودا بەمجۆرە لێی وەدەست بێت و بیر لە پێکهێنانی رێکخستنێکی چارەنووسساز بکاتەوە.

ماوەی چەند ساڵە کوردان لە هەموو پارچە لێکدابڕاو و پێکەوەنووساو و وێکهاتووەکانیاندا خەریکی خۆ رێکخستنن. جارهەیە ئەوەندە خۆیان رێک دێخن و لەیەکتری مۆڕ دەبنەوە و وەک کەڵی لەشەڕ گوێیان لەیەکتری دەمووچەوە دەنێن، پیاو سەری سوڕ دەمێنێت کە چۆنە گەلانی دەوروبەر لە ترسانیان هەزاران ئاودەستی دیکەیان بۆ خۆیان دروست نەکردوە.

لەمێژە ئێمە خاوەنی دەست وتفەنگین و زۆرجار تفەنگمان بۆ ئامانجی خراپ بەدەستەوە گرتوە، تەنیا جارێک نەبێت کە دەڵێن پیاوێک دوای ئەوەی ماستێکی شل لە دەست خێزانەکەی وەردەگرێت، دەست دەداتە چەک و دەچێتە سەربانی ماڵەکەی و لە خێزانەکەی رادەخوڕێت و دەڵێت بۆم وەردەرێ! هەتا خاوەنی ئەم دەست و تفەنگەبم، بە شل دەڵێم شل و بە توندیش دەڵێم توند.

ئەمەیان وەک مێژووی خەباتی چەکدارانەی پیاوان پێمان دەسەلمێنێت پیاوی سمێڵ بابڕ لە مێژوودا دژ بە ستەم و چەوسانەوە بەدەست ژنانەوە دەستی بۆ چەکیش بردوە.

کە باسی چەک کرا، واباشە پیاوان هەمیشە خۆیان بە چەکی تازەوە تەیار بکەن. لە ناو زۆربەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانیشدا ئەم دروشمەمان بیستووە کە دەڵێت «رێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە«. رەنگە تەنیا ئەم چەکە لە فریای پیاوانی ستەم لێکراوی کورد بکەوێت. پیاوانی چازان و تێگەیشتووی ئێمەش هەر نەبێت جارێ لە پارچەی ئازاد کراوی کوردستاندا هەستیان بە بۆشایی نەبوونی رێکخراوی پیاوان کردووە و دامەزراندنی «یەکیەتیی پیاوانی کوردستان» لەم بوارەدا بۆشاییەکی گەورەی پڕ کردووەتەوە.

پیاوانی ئێمە بەتایبەت لەم دواییانەدا کە دەور و زەمانە لە گرێژەنە چووە و ژنان زۆر لە دەلینگی خۆیان زیاتر پێ رادەکێشن و تەنانەت پیاو ناتوانێت بۆ سەلماندنی شل و توندیی ماستی بەردەمیشی دەست بۆ چەک بەرێت، پێویستە بزانن رێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە.

لەکاتێکدا، ژنان بۆ ئەوەی پیاوان تاوانبار پێشان بدەن، رووداوەکانە فرت و فێڵێ وەک خۆسووتاندن بە پەرەمێز و یان چەکی دەستی پیاوان بەرەو رووی خۆیان دەگرن و بە فێڵ و تەڵەکە پیاوان هان دەدەن بە ئەنگوستی دۆشاومژەیان ماشەی تفەنگەکان بکێشن.

لە کاتێکدا ژنان دەستیان وە کورسیەکانی پەرلەمان رادەگات و لەوێ گومان دەخنە سەر یاسای پیرۆزی فرەژنی و ئێزن نادەن پیاوێک بە زەبری شان و باهۆ، شان وەبەر هەزران ئەرکی قورس بدات و سێ چوار زەعیفە تێر نان و پێخۆر و جل و بەرگ بکات، لە کاتێکدا ژنان ددانیان لە پیاوان سپی سپی بووەتەوە و بەمەش راناوەستن و رۆژانە پارەیەکی زۆر بە کەرستەی ددان شوشتن دەدەن و مانگانە و ساڵانەش ئەم پووڵە جوانە لەمستی پزیشکە ددانسازەکان دەکەن، لە کاتێکدا ژنان بەم هەموو ستەمە دەرحەق بە پیاوان راناوەستن و چەندین رێکخراو و رێکخستن بەناوی یەکیەتیی ژنان و نازانم چی و چیەوە دادەمەزرێنن، لەو کاتەدا ژنان بەمجۆرە لەبەرانبەر پیاواندا سەنگەر دەگرن و گەمە بە پیاوان دەکەن و لێیان دوور دەکەونەوە و تەنانەت بەناوی گۆرانیبێژ و سەماکەرەوە بەنازەوە بێ سێحەب و سەرپەرست خۆیان بادەدەن، پیاوانیش مافی ئەوەیان هەیە خاوەن هەڵوێست بن و خۆ بەخۆ خۆیان رێکبێخن.

دامەزاندنی یەکیەتیی پیاوان کە ماوەیەکە لە بەشێکی کوردستان راگەیەندراوە، وەڵامێکی توندە بۆ ئەو ژنانەی لە جیات ئەوەی لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بن و پێ لە نەریت و یاسا باوەکان نەنێن کە دەبنە هۆی سێبەری فێنک کەرەوە و ئارامبەخشی سەر ژنان، خەریکن لە چەند رێکخراوی دوور لە پیاوان دادەمەزرێنن و بە جیا خۆیان رێک دەخەن.

پیاوانی کوردستان بەم پێشدەستییەیان کە تا ئێستا لە ئورووپا و ئەمریکاش یەک تاقە پیاو بیری لەوە نەکردووەتەوە رێکخراوێکی لەمجۆرە بۆ پیاوان دابمەزرێنێت، پێویستە بەدوای ئەو پیاوەدا بگەرێین کە یەکەمجار بیری لە دامەزراندنی یەکیەتیی پیاوانی کوردستان کردووەتەوە و هەوڵ بدەین ناوی لە کتێبی جیهانیی گیبس‌دا بنووسرێت.

پێشکەوێت خەباتی ماندوویی نەناسی پیاوان لە ریزە پتەوەکانی یەکیەتیی پیاوانی کوردستاندا.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 590 5 sept 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# بەرەو ٢٠ ساڵەی کارەساتی تیرۆری میکونووس

نووسینی: ب.هیوا

٢٦ی خەرمانان (١٧ی سیپتامبر) بۆ حیزبی دیموکرات، گەلی کوردو تەواوی ئازادیخوازانی ئێران وەبیر هێنەرەوەی کارەساتێکی تاڵو خوێناوی‌یە. لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیان فەتتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان‌و خەباتگێری ناسراوی ئێرانی‌و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، لە بێرلین کەوتنە بەر دەسرێژی تیررۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی‌و شەهید بوون.

دوکتور شەرەفکەندی (دوکتور سەعید)و سێ شەهیدی دیکەی ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە لە کاتێکدا کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆریستەکان کە لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەران‌و تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیونی ئێراندا، لە ریستۆرانی میکونووس کۆببوونەوە و لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری‌و هاوخەباتیی هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیون لە دژی کۆماری ئیسلامی، خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بوون. دوکتور سەعیدو سێ هاوڕێی شەهیدی هەمووی چەند سەعاتێک بوو لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست گەڕابوونەوە.

کۆماری ئیسلامی کە سێ ساڵ پێشتر، لە ڤییەن‌و لە سەر مێزی وتووێژ دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات‌و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵاتی تیرۆر کردبوو، دەیەویست بە دووپات کردنەوەی زەبری بە ژانی خۆی لە حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە جارێک لاواز بکا و لە مەیدانی خەبات‌و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە وەدەریان بنێ. بەڵام تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات‌و کۆمەڵانی دێموکراتدۆست‌و دێموکراتپەروەری خەڵکی کوردستان، بە وەفاداری‌و بەردەوامی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدیان‌و بە نیشاندانی پشتیوانی‌و خۆشەویستیی بێ‌سنووریان بۆ حیزبی دێموکرات، کۆماری ئیسلامییان ناکام‌و ناهومێد کرد. جگە لەمەش، ئەمجارەیان ئەو ڕێژیمە تیرۆریست‌و تیرۆریست پەروەرە، کلکی بە تەڵەوە بوو و ئەنجامدانی جینایەتی ڕێستۆرانی میکونووسی زۆر بە گران لە سەر تەواو بوو. چونکە بە دوای گیرانی هێندێک لە بەشداران و بەڕێوەبەرانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکە لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانەوە، دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە لە موحاکەمەیەکی مێژوویی‌دا کە سێ ساڵی خایاند، پەردەی لە سەر دەست هەبوونی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتە و زۆر کردەوەی تیرۆریستیی دیکەدا بە گشتی لادا و، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا مەحکووم‌و ڕیسوای کردن.

ئێستا کە بەرەو ٢٠ ساڵەی جینایەتی ریستۆرانی میکونووس دەچین جیی خۆیەتی بیرەوەریی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بکەین بە بۆنە و دەرفەتێک لە لایەک بۆ ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و ڕۆڵی سەرکردانەی شەرەفکەندیی نەمر و هاوڕێیانی شەهیدی و لە لایەکی دیکەوە ئاور لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بدەینەوە. با لە ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی د.شەرەفکەندی دا لە سەر یەکیەتی، لێک نزیکبوونەوەو هاوخەباتیی هەرچی پتری ئازادیخوازانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و توندکردنی خەبات بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی‌و هێنانە سەر کاری نیزامێکی دێموکراتیک لە ئێراندا پێ دا بگرین. با لە بیریشمان بێت کە د.شەرەفکەندی لە کاتیک دا شەهید بوو کە لە سەر هەر سێ ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستانی و ئێرانی دا، قۆڵی لە سڕینەوەی گرژییەکان و لێکنزیککردنەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ، هەڵماڵیبوو. هەر بۆیە هیچ هەوڵێک بە ڕادەی هەنگاونان بۆ تەبایی و لێکنزیکبوونەوە و گرنگیدان بە هاوخەباتی لەم چەند ئاستە جیاوازە دا گیانی ئەو شاد ناکا.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس

---

## جەولەی پێشمەرگەکانی حدک بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتۆر شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی

بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات و هێزی پارێزگاری جەولەیەکی پێشمەرگانەیان وەڕێ خست.

ڕۆژی دووشەممە ١٣ی خەرمانان بەرامبەر بە ٣ی سێپتامبری ٢٠١٢ی‌زایینی بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان‌و هێزی پارێزگاری، جەولەیەکی هاوبەشی پێشمەرگانەیان لە چیای باواجی بەڕێوەبرد.

پاش گەڕان‌و جەولەیەکی چالاکانە، کاتژمێر ٤ی



پاش نیوەڕۆ بۆ پرسەی سێ ڕۆژانەی کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات مام حوسێن محەممەدزادە، تێکڕا چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و هاودەردی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی کۆچ کردوو دووپات کردەوە.

## لە کێبڕکێی کیک بۆکسینگ دا تیمی منداڵانی دێموکرات پلەکانی یەکەم و دووهەمیان وەدەس هێنا

تیمی کیک بۆکس منداڵانی سەر بە کۆمیسیونی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یارییەکی دۆستانە دا لە گەڵ تیمی منداڵانی سەربە سەنتەری گەنجانی کۆیە پلەکانی یەکەم و دووهەمی وەدەس هێنا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی خەرمانان تیمی کیک بۆکسی منداڵانی سەر بە کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی ڕاهێنەر، سەید ئومید سەید قادری و بە یاریدەدەریی شەهاب رەحمان پوورو سەلاح خەلیلی لە کێبڕکێی کیک بۆکس لەگەڵ تیمی منداڵانی سەر بە سەنتەری گەنجانی کۆیە



لە باشووری کوردستان یارییەکی دۆستانەیان بەڕێوەبرد.

لە ئاکامی ئەم کێبڕکێیەدا تیمی کیک بۆکسی منداڵانی دێموکرات توانییان پلەکانی یەکەم و دووهەمی ئەم کێبڕکێیە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەو یاریزانانەی لەم کێبڕکێیەدا پلەی یەکەمیان وەدەس هێنا بریتین لە:

لە کێشی ٤٨ کیلۆگرەم، شەهاب رەحمان پوور
لە کێشی ٤٧ کیلۆگرەم، ڕێبوار حەسەن
لە کێشی ٢٥ کیلۆگرەم، زانکۆ خوسرەوی
لە کێشی ٣٧ کیلۆگرەم، پەیوەند پڕکاڵ و ئاریا عەزیزی
لە کێشی ٤٠ کیلۆگرەم ناسر محەممەدی

ئەو یاریزانانەش لە کێبڕکێکەدا پلەی دووهەمیان وەدەس هێا؛

لە کێشی٥١ کیلۆگرەم، پێژمان رەسوڵزادە
لە کێشی ٢٨ کیلۆگرەم هیوا وریاو پێشەوا رەحمەتی
لە کێشی ٤٦ کیلۆگرەم وەفا یۆسفی
لە کێشی ٢٧ کیلۆگرەم ڕێکان حەسەن

## بەشداری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فستیڤاڵی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئوتریش دا

ناوەندی هەواڵ- ئوتریش: لە ڕۆژەکانی ١ و٢ مانگی سێپتامبری ٢٠١٢ فیستڤاڵی ساڵانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئوتریش لە شاری ڤییەن پێتەختی ئەم وڵاتە بە بە شداریی سەدان ستاندی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو. هاوڕێیانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە کۆمیتەی ئوتریش بە پشتیوانی و هاوکاریی دۆستان و لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتە، توانیان بە سەرکەوتوانە لەو فیستیڤاڵە دا بەشداری بکەن. ستادی کۆمیتەی حدک لە ڕیزی ئەو ستاندانە دابوو کە سەرنجی خەڵکانێکی زۆریان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا ستاندی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکرات نەک هەر جێگای سەرنجی خەڵکێکی زۆری خاریجی بوو کە بە پێی مەزندە دەیان هەزار کەس بەشداری ئەم فیستیڤاڵە بوون، بەڵکو ناوەندێکی بە یەک گەیشتنەوە و حەسانەوەی کوردستانیانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەش بوو، کە لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا سەردانی ستاندی کۆمیتەیان کرد و زۆرێکیش لە وان بە دڵەوە لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکاندا بەشداریان کرد کە بوو بە مایەی خۆشحاڵیی ئەندامانی کۆمیتە و دۆستانی حیزب.

لە ماوەی ئەم فیستیڤاڵەدا تێکۆشەرانی دیمۆکرات توانیان لەگەڵ سەدان کەس ڕاستەوخۆ بکەونە باس و لێدوان و لە هەمووی ئەو پێوەندیانە دا، زانیارییان لە سەر کوردستان و هەڵسوکەوتی دژە مرۆیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە خەڵکی کوردستان، پێشکەشی هۆگران و بینەران کرد. ستاندی کۆمیتەی حدک بە هۆی دروست کردنی نان و کەلانەی کوردی لە ناوەندی ستاندەکە و هەروەها بوونی خواردنی کوردی و کەلوپەلی



کوردەواری ببووە جێگای سەرنجی بەشداران.

شیاوی ئاماژەیە کە ژنانی ئەندام و دۆست و لاینگری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم وڵاتە بەماندوو بوونێکی زۆر توانیان ڕەسەنایەتی و دەولەمەندیی کولتووری نەتەوەکەیان بە هەزاران کەس نیشان بدەن. ستاندی حیزب یەکێک لە ڕازاوەترین ستاندەکان بوو کە بە چەندین ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بە ئارمی حیزب و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و زانیاری لە سەر کورد و کوردستان ڕازابووەوە.

## یەکەمین مانگپێوی جیهان نیل ئارمسترانگ کۆچی دوایی کرد

نیل ئارمسترانگ، یەکەم مرۆڤێک کە پێ لەسەر گۆی مانگ دانا، لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

«نیل ئارمسترانگ»، یەکەمین مرۆڤێک کە وەکوو کەشوان لە ٤٣ ساڵ پێش ئەمڕۆ پێ لەسەر گۆی مانگ دانا ڕۆژی شەممە ٢٥ی ئەگێست/ ٤ی خەرمانان بەهۆی ئەخۆشی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

بنەماڵەی ئارمسترانگ لەمبارەوە ڕایانگەیاند: نیل ئارمسترانگ ڕێک دوو ڕۆژ پێش جێژنی لەدایکبوونی نەشتەرگەری دڵی بۆ کرا و بەهۆی پاشهاتەکانی ئەو نەشتەرگەرییەوە لە تەمەنی ٨٢



ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

نیل ئارمسترانگ لە ڕۆژی ٢٢ی جوولای ساڵی ١٩٦٩ وەکوو فەرماندەی کەشپێوی ئاپۆلۆ بۆ ١١ مانگ سەفەری کرد و وەکوو یەکەم مرۆڤێک کە پێ لەسەر مانگ دانا ناوی لە مێژوو تۆمار کرا.

ئارمسترانگ لەو کاتەدا لەبارەی ئەم کارەی خۆی وتی: ئەمە کارێکی بچووکە بۆ مرۆڤ، بەڵام بە پێشکەوتنێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار.

لە هەمان حاڵدا باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا بە دەرکردنی بەیاننامەیەک وێڕای سەرەخۆشی کردنی کۆچی دوایی ئەم کەشوانە ئەمەریکاییە ڕایگەیاند: ئارمسترانگ قارەمانێکی هەڵکەوتووی مێژوویی ئەمەریکا بوو و ئەو سەرکەوتنەی کە بۆ مرۆڤایەتی تۆماری کرد هەرگیز لە یاد ناچێتەوە.

نیل ئارمسترانگ لە دایکبووی ٥ی ئەگۆستی ساڵی ١٩٣٠ لە ئەیالەتی ئۆهایۆی ئەمەریکا، کەشوانی ناسا، ئەندازیاری گەردوونناسی، مامۆستای زانکۆ و فڕۆکەوانی هێزی دەریایی ئەمەریکا بوو.

## ١٢ گۆڕی کەونار لە ناوچەی سەقز دۆزرایەوە



١٢ گۆڕی مێژوویی لە ناوچەی کاپڵانیی شاری سەقز دۆزرایەوە. بەرپرسی ئیدارەی میراتی کلتووری پارێزگای سنە لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە، تا ئێستا نزیک بە ٣٠ لاشە کە پێشینەیان بۆ هەزارەی یەکەمی پێش لە زایین دەگەڕێتەوە لەم گۆڕانەدا دۆزراونەتەوە کە دەری دەخات لە هەر گۆڕێک دا ٢ تا سێ تەرم نێژراون.

ئەمیر ئیلاهی، بەرپرسی ئیدارەی میراتی کلتووری پارێزگای سنە دەڵێ، ئەو گۆڕانەی دۆزراونەتەوە لە ڕووی ئەندازیارییەوە بە دوو دەستەی دەسچن و بەردچن دێنە ئەژمار کە تەعبیر لە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم مردووانە دەکات.

ناوبراو وێڕای ئاماژەدان بە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لە سەر ئەم تەرمانە کە دەرکەوتووە زۆربەیان ژن بوو، دەڵی لەم گۆڕانەدا هێندێک شت و مەکی جوانی وەک مرواری، وەسایلی جوانکاری ژنان دۆزراونەتەوە.

شارستانی سەقز بە پێشینەیەکی سێ هەزار ساڵەوە، خاوەنی گەلێک ئاسەواری مێژووی بە نرخە کە تا ئێستا ١٤٥ ئاسەواری مێژوویی بە نرخ لە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەییەکانی ئێران دا تۆمار کراون.

